# زمان و ویژەی کوردی

## پۆلی/ دوازدەیەمی ئامادەیی

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستای وانە : م. ڕێبوار جەمال سەگرمە

2010



**ماموّستا رێبوار جەمال سەگرمە**

**لەدایکبووی** 1975

**گەڕەکی سەرشەقام/ سلێمانی/ باشووری کوردستان**

**بەکالۆریۆس لە زمان و وێژەی کوردی**

**زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی**

**دەرچووی ساڵی** 1997 – 1998

**کاری ئێستای/ مامۆستای قۆناغی ئامادەییە لە شاری سلێمانی**

هەوالنامەی کتێب

**کەناڵی تایبەتی لە (youtube) بە ناونیشانی** Rebwar Jamal Sagirma

**لەم کەناڵە تایبەتەوە، کۆمەڵێك ڤیدیۆی بێبەرامبەری پێشکەش بە ڕووناکبیران و خوێندکارانی کورد کردووە، لەسەر بابەتەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی دوازدەی ئامادەیی، هەروەها دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێك ڤیدیۆی تایبەت بە کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی کورد.**

تێبینی/ ئامادەکار ئەم بابەتەی لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی (دوازدەیەمی ئامادەیی)، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

# ناوەرۆکی بابەتەکانی بەشی ڕێزمان

یەکەم/ شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن ........................................................ 2
دووەم/ شێوازی ڕێژەی دانانی ........................................................ ١٠
سێیەم/ شێوازی ڕێژەی داخوازی ........................................................ 1٥
چوارەم/ شێوازی مەرجی (ڕستەی ئاوێتەی مەرج) ...................................... ١٨
پێنجەم/ کاری چاوگی بوون ........................................................ 2٠
شەشەم/ ئەرکی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا ........................................... ٢٤
حەوتەم/ ئەرکی جێناوی کەسی لکاو وەکو بکەر ...................................... 26
هەشتەم/ ئەرکی جێناوی کەسی لکاو وەکو بەرکار ...................................... 30
نۆیەم/ ئەرکی جێناوی کەسی لکاو وەکو تەواوکەری بەیاریدە ....................... 33
دەیەم/ هاوەڵناو لە ڕووی بنچینەی وشەکانییەوە (ڕۆنان)ەوە ....................... 36
یازدەیەم/ جۆرەکانی هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە (ڕۆنان)ەوە ......................... 41
دوازدەیەم/ ڕادە ........................................................................... 43
سیازدەیەم/ ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو ................................. 46
چواردەیەم/ ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو ............................. 50
پازدەیەم/ ئەرکی جێناوی کەسی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو ........... 53
شازدەیەم/ ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو ................. 55
وەڵامی پرسیارەکانی بەشی ڕێزمان ...................................................... 59

# شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن

ڕێژەی ڕاگەیاندن: بۆ گەیاندنی هەواڵ، ڕاستەوخۆ لە کار و حاڵی کەسێك یان شتێك بەکاردێت. گومان لەوەدا نییە کە کارەکە گەیشتۆتە ئەنجام یان نەگەیشتووە، لەم شێوازەدا، ئەم ڕێژەی کارانە بەکاردێ:

(ڕێژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن)

## یەکەم/ ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن:

یاسا ((چاوگ – نوونی چاوگ = (قەد) ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن))

| چاوگی تێپەڕ | قەد | (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) ئەرێ | | | نەرێ | بکەرنادیار ئەرێ | بکەر نادیار نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کردن | کرد | کردم<br>کردمان | کردت<br>کردتان | کردی<br>کردیان | نەمان کرد | کرا | نەکرا |
| هەڵبژاردن | هەڵبژارد | هەڵم بژارد<br>هەڵمان بژارد | هەڵت بژارد<br>هەڵتان بژارد | هەڵی بژارد<br>هەڵیان بژارد | هەڵمان نەبژارد | هەڵبژێررا | هەڵنەبژێررا |
| پێچانەوە | پێچا ەوە | پێچامەوە<br>پێچامانەوە | پێچاتەوە<br>پێچاتانەوە | پێچایەوە<br>پێچایانەوە | نەمان پێچایەوە | پێچرایەوە | نەپێچرایەوە |
| دروستکردن | دروستکرد | دروستم کرد<br>دروستمان کرد | دروستت کرد<br>دروستتان کرد | دروستی کرد<br>دروستیان کرد | درووستمان نەکرد | درووستکرا | درووستنەکرا |

| چاوگی تێنەپەڕ | قەد | قەد ((ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) ئەرێ | | | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕۆیشت | ڕۆیشتم<br>ڕۆیشتین | ڕۆیشتیت<br>ڕۆیشتن | ڕۆیشت Ø<br>ڕۆیشتن | نەڕۆیشتین |
| دەرچوون | دەرچوو | دەرچووم<br>دەرچووین | دەرچوویت<br>دەرچوون | دەرچوو Ø<br>دەرچوون | دەرنەچووین |
| چوونەوە | چووەوە | چوومەوە<br>چووینەوە | چوویتەوە<br>چوونەوە | چوو Ø ەوە<br>چوونەوە | نەچووینەوە |
| سەرکەوتن | سەرکەوت | سەرکەوتم<br>سەرکەوتین | سەرکەوتیت<br>سەرکەوتن | سەرکەوت Ø<br>سەرکەوتن | سەرنەکەوتین |

کاری ڕابردوو بە (نە) نەرێ دەکرێ.

لە کاری تێنەپەڕ بکەرنادیار درووستناکرێت.

## دووەم/ ا: ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن ( لە شێوەزاری کرمانجی خواروو ) دا :

یاسا　(دە + قەد　یان　ڕابردووی نزیك)

| چاوگی تێپەڕ | قەد | دە + قەد (ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ) ئەری | | | نەری | بکەر نادیار ئەری | بکەر نادیار نەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کردن | کرد | دەمکرد | دەتکرد | دەیکرد | نەمان دەکرد | دەکرا | نەدەکرا |
| | | دەمان کرد | دەتان کرد | دەیان کرد | | | |
| کردنەوە | کردەوە | دەمکردەوە | دەتکردەوە | دەیکردەوە | نەمان دەکردەوە | دەکرایەوە | نەدەکرایەوە |
| | | دەمان کردەوە | دەتان کردەوە | دەیان کردەوە | | | |
| هەڵپێچانەوە | هەڵپێچا وە | هەڵم دەپێچایەوە | هەڵت دەپێچایەوە | هەڵی دەپێچایەوە | هەڵمان نەدەپێچایەوە | هەڵدەپێچرایەوە | هەڵنەدەپێچرایەوە |
| | | هەڵمان دەپێچایەوە | هەڵتان دەپێچایەوە | هەڵیان دەپێچایەوە | | | |
| لەسەرکردن | لەسەرکرد | لەسەرم دەکرد | لەسەرت دەکرد | لەسەری دەکرد | لەسەرمان نەدەکرد | لەسەردەکرا | لەسەرنەدەکرا |
| | | لەسەرمان دەکرد | لەسەرتان دەکرد | لەسەریان دەکرد | | | |

| چاوگی تێنەپەڕ | قەد | دە + قەد + (ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی تێنەپەڕ) ئەری | | | نەری |
|---|---|---|---|---|---|
| چوون | چوو | دەچووم | دەچوویت | دەچووØ | نەدەچووین |
| | | دەچووین | دەچوون | دەچوون | |
| هاتنەوە | هاتەوە | دەهاتـمەوە | دەهاتیتەوە | دەهات Ø وە | نەدەهاتنەوە |
| | | دەهاتینەوە | دەهاتنەوە | دەهاتنەوە | |
| دەرچوون | دەرچوو | دەردەچووم | دەردەچوویت | دەردەچووØ | دەرنەدەچووین |
| | | دەردەچووین | دەردەچوون | دەردەچوون | |
| دەربازبوون | دەربازبوو | دەربازدەبووم | دەربازدەبوویت | دەربازدەبوو Ø | دەربازنەدەبووین |
| | | دەربازدەبووین | دەربازدەبوون | دەربازدەبوون | |

لە هەندێ جار لە شێوەزاری کرمانجی خواردوودا، لە بری نیشانەی (دە)، نیشانەی (ئە) بەکاردێت. نموونە: دەکەم = ئەکەم

ب: ڕێژەی ڕابردووی بەردەوام ڕاگەیاندن (لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو) دا:

نیشانەی ڕابردووی بەردەوام لە شێوەزاری کرمانجی خواروودا (دە)یە، بەڵام لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا دەگۆڕدرێت بە (د).

| چاوگی سادە | قەدی چاوگی سادە | د + قەدی چاوگی سادە |
|---|---|---|
| نفیسین | نفیسی | دنفیسی |

| چاوگی ناسادە | قەدی چاوگی ناسادە | بەشی یەکەمی کار + د + قەدی چاوگی ناسادە |
|---|---|---|
| ئاڤاکرن | ئاڤاکر | ئاڤادکر |

## سێیەم/ ڕێژەی رابردووی تەواوی ڕاگەیاندن:

**یاسا (قەد + وە - ووە) بۆ کرمانجی خواروو**

**یە —ییە بۆ کرمانجی ژووروو**

| چاوگی تێپەڕ | قەد | قەد+ وە - ووە ئەرێ | | | نەری | بکەر نادیار ئەرێ | بکەر نادیار نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووسی | نووسیومە | نووسیوتە | نووسیویەتی | نەمان نووسیوە | نووسراوە | نەنووسراوە |
| | | نووسیومانە | نووسیوتانە | نووسیویانە | | | |
| هەڵبژاردن | هەڵبژارد | هەڵم بژاردووە | هەڵت بژاردووە | هەڵی بژاردووە | هەڵمان نەبژاردووە | هەڵبژێرراووە | هەڵنەبژێرراووە |
| | | هەڵمان بژاردووە | هەڵتان بژاردووە | هەڵیان بژاردووە | | | |
| پێچانەوە | پێچا وە | پێچاومەتەوە | پێچاوتەتەوە | پێچاویەتەوە | نەمان پێچاوەتەوە | پێچراوەتەوە | نەپێچراوەتەوە |
| | | پێچاومانەتەوە | پێچاوتانەتەوە | پێچاویانەتەوە | | | |
| دروووستکردن | دروووستکرد | دروستم کردووە | دروستت کردووە | دروستی کردووە | دروستمان نەکردووە | دروستکراوە | دروستنەکراوە |
| | | دروستمان کردووە | دروستتان کردووە | دروستیان کردووە | | | |

ا/ نیشانەی (ووە) بۆ ئەو کارانە بەکاردێ، کە قەدەکانیان بە پیتی (د، ت) کۆتایی هاتووە، هەروەها نیشانەی (وە)، بۆ ئەو کارانە بەکاردێ، کە قەدەکانیان بە پیتی (ا، ی، و) کۆتاییان هاتووە.

ب/ لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، لە بری نیشانەی (وە)، نیشانەی (یە) بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن بەکاردێ:

نموونە: هاتووە: هاتییە. چاندووە: چاندییە.

ئەگەر لە چاوگی سادە، ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دروستبکەین، جێناوی لکاو دەچێتە نێوان (وە)ی نیشانەی تەواوەکەوە، واتە: دووکەری دەکات.

| چاوگی تێنەپەڕ | قەد | قەد + وە - ووە ئەرێ | | | نەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕۆیشت | ڕۆیشتوومە | ڕۆیشتوویتە | ڕۆیشتووØە | نەڕۆیشتووینە |
| | | ڕۆیشتووینە | ڕۆیشتوونە | ڕۆیشتوونە | |
| هاتنەوە | هاتەوە | هاتوومەتەوە | هاتوویتەتەوە | هاتووØەتەوە | نەهاتووینەتەوە |
| | | هاتووینەتەوە | هاتوونەوە | هاتوونەوە | |
| هەڵچوون | هەڵچوو | هەڵچوومەتەوە | هەڵچوویتەتەوە | هەڵچووØەتەوە | هەڵنەچووینەتەوە |
| | | هەڵچووینەتەوە | هەڵچوونەتەوە | هەڵچوونەتەوە | |
| نەخۆشکەوتن | نەخۆشکەوت | نەخۆشکەوتوومە | نەخۆشکەوتوویتە | نەخۆشکەوتووØە | نەخۆشنەکەوتوومە |
| | | نەخۆشکەوتووینە | نەخۆشکەوتوونە | نەخۆشکەوتوونە | |

**تێبینی/ لە کرمانجی ژووروودا، بەم شێوەیە:**

| چاوگی سادە | قەدی چاوگی سادە | قەدی چاوگی سادە + یە ، ییە |
|---|---|---|
| نڤستن | نڤست | نڤست + ییە = نڤستییە |
| خاستن | خاست | خاست + ییە = خاستییە |
| نڤیسین | نڤیسی | نڤیسی + یە = نڤیسییە |

## چوارەم/ ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن:

**یاسا / قەد + بوو = ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن**

| چاوگی تێپەڕ | قەد | قەد + بوو ئەرێ | | | نەرێ | بکەر نادیار ئەرێ | بکەر نادیار نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووسی | نووسیبووم<br>نووسیبوومان | نووسیبووت<br>نووسیبووتان | نووسیبووی<br>نووسیبوویان | نەمان نووسیبوو | نووسرابوو | نەنووسرابوو |
| هەڵبژاردن | هەڵبژارد | هەڵم بژاردبوو<br>هەڵمان بژاردبوو | هەڵت بژاردبوو<br>هەڵتان بژاردبوو | هەڵی بژاردبوو<br>هەڵیان بژاردبوو | هەڵمان<br>نەبژاردبوو | هەڵبژێررابوو | هەڵنەبژێررابوو |
| هۆنینەوە | هۆنیەوە | هۆنیبوومەوە<br>هۆنیبوومانەوە | هۆنیبووتەوە<br>هۆنیبووتانەوە | هۆنیبوویەوە<br>هۆنیبوویانەوە | نەمان<br>هۆنیبووەوە | هۆنرابووەوە | نەهۆنرابووەوە |
| دروستکردن | دروستکرد | دروستم کردبوو<br>دروستمان کردبوو | دروستت کردبوو<br>دروستتان کردبوو | دروستی کردبوو<br>دروستیان کردبوو | دروستم<br>نەکردبوو | دروستکرابوو | درووستنەکرابوو |

| چاوگی تێنەپەڕ | قەد | قەد + بوو ئەرێ | | | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕۆیشت | ڕۆیشتبووم<br>ڕۆیشتبووین | ڕۆیشتبوویت<br>ڕۆیشتبوون | ڕۆیشتبوو Ø<br>ڕۆیشتبوون | نەڕۆیشتبووین |
| هاتنەوە | هاتەوە | هاتبوومەوە<br>هاتبووینەوە | هاتبوویتەوە<br>هاتبوونەوە | هاتبووØەوە<br>هاتبوونەوە | نەهاتبووینەوە |
| هەڵهاتن | هەڵهات | هەڵهاتبووم<br>هەڵهاتبووین | هەڵهاتبوویت<br>هەڵهاتبوون | هەڵهاتبوو Ø<br>هەڵهاتبوون | هەڵنەهاتبووین |
| تێربوون | تێربوو | تێربووبووم<br>تێربووبووین | تێربووبوویت<br>تێربووبوون | تێربووبوو Ø<br>تێربووبوون | تێرنەبووبووم |

**تێبینی/ دەتوانین لە چاوگی (بوون) ڕیژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن دروستبکەین.**

| ژ | چاوگی (بوون) | جۆری کار |
|---|---|---|
| 1 | بوو | ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن |
| 2 | بوو وە | ڕابردووی تەواو ڕاگەیاندن (تێبینی: یەك دانە لە (و)ەكان لادەبرێ) |
| 3 | دەبوو | ڕابردووی بەردەوام ڕاگەیاندن |
| 4 | بووبوو | ڕابردووی دوور ڕاگەیاندن |
| 5 | دەبم | ڕانەبردووی ڕاگەیاندن |

**ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن (کرما نجی خواروو):**

**یاسا (دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاو م –ین، یت – ن، ات ێت - ن)**

**کاری ڕانەبردوو لە (ڕەگی کار یان ڕەگی چاوگ) دروستدەکرێت.**

| چاوگی تێپەڕ | ڕەگ | دە+ ڕەگی کار ئەری | | | نەری | بکەر نادیار ئەری | بکەر نادیار نەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووس | دەنووسم | دەنووسیت | دەنووسێت | نا[1]نووسین | دەنووسرێ | نانووسرێ |
| | | دەنووسین | دەنووسن | دەنووسن | | | |
| هەڵبژاردن | هەڵ بژێر | هەڵدەبژێرم | هەڵدەبژێریت | هەڵدەبژێرێت | هەڵنابژێرین | هەڵدەبژێررێ | هەڵنابژێررێ |
| | | هەڵدەبژێرین | هەڵدەبژێرن | هەڵدەبژێرن | | | |
| هۆنینەوە | هۆن ەوە | دەهۆنمەوە | دەهۆنیتەوە | دەهۆنێتەوە | ناهۆنینەوە | دەهۆنرێتەوە | ناهۆنرێتەوە |
| | | دەهۆنینەوە | دەهۆننەوە | دەهۆننەوە | | | |
| لەسەرکردن | لەسەر کە | لەسەردەکەم | لەسەردەکەیت | لەسەردەکات | لەسەر ناکەین | لەسەردەکرێ | لەسەر ناکرێ |
| | | لەسەردەکەین | لەسەردەکەن | لەسەردەکەن | | | |

| چاوگی تێنەپەڕ | ڕەگ | دە+ ڕەگی کار ئەری | | | نەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕۆ | دەڕۆم | دەڕۆیت | دەڕوات | ناڕۆین |
| | | دەڕۆین | دەڕۆن | دەڕۆن | |
| چوون | چ | دەچم | دەچیت | دەچێت | ناچێت |
| | | دەچین | دەچن | دەچن | |
| چوونەوە | چ ەوە | دەچمەوە | دەچیتەوە | دەچێتەوە | ناچێتەوە |
| | | دەچینەوە | دەچنەوە | دەچنەوە | |
| تێربوون | تێر ب | تێردەبم | تێردەبیت | تێردەبێت | تێرنابین |
| | | تێردەبین | تێردەبن | تێردەبن | |

[1]- کاری ڕانەبردوو بە (نا) نەری دەکری.

تێبینی/ ڕیژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆ کەسی سێیەمی تاك، دوو جێناوی لکاوی هەیە، (ات، ێت)، بەپێی پیتی کۆتایی ڕەگەکە دادەنرێت:

یەکەم/ ئەو ڕەگی کارەی کە ڕیژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن لێدروستدەکرێت، گەر بە پیتی بزوێنی (ە، ۆ) کۆتایی هات، جێناوی لکاوی (ات)، بۆ کەسی سێیەمی تاکی لەگەڵ بەکاردێت، (ە) پیتی بزوێنی کورتی ڕەگی کارەکە لادەبرێت، چونکە دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەت.

| چاوگ | ڕەگی کار | ڕیژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن |
|---|---|---|
| بردن | بە | دەبات |
| شتن | شۆ | دەشوات |

دووەم/ ئەو ڕەگی کارەی کە ڕیژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن لێدروستدەکرێت، گەر بە پیتی بزوێنی (ە، ۆ) کۆتایی نەهاتبوو، بە هەر پیتێکی تر کۆتایی هاتبوو، جێناوی لکاوی (ێت)، بۆ کەسی سێیەمی تاکی لەگەڵ بەکاردێت.

| چاوگ | ڕەگی کار | ڕیژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن |
|---|---|---|
| نووسین | نووس | دەنوسێت |
| ڕشتن | ڕێژ | دەڕێژێت |

ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن (کرمانجی ژووروو):

نیشانەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن لە کرمانجی خواروودا (دە)یە، بەڵام لە کرمانجی ژوورووداا، بەم شێوەیەیە:

| بۆ دەمی ئێستا (د) | یاسا | ( د +ڕەگی کار + جێناوی لکاو ) | نموونە: | ئەز دچم بۆ دهۆك. |
|---|---|---|---|---|
| بۆ دەمی ئایندە (دێ) | یاسا | ( دێ + ڕەگی کار + جێناوی لکاو ) | نموونە: | ئەز دێچم بۆ دهۆك. |

**تێبینی**/ کاری ڕانەبردوو لە کرمانجی خوارووودا، بۆ دەمی (ئێستا و ئایندە)، بە هۆی هاوەڵکاری کاتییەوە جیادەکرێتەوە.

**تێبینی/ جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕستەیە چییە؟**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | وانەکەیان دەخوێند. | وانەکە دەخوێنرێت. |
| 2 | بکەر کۆمەڵەی (م مان – ت تان – ی یان) | بکەر کۆمەڵەی (م ین – یت ن – ات ێت ن) |
| 3 | بکەر چۆتە سەر بەرکار. | بکەر چۆتە کۆتایی کار. |
| 4 | کار ڕابردووی تێپەڕە. | کار ڕانەبردووی تێنەپەڕە. |
| 5 | کار لە (قەد) دروستکراوە. | کار لە (ڕەگ) دروستکراوە. |
| 6 | کار بە (نە) نەرێ کراوە. | کار بە (نا) نەرێ کراوە. |

تێبینی: چاوگی (ویستن) چاوگێکە کاتێك ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن لێدروستدەکرێت، لە بری جێناوی کۆمەڵەی دووەم (م-ین، یت-ن، ات ێت-ن)، کۆمەڵە جێناوی کۆمەڵەی یەکەم (م مان، ت تان، ی یان) دەردەگرێت.

نموونە: ویستن    دەمەوێ    دەمانەوێ    دەتەوێ    دەتانەوێ    دەیەوێ    دەیانەوێ

## شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن ( بەشێوەی پرسیا و وەڵام )

1-شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن: بریتییە لەو ڕێژەیەی کار، کە بۆ خەبەردان لە کار و کردەوەی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت؟

Aگومان لەوەدا نییە، کە کارەکە بە ئەنجام گەیشتووە یان نەگەیشتووە		Bگومان لەوەدانییە کە بە ئەنجام ناگات.

C بۆ حەزوو ئارەزوو بەکاردێت		D بۆ حەز و ئارەزوو بەکارنایەت

2- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، بە پێی کام لەم یاسایانە دروستدەکرێت؟

Aدە + قەد		Bقەد + بوو

C چاوگ – ن = قەد		D دە + ڕەگ + جێناوی لکاو

3- کارێکی سادەی نەرێی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە؟

Aنەمان برد		Bنووسرا

C نەمان دەنووسی		Dبردمان

4- ڕێژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن (نزیك، تەوا، بەردەوام و دوور)، بە چ ئامرازێك نەرێ دەکرێ؟

A نا		Bمە		C نە		D نی

5- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ئەرێ، پێکهاتەی کام کارەیە؟

Aهەڵم بژارد		Bهەڵنەبژارد

C سەرکەوتبێت		D سەرکەوتبوو

6- لە کاری ناسادەی تێپەڕ (داڕێژراو) بە پێشگر، ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندندا، جێناوی لکاو دەچێتە کوێی کارەکەوە؟

A سەرەتای کار		Bناوڕاستی کار

C بەشی یەکەمی کار		D کۆتایی کار

7- کام لەم نیشانانە بچنە سەر ڕەگی کاری تێپەڕ، لە ڕابردووی ڕاگەیاندندا، کارەکە دەگۆڕن بە بکەرنادیار؟

A ڕێ		Bڕا		Cوە		D اند

8- یاسای ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن پێکدێت لە؟

Aقەد + وە ، ووە		Bقەد + بوو		Cدە + قەد یان ڕابردووی نزیك		D قەد

9- کام لەم کارانە ڕابردووی نەرێی بکەرنادیاری ڕاگەیاندنن؟

Aلەسەرت دەکرد		Bلەسەر نەدەکرد		C لەسەردەکرا		D لەسەرنەئەکرا

10- یاسای چ ڕێژەیەکی کارە (قەد + وە ، ووە)؟

Aڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن		B ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن

C ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن		D ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاند

11- کاری (خاستییە)، چ ڕێژەیەکە؟

Aڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن		Bڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن

C ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن		D ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن

12- لە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندندا، کەی نیشانەی (وە) بەکاردێت؟

Aکاتێك قەدی چاوگ بە پیتی بزوێنی (ا،و،ی) کۆتایی هاتبێت		B کاتێك قەدی چاوگ بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت

Cکاتێك کار بە (اندن) کۆتایی هاتبێت.		D کاتێك قەدی چاوگ بە پێتی نەبزوێنی (د، ت) کۆتایی هاتیبێت.

13- ئەگەر لە چاوگی سادە، ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن درووستبکەین، جێناوی لکاو دەچێتە کوێ؟

Aنیشانەی (وە)ی ڕابردووی تەواو دووکەرت دەکات و دەچێتە ناوڕاستی

Bدەچێتە پێش نیشانەی (وە)

C دەچێتە دوای نیشانەی (وە).

D دەچێتە سەرەتای کار

14- (هاتوینەتـــەوە) ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن (ت) هێڵ بەژێرداهاتووەکە چییە؟

Aجێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك.

Bناوبەند

C خستنەسەر

D پەیوەندی

15- کام لەمانە یاسای ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە؟

Aقەد + بووبا.

Bقەد + بوو

C دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاو (م ، ین)

D دە + قەد

16- ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، بەچ ئامرازێك نەرێ دەکرێت؟

Aنا

Bنە

Cمە

D نی

17- ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، کاتێك نەریی دەکرێ، نیشانەی نەرێکە دەچێتە جێگەی چی؟

Aدەچێتە کۆتایی کار

Bدەچێتە سەرەتای کار

C دەچێتە سەر بەشی یەکەمی کار

D دەچێتە شوێنی نیشانەی (دە)ی ڕانەبردووە

18- لە ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندندا، کەی جێناوی لکاو (ات) بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکاردێت؟

Aکاتێك ڕەگی کار بە پیتی بزوێنی (ە، ۆ) کۆتایی هاتبێت.

Bکاتێك بە پیتی بزوێنی (ە، ۆ) کۆتایی نەهاتبێت

C کاتێك بە پیتی بزوێنی (ا،و،ێ) کۆتایی هاتبێت

D کاتێك بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبێت

19- لە ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندندا، لە کرمانجی ژووروودا، بۆ دەمی ئایندە، نیشانەی (دە) دەبێت بە چی؟

Aیە – بیە

Bدێ

C وە

D د

20-کار لە ڕووی هێزەوە دابەشدەبێت بۆ؟

Aتێپەڕ و تێنەپەڕ

Bسادە و ناسادە

C ڕابردوو و ڕانەبردوو

D ڕاگەیاندن و داناانی و داخوازی

21- کار لە ڕووی پێکهاتنەوە (دارشتن) دابەشدەبێت بۆ؟

Aتێپەڕ و تێنەپەڕ

Bسادە و دارێژراو و لێکدراو

C ڕابردوو و ڕانەبردوو

D ڕاگەیاندن و داناانی و داخوازی

22- کار لە ڕووی شێوازەوە دابەشدەبێت بۆ؟

Aڕاگەیاند و داناانی و داخوازی و مەرجی

Bتێپەڕ و تێنەپەڕ

C سادە و دارێژراو و لێکدراو

Dڕابردوو و ڕانەبردوو

23- کار لە ڕووی دەمەوە دابەشدەبێت بۆ؟

Aڕاگەیاند و داناانی و داخوازی و مەرجی

Bتێپەڕ و تێنەپەڕ

C سادە و دارێژراو و لێکدراو

D ڕابردوو و ڕانەبردوو

24- کار لە ڕووی ڕێژەی ڕاگەیاندنەوە دابەشدەبێت بۆ؟

Aنزیك تەواو دوور بەردەوام

Bتێپەڕ و تێنەپەڕ

C سادە و دارێژراو و لێکدراو

D ڕابردوو و ڕانەبردوو

## شێوازی ڕێژەی دانانی

**ڕێژەی دانانی:** ئەو ڕێژەیەیە، کە کارەکە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵەی دەداتە پاڵ کەسێك یان شتێك نادابەدەستەوە، واتاکە لە شێوەی گومان، ئاوات و ئارەزوودا دەردەکەوێ.

### یەکەم/ ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی:

یاسا (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + با) یان (قەد+ با)

| چاوگی تێپەڕ | قەد | قەد + با ئەرێ | | | نەرێ | بکەر نادیار ئەرێ | بکەر نادیار نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووسی | نووسیبام | نووسیبات | نووسیبای | نەمان نووسیبا | نووسرابا | نەنووسرابا |
| | | نووسیبامان | نووسیباتان | نووسیبایان | | | |
| وەرگرتن | وەرگرت | وەرم گرتبا | وەرت گرتبا | وەری گرتبا | وەرمان نەگرتبا | وەرگیرابا | وەرنەگیرابا |
| | | وەرمان گرتبا | وەرتان گرتبا | وەریان گرتبا | | | |
| گرتنەوە | گرتەوە | گرتبامەوە | گرتباتەوە | گرتبایەوە | نەمان گرتبایەوە | گیرابایەوە | نەگیرابایەوە |
| | | گرتبامانەوە | گرتباتانەوە | گرتبایانەوە | | | |
| ئازادکردن | ئازادکرد | ئازادم کردبا | ئازادت کردبا | ئازادی کردبا | ئازادمان نەکردبا | ئازادکرابا | ئازادنەکرابا |
| | | ئازادمان کردبا | ئازادتان کردبا | ئازادیان کردبا | | | |

| چاوگی تێنەپەڕ | قەد | ئەرێ | | | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| هاتن | هات | هاتبام | هاتبایت | هاتبا Ø | نەهاتبام |
| | | هاتباین | هاتبان | هاتبان | |
| گەڕانەوە | گەڕا وە | گەڕابامەوە | گەڕابایتەوە | گەڕاباØیەوە | نەگەڕابایەوە |
| | | گەڕابایینەوە | گەڕابانەوە | گەڕابانەوە | |
| دانیشتن | دانیشت | دانیشتبام | دانیشتبایت | دانیشتباØ | دانەنیشتبام |
| | | دانیشتباین | دانیشتبان | دانیشتبان | |

## دووەم/ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی:

**یاسا (قەدی چاوگ + بێت)**

| چاوگی تێپەڕ | قەد | ئەرێ قەد + بێت | | | نەرێ | بکەر نادیار ئەرێ | بکەر نادیار نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووسی | نووسیبێتم | نووسیبێتت | نووسیبێتی | نەمان نووسیبێت | نووسرابێت | نەنووسرابێت |
| | | نووسیبێتمان | نووسیبێتتان | نووسیبێتیان | | | |
| وەرگرتن | وەرگرت | وەرم گرتبێت | وەر ت گرتبێت | وەری گرتبێت | وەرمان نەگرتبێت | وەرگیرابێت | وەرنەگیرابێت |
| | | وەرمان گرتبێت | وەرتان گرتبێت | وەریان گرتبێت | | | |
| دۆزینەوە | دۆزی ەوە | دۆزیبێتمەوە | دۆزیبێتتەوە | دۆزیبێتیەوە | نەمان دۆزیبێتەوە | دۆزرابێتەوە | نەدۆزرابێتەوە |
| | | دۆزیبێتمانەوە | دۆزیبێتتانەوە | دۆزیبێتیانەوە | | | |
| بەسەربردن | بەسەربرد | بەسەرم بردبێت | بەسەرت بردبێت | بەسەری بردبێت | بەسەرمان نەبردبێت | بەسەربرابێت | بەسەرنەبرابێ ت |
| | | بەسەرمان بردبێت | بەسەرتان بردبێت | بەسەریان بردبێت | | | |

| چاوگی تێنەپەڕ | قەد | ئەرێ قەد + بێت | | | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕۆیشت | ڕۆیشتبێتم | ڕۆیشتبێتیت | ڕۆیشتبێت Ø | نەڕۆیشتبێتم |
| | | ڕۆیشتبێتین | ڕۆیشتبێتن | ڕۆیشتبێتن | |
| هاتنەوە | هات ەوە | هاتبێتمەوە | هاتبێتیتەوە | هاتبێت Øەوە | نەهاتبێتمەوە |
| | | هاتبێتینەوە | هاتبێتنەوە | هاتبێتنەوە | |
| هەڵچوون | هەڵچوو | هەڵچووبێتم | هەڵچووبێتیت | هەڵچووبێت Ø | هەڵنەچووبێتم |
| | | هەڵچووبێتین | هەڵچووبێتن | هەڵچووبێتن | |

## سێیەم/ ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی:

### یاسا ( قەد+ بووبا )

| چاوگی تێپەڕ | قەد | قەد + بووبا ئەرێ | | | نەرێ | بکەر نادیار ئەرێ | بکەر نادیار نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕین | بڕی | بڕیبووبام | بڕیبووبات | بڕیبووبای | نەمبڕیبووبا | بڕڕابووبا | نەبڕڕابووبا |
| | | بڕیبووبامان | بڕیبووباتان | بڕیبووبایان | | | |
| وەرگرتن | وەرگرت | وەرم گرتبووبا | وەرت گرتبووبا | وەری گرتبووبا | وەرمان نەگرتبووبا | وەرگیرابووبا | وەرنەگیرابووبا |
| | | وەرمان گرتبووبا | وەرتان گرتبووبا | وەریان گرتبووبا | | | |
| هێنانەوە | هێنا ەوە | هێنابووبامەوە | هێنابووباتەوە | هێنابووبایەوە | نەمهێنا بووبایەوە | هێنرابووبا | نەهێنرابووبا |
| | | هێنابووبامانەوە | هێنابووباتانەوە | هێنابووبایانەوە | | | |
| سەرخستن | سەرخست | سەرم خستبووبا | سەرت خستبووبا | سەری خستبووبا | سەرمان نەخستبووبا | سەر خرابووبا | سەر نەخرابووبا |
| | | سەرمان خستبووبا | سەرتان خستبووبا | سەریان خستبووبا | | | |

| چاوگی تێنەپەڕ | | قەد + بووبا ئەرێ | | | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕۆیشت | ڕۆیشتبووبام | ڕۆیشتبووبایت | ڕۆیشتبووبا Ø | نەڕۆیشتبووبام |
| | | ڕۆیشتبووباین | ڕۆیشتبووبان | ڕۆیشتبووبان | |
| نووستن | نووست | نووستبووبام | نووستبووبایت | نووستبووبا Ø | نەنووستبووبام |
| | | نووستبووباین | نووستبووبان | نووستبووبان | |
| چوونەوە | چوو ەوە | چووبووبامەوە | چووبووبایتەوە | چووبووباØیەوە | نەچووبووبامەوە |
| | | چووبووباینەوە | چووبووبانەوە | چووبووبانەوە | |

تێبینی/ دەتوانین لە چاوگی (بوون) ڕێژەی ڕابردووی دانانی دروستبکەین.

| ژ | چاوگی (بوون) | جۆری کار |
|---|---|---|
| 1 | بووبا | ڕابردووی نزیکی دانانی |
| 2 | بووبێت | ڕابردووی تەواوی دانانی |
| 3 | بووبووبا | ڕابردوو دووری دانانی |
| 4 | ببێت | ڕانەبردووی دانانی |

## ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی

**ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی:**

**یاسا (ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاو)**

| چاوگی تێپەڕ | ڕەگ | ئەری | | نەری | |
|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووسی | بنووسم | بنووسین | نەنووسم | نەنووسین |
| | | بنووسیت | بنووسن | نەنووسیت | نەنووسن |
| | | بنووسێت | بنووسن | نەنووسێت | نەنووسن |
| شتنەوە | شۆ ەوە | بشۆمەوە | بشۆینەوە | نەشۆمەوە | نەشۆینەوە |
| | | بشۆیتەوە | بشۆنەوە | نەشۆیتەوە | نەشۆنەوە |
| | | بشواتەوە | بشۆنەوە | نەشواتەوە | نەشۆنەوە |
| داخستن | داخە | دابخەم | دابخەین | دانەخەم | دانەخەین |
| | | دابخەیت | دابخەن | دانەخەیت | دانەخەن |
| | | دابخات | دابخەن | دانەخات | دانەخەن |

| چاوگی تێنەپەڕ | ڕەگ | ئەری | | نەری | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆشتن | ڕۆ | بڕۆم | بڕۆین | نەڕۆم | نەڕۆین |
| | | بڕۆیت | بڕۆن | نەڕۆیت | نەڕۆن |
| | | بڕوات | بڕۆن | نەڕوات | نەڕۆن |
| چوونەوە | چ ەوە | بچمەوە | بچینەوە | نەچمەوە | نەچینەوە |
| | | بچیتەوە | بچنەوە | نەچیتەوە | نەچنەوە |
| | | بچێتەوە | بچنەوە | نەچێتەوە | نەچنەوە |

تێبینی/ لە ڕستەی دانانیدا، پێویستە هەندێك وشە یان کاری یاریدەدەر هەبێت، بۆ ئەوەی ڕستەکە لە ڕووی واتاییەوە تەواوبێت،کە ئەمانەن: کاری یاریدەدەر: نموونە: (دەبوو، دەبووایە، دەمویست، دەمەوێت، دەتوانین هتد ....).

وشەی یاریدەدەر: نموونە: ( خوزگە، ڕەنگە، کاشکا، بریا، خۆزگە، پێویستە، لەوانەیە هتد...).

نموونە: پێویستە منداڵەکە نوستبووبا. دەبوو خوێندکارەکان وانەکەیان تەواوکردبا.

-هەندێ جار، لە هەندێ شێوە زاردا، (ب) نیشانەی یاساکە، دەرناکەوێ. نموونە: درووستبکەم – دروستکەم.

## شێوازی ڕێژەی دانانی ( بەشێوەی پرسیا و وەڵام )

1- ئەو ڕێژەیەی کارەیە، کە لە شێوەی حەز وو ئارەزوو و مەبەستدا دەردەکەوێت؟

A شێوازی ڕێژەی مەرجی B شێوازی ڕێژەی دانانی
C شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن D شێوازی ڕێژەی داخوازی

2- یاسای ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانییە؟

A ڕابردووی نزیک + بووبا B ڕابردووی نزیک + بێت
C ڕابردووی نزیک + با D ب + ڕەگ + جێناوی لکاو

3- کارێکی تێپەڕی بکەرنادیارە، ڕابردووی نزیکی دانانییە؟

A ئازادکردبا B نەگیرابایەوە
C وەرمان نەگرتبا D ئازادکردبووبا

4- یاسای ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانییە؟

A ڕابردووی نزیک + بووبا B ڕابردووی نزیک + با
C ب + ڕەگ + جێناوی لکاو D ڕابردووی نزیک + بێت

5- شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دانانی چەند جۆرە؟

A نزیک، تەواو، دوور B نزیک، بەردەوام، دوور
C نزیک، بەردەوام، تەواو D بەردەوام، تەواو، دوور

6- ئامادەبووبا، چ ڕێژەیەکە؟

A ڕابردووی دووری دانانی B ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن
C ڕابردووی نزیکی دانانی D ڕابردووی تەواوی دانانی

7- کام لەمانە یاسای ڕابردووی دووری دانانییە؟

A ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن + با B قەد + با
C ب + ڕەگ + جێناوی لکاو D قەد + بێت

8- کاری (دابخات) بگۆڕە بۆ ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن؟

A داخرابا B دایبخات
C داماں خستبوو D دایخستبوو

9- کاری (دێچم) بگۆڕە بۆ ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی؟

A بچمەوە B بچم C بچین D بچێت

10- دەبوو وانەکانم خوێندبا. وشەی (دەبوو) چییە؟

A کاری ناتەواو B نیشانەی ڕابردووی دوورە C کاری یاریدەدەر D کاری تەواوی تێپەڕە

11- لە ڕووی دارشتنەوە لەگەڵ چ جۆرە کارێکدا، لە ڕێژەی ڕانەبردووی دانانیدا، نیشانەی (ب) دەتوانین نەینووسین یان نەیلێین؟

A سادە B هاوەڵناو C دارێژراو یان لێکدراو D هیچیان

هەوڵنامەی کتێب

## شێوازی ڕێژەی داخوازی

**ڕێژەی داخوازی:** ئەو ڕێژەیەیە، کە قسەکەر، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ ئەنجامدانی کارێك، بە شێوەی داخوازی، هەمیشە گوێگر کەسی دووەمی تاك یان كۆ دەبێت.

یاسا   **ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی** (ە)

**جێناوی لکاو بۆکەسی دووەمی کۆ** (ن)

ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبوو، شێوازی داخوازی، بەم جۆرە دووستدەکرێت:

| چاوگی تێپەڕ | کەسی دووەمی تاك (ە) | | کەسی دووەمی کۆ (ن) | |
|---|---|---|---|---|
| | ئەرێ | نەرێ | ئەرێ | نەرێ |
| نووسین | بنووسە | مەنووسە | بنووسن | مەنووسن |
| هەڵبژاردن | هەڵبژێرە | هەڵمەبژێرە | هەڵبژێرن | هەڵمەبژێرن |
| درووستکردن | درووستبکە | درووست مەکە | دروستبکەن | درووست مەکەن |

- ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە بە پیتی بزوێنی (ە، ۆ، وو، ی، ێ) هاتبوو، جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك (ە)، دەرناکەوێ، بەڵام پێویستە لە شیکردنەوەدا، ئاماژەی پێبکرێ.

| چاوگی تێپەڕ | کەسی دووەمی تاك (ە) | | کەسی دووەمی کۆ (ن) | |
|---|---|---|---|---|
| | ئەرێ | نەرێ | ئەرێ | نەرێ |
| ڕۆیشتن | بڕۆ | مەڕۆ | بڕۆن | مەڕۆن |
| دروین | بدروو | مەدروو | بدروون | مەدروون |
| گریان | بگری | مەگری | بگرین | مەگرین |
| وتن | بڵێ | مەڵێ | بڵێن | مەڵێن |
| کردن | بکە | مەکە | بکەن | مەکەن |

لە زمانی کوردیدا، هەندێ چاوگی شازمان هەیە، بەپێی ئەم یاسایەی سەرەوە، کاری داخوازی پێدرووستناکرێ:

| چاوگی تێپەڕ | کەسی دووەمی تاك (ە) | | کەسی دووەمی کۆ (ن) | |
|---|---|---|---|---|
| | ئەرێ | نەرێ | ئەرێ | نەرێ |
| هاتن | بێ | مەیە | بێن | مەیەن |
| هاتنەوە | بێرەوە | مەیەرەوە | بێنەوە | مەیەنەوە |
| هەڵهاتن | هەڵبێ | هەڵمەیە | هەڵبێن | هەڵمەیەن |
| چوون | بچۆ | مەچۆ | بچن | مەچن |

**تێبینی/** کاری داخوازی بە (مە) نەرێ دەکرێ.

**تێبینی/** لە شێوەزاری کرمانجی خوارووی، ناوچەی سلێمانی، کاری داخوازی لە چاوگی (هاتن) بەم جۆرە دروستدەکرێ: وەرە، وەرن.

**هەروەها لە چاوگی (هاتنەوە) بەم جۆرە دروستدەکرێ:** وەرەوە، وەرنەوە.

تێبینی یەکەم/

- شێوازی داخوازی لە شێوەی بکەر نادیاردا دەرناکەوێ، چونکە هەمیشە بکەرەکەی کەسی دووەمی تاك یان کۆیە.

تێبینی دووەم/

- ئەگەر کارێك کۆتایی بە پاشگری (ەوە)هاتبێت، بکرێت بە ڕێژەی داخوازی، بۆ کەسی دووەمی تاك، پیتی (ر)ی ناوبەند، دەکەوێتە نێوان (ەوە) و جێناوی لکاوی (ە) ەوە.

| چاوگ | کاری داخوازی |
|---|---|
| خوێندنەوە | بخوێنەرەوە |
| هێنانەوە | بهێنەرەوە |

تێبینی سێیەم/

1- نانەکە ببە بۆ هەژارەکە.

2- ببە بە ئەندازیار.

کاری ئەم دوو ڕستەیە، لە ڕووخساردا لەیەکدەچن، بەڵام لە واتادا جیاوازن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاوگ و چۆنیەتی دروستکردنی کارەکان. کە لە دوو چاوگی (بردن و بوون)ەوە درووستبوون، بەم شێوەیە:

| چاوگ | ڕەگی کار | یاسا | ڕستەی کاری داخوازی |
|---|---|---|---|
| بردن | بە | ب + بە + (ە) جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە | ببەØ. |
| بوون | ب | ب + ب + (ە) جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك | ببە. |

تێبینی چوارەم/

1- دەبوو وانەکە بخوێنن.

2- وانەکە بخوێنن.

گەر لە کاری هەردوو ڕستەکە وردببینەوە، دەبینین لە ڕواڵەتدا لەیەکدەچن، بەڵام لە واتادا جیاوازن، چونکە. ڕستەی یەکەم دانانییە، وشە یان کاری یاریدەدەری تێدایە، بەڵام ڕستەی دووەم داخوازییە، وشە یان کاری یاریدەدەری تێدانییە.

تێبینی پێنجەم/

کاری داخوازی ناسادە، دەکرێت نیشانەی کاری داخوازی (ب) نە نووسرێت و دەرنەبڕدرێت:

هەڵبگرە ، هەڵگرە.　　　دروستبکە، درووستکە

هەولێر مامۆستا

## شێوازی ڕێژەی داخوازی (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1- ب +ڕەگی کار + جێناوی لکاوی (ە، ن)، یاسای چ ڕێژەیەکە؟

Aشێوازی ڕێژەی دانانی
Bشێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن
C شێوازی ڕێژەی داخوازی
D شێوازی ڕێژەی مەرجی

2- لە یاسای ڕێژەی داخوازی لادەدات؟

Aوەرە
Bسەرهەڵبدەن
C بنووسن
D هەڵمەگرە

3- ئەو جێناوە لکاوانەی کە ئەرکی بکەر دەبینن لە ڕیژەی داخوازیدا؟

A م مان – ت تان – ی یان
Bم ین – یت ن – ات یّت ن
C م ین – یت ن - — ن
D ە – ن

4- کەی (ە) وەك بکەر لە ڕێژەی داخوازیدا دەردەکەوێت؟

Aئەگەر ڕەگی کار بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبێت
B ئەگەر ڕەگی کار بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتبێت
C ئەگەر ڕەگی کار بە هەر پیتێ کۆتایی هاتبێت
D ئەگەر ڕەگی کار بە پیتی بزوێنی (ۆ، ە) کۆتایی هاتبێت.

5- کاری داخوازی بە چ ئامرازێك نەرێ دەکرێت؟

Aنی
Bمە
C نا
D نە

6- ئامرازی نەرێ لە ڕیژەی داخوازیدا دەچێتە جێگەی چی؟

Aدە
Bوە
C ب
D بوو

7- ببە بە ئەندازیار. بزوێنی کورتی (ە) کاری ببە، چییە؟

Aکاری ناتەواو
Bپاشگرە
C بەشێکە لە ڕەگی کار
D جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك بکەر

8- پرسیار: تاقیکردنەوەی بەرایی، 2014 – 2015 ، پ 17 لە ڕستەی (پرۆژەکە تەواوبکە)، بزوێنی(ە) کۆتایی ڕستەکە چییە؟

Aجێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك بکەر
B بەشێکە لە ڕەگی کار
C کاری ناتەواو
D پاشگرە

هەواڵنامەی پێتر

# شێوازی مەرجی

**ڕستەی ئاوێتەی مەرج:** هەر کاتێك ڕوودانی کارێك مەرج بێت، بۆ ڕوودانی کارێکی تر، بەو ڕستەیە دەوترێت: ( ڕستەی ئاویتەی مەرج)، شێوازی مەرجی شێوازێکی تایبەت بەخۆی نییە، هەر ئەو ڕێژەی کارانە بەکاردێنین کە لە ڕێژەی (ڕاگەیاندن، دانانی و داخوازی)دا خوێنراوە.

یاسا **ئامرازی** لێکدەری مەرج + **ڕستەی کاری مەرج ( پارستە )** + **ڕستەی وەڵامی مەرج ( شارستە )**

کار (ڕاگەیاندن یان دانانی ) — کار (ڕاگەیاندن یان داخوازی)

| |
|---|
| نموونە/ ئەگەر درەنگ هاتیت، بەجێت دەهێڵم. |

ئامرازی — کاری مەرج — وەڵامی مەرج

یاسا ڕستەی وەڵامی مەرج (شارستە) + ئامرازی لێکدەری مەرج + ڕستەی کاری مەرج (پارستە)

کار (ڕاگەیاندن یان داخوازی ) — کار (ڕاگەیاندن یان دانانی)

| |
|---|
| - تۆوەکانم چاند ئەگەر چۆلەکە نەیخوات. - بخوێنە، ئەگینا دەرناچی. - تۆوەکە جوان بڕوێنە، دەنا سەوزنابێت. |

وەڵامی مەرج — ئامراز — کاری مەرج — وەڕلامی مەرج — ئامراز — کاری مەرج — وەڕلامی مەرج — ئامراز — کاری مەرج

**ڕستەی ئاوێتەی مەرج لە دوو ڕستە پێکدێت، ( پارستە و شارستە ).**

**پارستە/** ئەو بەشەی ڕستەی ئاوێتەیە کە واتای تەواو نادا بەدەستەوە، لە ڕووی واتاوە سەر بە (شارستە)یە، لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا پێیدەوترێت: (ڕستەی کاری مەرج). هەمیشە ئامرازی لێکدەری مەرجی لە پێشەوە.

**شارستە/** ئەو بەشەی ڕستەی ئاوێتەیە کە واتای سەربەخۆ و تەواو دەدا بە دەستەوە، لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا پێدەوترێت: ڕستەی وەڵامی مەرج.

ئامرازەکانی لێکدەری مەرج ئەمانەن: (ئەگەر، گەر، تا، هەتا، کەی، کە، دەنا، ئەگینا هتد.......

نموونە:

| ڕســـــتەی ئاوێتەی مەرج | کاری مەرج | وەڵامی مەرج |
|---|---|---|
| تا ئارەق نەڕێژی، شیرینی ناچێژی.<br>ئەگەر ئێوە چووبێتن، ئێمە ناچین. | دانانی | ڕاگەیاندن |
| ئەگەر چووی بۆ بازاڕ، پەرتووکێکم بۆ بکڕە.<br>کە نانەکەت خوارد، زوو وەرەوە. | ڕاگەیاندن | داخوازی |
| کەی زەنگەکە لێدرا، خوێنکاران دەچنە ژووری.<br>تا ئێوە ئامادەدەبن، من دەگەڕێمەوە. | ڕاگەیاندن | ڕاگەیاندن |
| ئەگەر چیرۆکەکە بنووسم، خەڵاتم بکەن.<br>ئەگەر ئێمە بڕۆین، ئێوە وەرن. | دانانی | داخوازی |

## شێوازی مەرج ( بەشێوەی پرسیا و وەڵام )

1- ئەگەر ڕوودانی کارێك مەرج بێت بۆ ڕوودانی کارێکی تر، بەو ڕێژەیە دەوترێت؟

Aشێوازی ڕیژەی دانانی
Bشێوازی ڕیژەی ڕاگەیاندن
C شێوازی ڕیژەی مەرجی
D شێوازی ڕیژەی داخوازی

2- ڕیژەی کاری ناو ڕستەی وەڵامی مەرج پێویستە چۆن بێت؟

Aڕاگەیاندن و ڕاگەیاندن
B ڕاگەیاندن و داخوازی
C ڕاگەیاندن و دانانی
D دانانی و داخوازی

3- گەر چوویت بۆ کتێبخانە پەرتووکێکم بۆ بکرە. (ئەگەر) چییە؟

Aئامرازی لێکدەری مەرج
Bئامرازی پەیوەندی
C جێناوی لێکدەر
D خستنەسەر

4- ئەو بەشە ڕستەیەی بەدوا ئامرازی لێکدەری مەرجدا دێت، چی پێدەوترێت؟

Aڕستەی وەڵامی مەرج
B شارستە
C ڕستەی سادە
D ڕستەی کاری مەرج

5- پرسیار: تاقیکردنەوەی بەرایی، 2015-2014 ، پ9

ڕستەی (کە بوویت بە ئەندازیار گوندەکان ئاوەدان بکەرەوە) چ شێوازێکە؟

Aڕاگەیاندن
Bمەرجی
C دانانی
D داخوازی

6- پرسیار: تاقیکردنەوەی بەرایی، 2015-2014، پ24

لە ڕستەی ئاوێتەی مەرج دا، کاری (ڕستەی کاری مەرج) لە چ شێوازێکدا دەبێت؟

Aڕاگەیاندن و ڕاگەیاندن
Bڕاگەیاندن و داخوازی
C ڕاگەیاندن و دانانی
D دانانی و داخوازی

هەواڵنامەی کتێب

### پێکهاتەی درووستبوونی ڕستەی کاری ناتەواو

| نیهاد | تەواوکەری کاری ناتەواو | | کاری ناتەواو |
|---|---|---|---|
| | ڕاستەوخۆ | بەیاریدە | |
| ناو | ناو | ناو | بوو: کاری ڕابردوو |
| جێناو | جێناو | جێناو | ە: کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا |
| چاوگ | چاوگ | چاوگ | دەبێت: کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئاینده |
| گرێی ناو | گرێی ناوی | گرێی ناوی | |
| | هاوەڵناو | نابێت بە تەواوکەری بەیاریدە | |
| | هاوەڵکار | نابێت بە تەواوکەری بەیاریدە | |

## کاری چاوگی ( بوون )

**لە چاوگی ( بوون ) ئەم کارانە دروستدەکرێت:**

**یەکەم/ کاری تەواو تێپەڕ و تێنە پەڕ.**

**دووەم/ کاری ناتەواو.**

**یەکەم/ چاوگی ( بوون ) وەك کاری تەواو:**

**چاوگی ( بوون ) وەك کاری تەواوی تێپەڕ:**

1-کاری (بوو، دەبێت) دەبنە کاری (تەواوی تێپەڕ)، ئەگەر بە واتەی (منداڵبوون) بەکارهات، بەمەرجێك لە چاوگی (لەدایکبوون)ەوە نەهاتبێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| نموونە: | ژنەکە منداڵی بوو (دەبێت). | نازدار منداڵی بوو (دەبێت). | سارا کچی بوو (دەبێت). |

2- کاری (بوو، دەبێت، ە) دەبنە کاری (تەواوی تێپەڕ)، ئەگەر بە واتەی (خاوەنداریێتی) بەکارهات:

| چاوگی (بوون) | رستە | ئەری | نەری | کات |
|---|---|---|---|---|
| بوون | پارەم هەبوو. | هەم بوو. | نەم بوو. | ڕابردوو |
| دەبێت | پارەم دەبێت. | دەمبێت. | نامبێت. | ڕانەبردوو (ئایندە) |
| ە | خانووم هەیە. هەمە. | خانووم هەیە. | خانووم نییە. نیمە | ڕانەبردوو (ئێستا) |

**چاوگی ( بوون ) وەك کاری تەواوی تێنە پەڕ:**

1- **( بوو، دەبێت ) لەگەڵ پێشگر یان وشەی واتاداردا، کاری ( تەواوی تێنە پەڕ ) دروستدەکەن:**

| (بوو) کاری تەواوی تێنەپەڕ | (دەبێت) کاری تەواوی تێنەپەڕ |
|---|---|
| چراکە هەڵبوو. چراکە پێبوو. | چراکە هەڵدەبێت. چراکە پێدەبێت. |
| ئازاد لەخەوڕابوو. (ڕابوو) ئاوەکە لێڵ بوو. | ئازاد لەخەوڕادەبێت. (ڕادەبێت) ئاوەکە لێڵ دەبێت. |
| کارەکە تەواوبوو. برینەکە دەربوو. | کارەکە تەواودەبێت. برینەکە دەردەبێت. |
| کاوە لەسەر بڕیارەکەی سووربوو. تۆوەکە شین بوو. | کاوە لەسەر بڕیارەکەی سووردەبێت. تۆوەکە شین دەبێت. |
| نالی لەکوێ لەدایك بوو؟ منداڵەکە تێربوو. | منداڵەکە لە کوێ لەدایکدەبێت. منداڵەکە تێربوو. |
| زمان لای مرۆڤ کەی پەیدابوو؟ | زمان لای منداڵ کەی پەیدادەبێت؟ |

2 – **ئەگەر ( هەبوون ) بە واتای ( وجوود ) بەکارهات، ( ە، بوو، دەبێت )، دەبێتە کاری ( تەواوی تێنە پەڕ ).**

| | | | |
|---|---|---|---|
| نموونە: | - من هەبووم. | - من دەبم. | - خوێندنگە هەیە. |

**دووەم/ کاری چاوگی (بوون) وەك کاری یاریدەدەر:**

کاری (بوو، دەبێت)، دەبنە کاری یاریدەدەر لە ڕستە (دانانی)دا:

| | | | |
|---|---|---|---|
| نموونە: | - دەبوو بخوێنم. | - دەبێت بخوێنن. | – دەبوایە گارەکەت ئەنجامدابا. |

کاری یاریدەدەر    کاری سەرەکی ڕستە      کاری یاریدەدەر    کاری سەرەکی ڕستە      کاری یاریدەدەر    کاری سەرەکی ڕستە

**سێیەم/ کاری چاوگی (بوون) وەك نیشانەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن:**

| | |
|---|---|
| قەدی چاوگ + بوو | نموونە: - نانەکەی خواردبوو. |

چوارەم/ کاری چاوگی بوون وەك (کاری ناتەواو):

**کاری ناتەواو:** ئەو کارەیە، کە بەتەنیا ناتوانی واتای نیهادی ڕستەکە تەواوبکات، پێویستی بەوشەیەکی تر هەیە، لە ڕووی واتاوە تەواوی بکات، تەواوکردنەکە ڕاستەخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، بەم بەشانە تەواودەکرێت: (ناو، هاوەڵناو، چاوگ، جێناو، ئاوەڵکار).

| ژ | جۆری تەواوکەر | ڕاستەوخۆ | بەیاریدە |
|---|---|---|---|
| 1 | ناو | پایتەختی هەرێمی کوردستان هەولێرە. (بوو، دەبێت). | خەڵاتەکە بۆ نووسەرەکە یە (بوو، دەبێت). |
| 2 | چاوگ | پیشەی کوڕەکە خوێندنە (بوو، دەبێت). | فێربوون بە تێکۆشانە (بوو، دەبێت). |
| 3 | هاوەڵناو | | |
| a | هاوەڵناوی چۆنییەتی | ڕەنگی گوڵەکە سوورە (بوو، دەبێت). | — |
| b | هاوەڵناوی پرس (چەند، چۆن) | تەندرووستی نەخۆشەکە چۆنە (بوو، دەبێت). | — |
| c | هاوەڵناوی نادیار (زۆر، کەم) | ئاوی ڕووبارەکە زۆرە (بوو، دەبێت). | — |
| d | هاوەڵناوی ژمارەیی | ژمارەی سەربازەکان چوارە (بوو، دەبێت). | — |
| 4 | هاوەڵکار | ئاهەنگەکە بەرۆژ ە (بوو، دەبێت). | — |
| 5 | جێناو | | |
| a | جێناوی کەسی سەربەخۆ | ئەوە ئێوە بوون، سەردانتان کردین. | دیارییەکە بۆ ئەوانە (بوو، دەبێت). |
| b | جێناوی پرس(کێ، کام، چی ، چەند) | ئەوە کێ یە (بوو)؟ | گۆڤارەکە بە کێ یە (بوو، دەبێت)؟ |
| c | جێناوی نادیار | ئەوە فلانە (بوو)، خەڵاتەکەی بەخشی. | دیارییەکە بۆ کەس نییە . |
| d | جێناوی خۆیی | ئەوە خۆتان بوون، گۆڤارەکەتان کڕی. | گۆڤارەکە بە خۆتانە (بوو، دەبێت). |
| e | جێناوی نیشانە | ڕۆماننووسەکە ئەمە یە (بوو، دەبێت). | خەلاتەکەی بۆ ئەمانە یە (بوو، دەبێت). |
| 6 | گرێی ناوی | هەولێر پایتەختی هەرێمە (بوو، دەبێت). | پلەی یەکەم بۆ دیوانی نالی یە (بوو، دەبێت) |

تێبینی/ جێناوی (هەیی) ناتوانێت ببێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو، تەنیا دەبێتە دیارخراو: کتێبەکە هی ئازاد بوو.

تێبینی/ (ە)ی کورتی کاری ناتەواو، بۆ دەمی ئێستا، کەی دەردەکەوێت؟ کەی دەرناکەوێت؟

(ە)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا لەگەڵ جێناوەکانی (م ین، یت ن، ـن)، دەرناکەوێت:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| کەسی یەکەم | من زیرەکم Ø . | ئێمە زیرەکین Ø . |
| کەسی دووەم | تۆ زیرەکیت Ø. | ئێوە زیرەکن Ø. |
| کەسی سێیەم | —— | ئەوان زیرەکن Ø. |

لەگەڵ جیناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م – ین) بۆ کەسی سێیەمی تاك دەردەکەوێت. نموونە: ئەو زیرەکە.

-کاری ناتەواوی (ە) بۆ دەمی ئێستە، بە ئامرازی (نی) نەرێ دەکرێت: نموونە: ژنەکە لە ماڵ نییە.

## کاری چاوگی بوون (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1- کەی چاوگی (بوون) دەبێت بە کاری تەواوی تێپەڕ؟

Aلەگەڵ کاری دانانیدا بێت　　Bنیشانەی ڕابردووی دوور دروستبکات

C بە واتای منداڵبوون بێت　　D گەر کاری داڕێژراو یان لێکدراوی درووستکرد

2- کەی چاوگی (بوون) دەبێت بە کاری تەواوی تێنەپەڕ؟

Aگەر کاری داڕێژراو یان لێکدراوی درووستکرد　　Bبە واتای منداڵبوون بێت

C لەگەڵ کاری دانانیدا بێت　　D نیشانەی ڕابردووی دوور دروستبکات

3- کاوە لەسەر بڕیارەکەی سووربوو؟ کاری ڕستەکە چییە؟

Aکاری تەواوی تێپەڕ.　　Bنیشانەی ڕابردووی دوور

C کاری تەواوی تێنەپەڕ　　D کاری یاریدەدەر

4- پارەی هەبوو؟ کاری ڕستەکە چییە؟

Aکاری تەواوی تێنەپەڕ　　Bکاری تەواوی تێپەڕ

C نیشانەی ڕابردووی دوور　　D کاری یاریدەدەر

5- من هەم؟ کاری ڕستەکە چییە؟

Aکاری تەواوی تێپەڕ　　Bنیشانەی ڕابردووی دوور

C کاری تەواوی تێنەپەڕ.　　D کاری یاریدەدەر

6- لە کام ڕستەیەدا (بوو) دەبێت بە کاری یاریدەدەر؟

Aدەبوو بخوێنن.　　Bئەوان دەبوون بە خوێنکار.

C منداڵەکە لە دایکبوو.　　D چراکە هەڵبوو.

7- لە کام ڕستەیەدا (بوو) دەبێت بە کاری ناتەواو؟

Aمنداڵەکە لە دایکبوو.　　Bچراکە هەڵبوو.

C چەمەکە بێ چەقەڵ بوو.　　D دەبوو بخوێنن

8- (بوو) دەبێت بە نیشانەی ڕابردووی دوور؟

Aمنداڵەکە لەدایکبوو.　　Bچراکە هەڵبوو.

C دەبوو بخوێنن.　　D نانەکەی خواردبوو.

9- خەڵاتەکە بۆ نووسەرەکە بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟

Aناو　　Bجێناو

C هاوەڵناو　　D هاوەڵکار

10- هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟

Aناو　　Bگرێی ناوی

C هاوەڵناو　　D هاوەڵکار

11- پێشکەوتنمان بە خوێندنە. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aهاوەڵناو Bناو
C چاوگ D گرێی ناوی

12- ڕەنگی گوڵەکە زەرد بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aهاوەڵناوی نادیار Bهاوەڵناوی ژمارەیی
C هاوەڵناوی پرس D هاوەڵناوی چۆنییەتی

13- تەندرووستی مرۆڤەکە چۆن بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aهاوەڵناوی پرس Bهاوەڵناوی ژمارەیی
C هاوەڵناوی نادیار D هاوەڵناوی چۆنییەتی

14- چێشتی میوانەکان زۆر بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aهاوەڵناوی چۆنییەتی Bهاوەڵناوی نادیار
C هاوەڵناوی ژمارەیی D هاوەڵناوی پرس

15- ژمارەی خوێندکارەکان بیست بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aهاوەڵناوی نادیار Bهاوەڵناوی چۆنییەتی
C هاوەڵناوی پرس D هاوەڵناوی ژمارەیی

16- خەڵاتەکە بۆ ئێمە بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aجێناوی کەسی سەربەخۆ Bهاوەڵناوی نادیار
C جێناوی نادیار D جێناوی پرس

17- قەڵەمەکە بە کێ بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aجێناوی نادیار Bهاوەڵناوی نادیار
C جێناوی پرس D جێناوی کەسی سەربەخۆ

18- کتێبەکە بە فلان بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aهاوەڵناوی نادیار Bجێناوی نادیار
C جێناوی کەسی سەربەخۆ D جێناوی پرس

19- میوانەکان لای خۆت بوون. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aجێناوی کەسی سەربەخۆ Bجێناوی نادیار
C جێناوی پرس D جێناوی خۆیی

20- خەڵاتەکە بۆ ئەمە بوو. کاری ئەم ڕستەیە بە چی تەواوکراوە؟
Aجێناوی خۆیی Bجێناوی نادیار C جێناوی نیشانە D جێناوی پرس

21- کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستە بە چی نەرێ دەکرێت؟
Aنا Bنە C نی D مە

هەواڵنامەی کتێب

# ئەرکی (ە)، لە ڕێزمانی کوردیدا

یەکەم/ لە ڕستەدا، (ە)، دەبێتە (کاری ناتەواو)، ئەگەر کاری سەرەکی لە ڕستەکەدا نەبێت. کاری ناتەواوی (ە)، بەم بەشانە تەواو دەکرێت: (ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار، چاوگ و جێناو).

| | |
|---|---|
| نموونە: | - ژوورەکە خاوێنە (بوو، دەبێت). |

دووەم/ دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک، لە کاری داخوازیدا.

| | |
|---|---|
| موونە: | گۆڤارەکەم بۆ بکرە. |

سێیەم/ دەبێتە ئامرازی پەیوەندی، دەلکێت بە کاری (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی)یەوە، جێگەی ئامرازی (بە، بۆ) دەگرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| نموونە: | دەینێرمە لاتان. | دەینێرم بۆ لاتان. |
| نموونە: | بچینە دەری. | بچن بۆ دەری. |
| نموونە: | سەردار دەبێتە مامۆستا. | سەردار دەبێت بە مامۆستا. |

چوارەم/ دەبێتە ئامرزی بانگکردن:

| ژ | ناوی بانگکراو (نێر و مێی کۆ) | ناوی باگکراو (نێری تاك) |
|---|---|---|
| 1 | کچینە هەوڵبدەن. | کورە بخوێنە. |
| 2 | پیاوینە هەوڵبدەن. | |

پێنجەم/

A -دەبێتە پاشگر، بۆ دروووستکردنی وشەی نوێ، دەلکێ بە (ناو، هاوەڵناو، ڕەگی کار)ەوە:

| | | |
|---|---|---|
| هاوەڵناو/ | خراپ : سەوز | خراپە سەوزە |
| ناو/ | هاوین : دەست سەد | هاوینە دەستە سەدە |
| ڕەگی کار/ | پرس: | پرسە |

B - دەبێتە پاشگر لەگەڵ قەدی چاوگدا، ، بۆ درووستکردنی هاوەڵناوی کراوی دارێژراو:

| | |
|---|---|
| نموونە: | برد : بردە. خواردە، کردە، کوشتە |

شەشەم/ دەبێتە ئامرازی ناساندن، کە کورتکراوەکەی (ەکە)یە.

| | | |
|---|---|---|
| نموونە: | پیاوە باش وەڵامی دایەوە. | پیاوەکە باش وەڵامی دایەوە. |

حەوتەم/ دەبێتە ئامرازی لێکدەر، بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو:

| | |
|---|---|
| نموونە: | کێوە ڕەش، بووکە شوشە. |

نۆیەم/ دەبێتە ئامرازی خستنەسەر، گرێی ناوی دروستدەکات، ناوێك بە هاوەڵناوێکی چۆنیەتی تەواودەکات.

| | |
|---|---|
| نموونە: | گوڵە سوورەکەم بۆن کرد. |

دەیەم/ دەبێتە کەرتی دووەمی (هاوەڵناوی نیشانە).

| | |
|---|---|
| نموونە: | ئەم گۆڤارە دەکرم. |

یازدەیەم/ دەبێتە جێناوی کەسی لکاو، بۆ کەسی سێیەمی تاك، لەگەڵ کارە ڕانەبردوو، لە کرمانجی ژووروودا.

| | |
|---|---|
| نموونە: | ئەو دەرسی دنڤیسە. |

## ئەرکی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1- کەی (ە) دەبێت بە کاری ناتەواو؟

A کاتێك هیچ کردارێکی سەرەکی لە ڕستەکەدا نەبێت. B گەر نیهادی ڕستەکە کەسی دووەمی کۆ بێت

C گەر نیهادی ڕستەکە کەسی سێیەمی کۆ بێت D گەر نیهادی ڕستەکە کەسی یەکەمی کۆ بێت

2- کەی (ە) وەك کاری ناتەواو دەردەکەوێت؟

A کاتێك نیهادی ڕستەکە کەسی سێیەمی تاك بێت. B کاتێك نیهادی ڕستەکە کەسی دووەمی کۆ بێت.

C گەر نیهادی ڕستەکە کەسی سێیەمی کۆ بێت D گەر نیهادی ڕستەکە کەسی یەکەمی کۆ بێت

3- وانەکە تەواوبکە. ئەرکی پیتی بزوێن (ە)ی کۆتایی ڕستەکە چییە؟

A کاری ناتەواو B جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەر

C بەشێکە لە کارەکە D جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك

4- دەینێرمــە خوێندنگە. (ە) دەبێتە چی؟

A دەبێتە ئامرازی پەیوەندی و جێگەی بە، بۆ دەگرێتەوە B جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك

C دەبێتە پاشگر D دەبێتە کاری ناتەواو

5- منالە باش گریا. ئەرکی (ە) چییە؟

A (ە) دەبێت بە ئامرازی لێکدەر B (ە) دەبێت بە کاری ناتەواو C (ە) دەبێت بە ئامرازی ئاساندن D پاشگر

6- ئەم دیوانەم لە کتێبخانە کڕی. بزوێنی کورتی (ە) دوای وشەی دیوان چییە؟

A (ە) دەبێت بە کاری ناتەواو B (ە) دەبێت بە ئامرازی ئاساندن C (ە) دەبێت بە ئامرازی لێکدەر D کەرتی دووەمی هاوەڵناوی نیشانەیە

7- خوێندکارە زیرەکەکە خەڵاتکرا. بزوێنی کورتی دوای خوێندکار چییە؟

A (ە) دەبێت بە ئامرازی ئاساندن B (ە) دەبێت بە ئامرازی لێکدەر C ئامرازی خستنەسەر D (ە) دەبێت بە کاری ناتەواو

8- پرسیار: تاقیکردنەوەی بەرایی 2015-2014 پ10 لە ڕستەی (سەوزە بشۆ) پیتی بزوێنی (ە) چییە؟

A (ە) دەبێت بە ئاساندن B پاشگر C (ە) دەبێت بە کاری ناتەواو D ئامرازی خستنەسەر

هەواڵنامەی جێژن

## ئەرکی جێناوی کەسی لکاو وەکو بکەر

جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم (م، مان، ت، تان، ی، یان)، لە دەوری بکەردا، لەگەڵ کاری (رابردووی تێپەر)دا، بەکاردێ:

- ئەگەر کاری ڕستە (ڕابردووی تێپەڕ) بێت، لە ڕووی پێکهاتنەوە (سادە یان داڕێژراو بە پاشگر) بێت، لە ڕستەدا بەرکار باسکرابێت، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم، دەبنە (بکەر) و دەکەوێتە دوای بەرکار، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا، دەکەونە کۆتایی کارەوە.

بەرکار بکەر کار

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خەڵاتـەکەم بەخشی. | خەڵاتەکەمان بەخشی. | بەخشیم. | بەخشیمان. | نەمبەخشی. |
| خەڵاتـەکەت بەخشی. | خەڵاتەکەتان بەخشی. | بەخشیت. | بەخشیتان. | نەتبەخشی. |
| خەڵاتـەکەی بەخشی. | خەڵاتەکەیان بەخشی. | بەخشیی. | بەخشییان. | نەیبەخشی. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خەڵاتـەکەم بەخشییەوە. | خەڵاتەکەمان بەخشییەوە. | بەخشیمەوە. | بەخشیمانەوە. | نەمبەخشییەوە. |
| خەڵاتـەکەت بەخشییەوە. | خەڵاتەکەتان بەخشییەوە. | بەخشیتەوە. | بەخشیتانەوە. | نەتبەخشییەوە. |
| خەڵاتـەکەی بەخشییەوە. | خەڵاتەکەیان بەخشییەوە. | بەخشییەوە. | بەخشییانەوە. | نەیبەخشییەوە. |

پیتی (ی) ناوبەندە بۆ جیاکردنەوەی دوو پیتی بزوێن لەیەکتر.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خەڵاتـەکەم بەخشیبوو. | خەڵاتەکەمان بەخشیبوو. | بەخشیبووم. | بەخشیبوومان. | نەمبەخشیبوو. |
| خەڵاتـەکەت بەخشیبوو. | خەڵاتەکەتان بەخشیبوو. | بەخشیبووت. | بەخشیبووتان. | نەتبەخشیبوو. |
| خەڵاتـەکەی بەخشیبوو. | خەڵاتەکەیان بەخشیبوو. | بەخشیبووی. | بەخشیبوویان. | نەیبەخشیبوو. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خەڵاتـەکەم دەبەخشی. | خەڵاتەکەمان دەبەخشی. | دەم بەخشی. | دەمان بەخشی. | نەم دەبەخشی. |
| خەڵاتـەکەت دەبەخشی. | خەڵاتەکەتان دەبەخشی. | دەت بەخشی. | دەتان بەخشی. | نەت دەبەخشی. |
| خەڵاتـەکەی دەبەخشی. | خەڵاتەکەیان دەبەخشی. | دەی بەخشی. | دەیان بەخشی. | نەی دەبەخشی. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خەڵاتـەکەم بەخشیوە. | خەڵاتەکەمان بەخشیوە. | بەخشیومە. | بەخشیومانە. | نەم بەخشیوە. |
| خەڵاتـەکەت بەخشیوە. | خەڵاتەکەتان بەخشیوە. | بەخشیوتە. | بەخشیوتانە. | نەت بەخشیوە. |
| خەڵاتـەکەی بەخشیوە. | خەڵاتەکەیان بەخشیوە. | بەخشیویەتی. | بەخشیویانە. | نەی بەخشیوە. |

هەواڵنامەی کتێب

- ئەگەر کاری ڕستە (ڕابردووی تێپەڕ)ی ناسادە بێت، بەرکار باسکرابێت، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم، دەبنە (بکەر) و دەکەونە دواى بەرکار، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا، دەکەونە دواى بەشی یەکەمی کارەکەوە.

بەرکار بکەر کار

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خەڵاتەکەم وەرگرت. | خەڵاتەکەمان وەرگرت. | وەرم گرت. | وەرمان گرت. | وەرم نەگرت |
| خەڵاتەکەت وەرگرت. | خەڵاتەکەتان وەرگرت. | وەرت گرت. | وەرتان گرت. | وەرت نەگرت |
| خەڵاتەکەی وەرگرت. | خەڵاتەکەیان وەرگرت. | وەری گرت. | وەریان گرت. | وەری نەگرت |

بەرکار بکەر کار

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| باڵندەکەم ئازادکرد. | باڵندەکەمان ئازادکرد. | ئازادم کرد. | ئازادمان کرد. | ئازادمان نەکرد |
| باڵندەکەت ئازادکرد. | باڵندەکەتان ئازادکرد. | ئازادت کرد. | ئازادتان کرد. | ئازادت نە کرد. |
| باڵندەکەی ئازادکرد. | باڵندەکەیان ئازادکرد. | ئازادی کرد. | ئازادیان کرد. | ئازادی نەکرد. |

- ئەگەر کاری ڕستە (ڕابردووی تێپەڕ)ی لێکدراو، لە دووبەش زیاتر بێت، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم، دەبێتە بکەر و دەچێتە دواى بەرکار، گەر بەرکار لابەرین، ڕاستەوخۆ دەچێتە دواى بەشی دووەمی کارەکە، (بەشە لێکدراوەکەی یەکەمی کار).

بەرکار بکەر کار لێکدراو لە دوو بەش زیاتر

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پیاوخراپەکەم دەستگیرکرد. | پیاوخراپەکەمان دەستگیرکرد. | دەستگیرم کرد. | دەستگیرمان کرد. | دەستگیرمان نە کرد. |
| پیاوخراپەکەت دەستگیرکرد. | پیاوخراپەکەتان دەستگیرکرد. | دەستگیرت کرد. | دەستگیرتان کرد. | دەستگیرتان نە کرد. |
| پیاوخراپەکەی دەستگیرکرد. | پیاوخراپەکەیان دەستگیرکرد. | دەستگیری کرد. | دەستگیریان کرد. | دەستگیریان نە کرد. |

**جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم ( م ین، یت ن، Ø ن )، لە دەوری بکەردا، لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێنە پەر)دا، بەکاردێ:**

| کاری سادە | | ڕابردووی تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|
| ڕۆیشتم بۆ خوێندنگە. | ڕۆیشتین بۆ خوێندنگە. | لە وانەکان دەرچووم. | لە وانەکان دەرچووین. |
| ڕۆیشتیت بۆ خوێندنگە | ڕۆیشتن بۆ خوێندنگە. | لە وانەکان دەرچوویت. | لە وانەکان درەرچوون. |
| ڕۆیشتØ بۆ خوێندنگە. | ڕۆیشتن بۆ خوێندنگە. | لە وانەکان دەرچووØ. | لە وانەکان دەرچوون. |

تێبینی/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، لە دەوری بکەردا، بۆ ڕابردووی تێنەپەر دەرناکەوێت.

**جێناوی لکاوی کۆمەڵەی ( م - ین، یت - ن، ات یّت — ن )، لە دەوری بکەردا، لەگەڵ کاری ( ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنە پەڕ)دا بەکاردێ:**

| ڕانەبردووی تێپەڕ | | | | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|---|---|
| وانەکە دەنووسم. | وانەکە دەنووسین. | یاری دەکەم. | یاری دەکەین. | بۆ هەولێر دەڕۆم. | بۆ هەولێر دەڕۆین. |
| وانەکە دەنووسیت. | وانەکە دەنووسن. | یاری دەکەیت. | یاری دەکەن. | بۆ هەولێر دەڕۆیت. | بۆ هەولێر دەڕۆن. |
| وانەکە دەنووسێت. | وانەکە دەنووسن. | یاری دەکات. | یاری دەکەن. | بۆ هەولێر دەڕوات. | بۆ هەولێر دەڕۆن. |

ئەگەر کاری ڕستە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بێت، جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك (ات، ێت) دەردەکەوێ، هەروەها ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە بەزوێنی (ۆ، ە) هاتبێت، جێناوی (ات) بەکاردێ، ئەگەرنا، (ێت) بەکاردێ.

نموونە: چاوگی گەیشتن:　　کەی میوانەکە دەگات؟

نموونە: چاوگی فرۆشتن:　　بەقاڵ میوە دەفرۆشێت.

**ئەگەر کار لە شێوەی داخوازیدا بێت، جێناوە لکاوەکان (ە، ن)، کۆمەڵەی چوارەم بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆ، لەدەوری بکەردا، بەکاردێن.**

| داخوازی ئەرێ | داخوازی نەرێ |
|---|---|
| چیرۆکەکە بنووسە. | چیرۆکەکە مەنووسە. |
| چیرۆکەکە بنووسن. | چیرۆکەکە مەنووسن. |

جیاوازی بکەر لەم دوو ڕستەیەدا:

| ژ | وانەکەمان دەخوێند. (نەدەخوێند) | وانەکە دەخوێنین. (ناخوێنین) |
|---|---|---|
| 1 | بکەری ڕستە کۆمەڵەی ( م مان - ت تان - ی یان). | بکەری ڕستە کۆمەڵەی ( م ین – یت ن – ات ێت ن). |
| 2 | بکەری ڕستە چۆتە سەر بەرکار. | بکەری ڕستە چۆتە کۆتایی کار. |
| 3 | کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕ. | کاری ڕستە ڕانەبردووی تێپەڕ. |
| 4 | کاری ڕستە لە قەد درووستکراوە. | کاری ڕستە لە ڕەگ دروستکراوە. |
| 5 | کاری ڕستە بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت. | کاری ڕستە بە (نا) نەرێ دەکرێت. |

| ژ | کار | جێناوی کەسی لکاو | کۆمەڵەی جێناوە کەسسیە لکاوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕابردووی تێپەڕ | م مان　ت تان　ی یان | کۆمەڵەی یەمەم |
| 2 | ڕابردووی تێنەپەڕ | م یت　یت ن　Ø ن | کۆمەڵەی دووەم |
| 3 | ڕانەبردوو تێپەڕ و تێنەپەڕ | م ین　یت ن　ات ێت ن | کۆمەڵەی سێیەم |
| 4 | داخوازی | ە ن | کۆمەڵەی چوارەم |

## ئەرکی جێناوی لکاو وەکو بکەر (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1- گەر کار ڕابردووی تێپەڕ و سادە بێت، بەرکار هەبێت، جێناوی لکاو وەك بکەر دەچێتە کوێ؟

Aدەکەوێتە کۆتایی کار　B ناوڕاستی کار　C دەکەوێتە دوای بەرکار　D دەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کار

2- گەر کار ڕابردووی تێپەڕ و سادە بێت، بەرکار نەبێت، جێناوی لکاو وەك بکەر دەچێتە کوێ؟

Aناوڕاستی کار　Bدەکەوێتە کۆتایی کار　C دەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کار　D دەکەوێتە دوای بەرکار

3- گەر کار ڕابردووی تێپەڕ و سادە و نەرێ بێت، بەرکار نەبێت، جێناوی لکاو وەك بکەر دەچێتە کوێ؟

Aدەکەوێتە دوای ئامرازی نەرێ　Bدەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کار

C دەکەوێتە دوای بەرکار　D دەکەوێتە کۆتایی کار

4- گەر کار ڕابردووی تێپەڕ و ناسادە (داڕێژراو بە پێشگر) بێت، بەرکار هەبێت، جێناوی لکاو وەك بکەر دەچێتە کوێ؟

Aدەکەوێتە کۆتایی کار　Bدەکەوێتە دوای ئامرازی نەرێ

C دەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کار　D دەکەوێتە دوای بەرکار

5- گەر کار ڕابردووی تێپەڕ و ناسادە (داڕێژراو بە پێشگر) بێت، بەرکار نەبێت، جێناوی لکاو وەك بکەر دەچێتە کوێ؟

Aدەکەوێتە دوای بەرکار　Bدەکەوێتە کۆتایی کار

C دەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کار　D دەکەوێتە دوای ئامرازی نەرێ

6- گەر کار ڕابردووی تێنەپەڕ و سادە بێت، جێناوی لکاو وەك بکەر دەچێتە کوێ؟

Aدەکەوێتە دوای ئامرازی نەرێ　Bدەکەوێتە کۆتایی کار

C دەکەوێتە دوای بەرکار　D دەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کار

7- گەر کار ڕابردووی تێنەپەڕ و سادە بێت، جێناوی لکاو وەك بکەر بۆ کەسی سێیەمی تاك چۆن دەبێت ؟

Aجێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەم دەرناکەوێت　Bدەکەوێتە کۆتایی کار

C دەکەوێتە دوای بەرکار　D دەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کار

8- گەر کار ڕانەبردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت، جێناوی لکاو وەك بکەر دەچنە کوێ ؟

Aدەکەونە ناوڕاستی کار　Bدەکەوێتە کۆتایی کار

C دەکەوێتە دوای بەرکار　D دەکەوێتە سەر بەشی یەکەمی کار

9- گەر کار ڕانەبردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت، جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك (ات) دەردەکەوێ؟

Aکاتێك کۆتایی ڕەگی کار بە پیتی بزوێنی (ۆ، ە) هاتبێ.　Bکاتێك کۆتایی ڕەگی کار بە هەر بزوێنێ هاتبێ.

C کاتێك کۆتایی ڕەگی کار بە هەر بزوێنێ هاتبێ، بێجگە لە (ۆ،ە)　D کاتێك کۆتایی ڕەگی کار بە پیتی نەبزوێن هاتبێ.

10- گەر کار ڕانەبردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت، جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك (ێت) دەردەکەوێ؟

Aکاتێك کۆتایی ڕەگی کار بە پیتی بزوێنێ (ا،ە) هاتبێت　Bکاتێك کۆتایی ڕەگی کار بە هەر پیتێك هاتبێ.

C کاتێك کۆتایی ڕەگی کار بە پیتی نەبزوێن هاتبێ.　D کاتێك کۆتایی ڕەگی کار بە پیتی بزوێنی (ۆ، ە) نەهاتبێ.

11- کوتاڵفرۆش کوتاڵ دەفرۆشێت. (ێت) ئەرکی چییە؟

Aبەرکار　Bبکەر　C دیارخەری ناو　D تەواوکەری بەیاریدە

## ئەرکی جێناوی کەسی لکاو وەکو (بەرکار)

### یەکەم/ ڕابردووی تێپەڕ:

-ئەگەر کار لە ڕووی پێکهاتنە (سادە) بێت، جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم (م، ین، یت، ن، Ø، ن)، دەبنە بەرکار، دەکەونە دوای جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم (م مان – ت تان – ی یان) کە (بکەر)ە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نارد | م،مان | م،ین | | |
| | ت،تان | یت،ن. | نادرمیت. | ناردمن. |
| | یان | ن،Ø | نادرمØ. | ناردمن. |
| | بکەر | بەرکار | | |

- ئەگەر (بکەر) بۆ کەسی سێیەمی تاك و کۆ (ی، یان) بێت، جێناوەکانی کۆمەڵەی دووەم، لە دەوری (بەرکار)دا، دەکەونە پێش (بکەر):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نارد | م،ین | ی، یان | | |
| | یت،ن. | | ناردمی.   ناردمیان | ناردینی. |
| | ن،Ø | | ناردیتی.   ناردیتیان | ناردنی. |
| | بەرکار | بکەر | | |

-کار رابردووی تێپەڕی سادە بێت، جێناوی لکاو لە دەوری (بکەر و بەرکار)دا بەدوای یەکدا دێن، کە کۆمەڵەی (م مان – ت تان - ی یان)ە، یەکەم جێناوی دوای کارە سادەکە (بەرکارە) و دووەم جێناو (بکەر)ە:

| | |
|---|---|
| کاری سادە | برد مان یان. |
| | بەرکار   بکەر |

-کار رابردووی تێپەڕی ناسادە بێت، جێناوی لکاو لە دەوری (بکەر و بەرکار)دا بەدوای یەکدا دێن، کە کۆمەڵەی (م مان – ت تان - ی یان)ە، دەچنە سەر بەشی یەکەمی کار، یەکەم جێناو (بەرکار) و دووەم (بکەر)ە:

| | |
|---|---|
| کاری داڕێژراو | دامانیان گرت. |
| کاری لێکدراو | سەرمانیان خست. |

### دووەم/ ڕابردووی تێپەڕ:

ئەگەر کار لە ڕووی پێکهاتنەوە (ناسادە) بێت، جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم و دووەم، لە دەوری بەرکاردا، دەردەکەون:

A- ئەگەر کۆمەڵە جێناوی دووەم (م ین، یت ن، Ø ن)، ببنە بەرکار، دەچنە کۆتایی کارەکە:

### نموونە/ کاری داڕێژراو:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەڵ | م،مان | گرت | م،ین | | |
| | ت،تان | | یت،ن. | هەڵم گرت یت. | هەڵم گرت ن. |
| | ی، یان | | ن،Ø | هەڵم گرتØ. | هەڵم گرت ن. |
| | بکەر | | بەرکار | | |

**نموونە/ کاری لێکدراو:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بانگ | م،مان | کرد | م،ین | | |
| | ت،تان | | یت،ن. | بانگی کردم. | بانگی کردین. |
| | ی، یان | | Ø،ن | بانگی کردیت. | بانگی کردن. |
| | بکەر | | بەرکار | | |

دووەم/ **ڕانەبردووی تێپەڕ:** جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم (م مان، ت تان، ی یان) دەبنە (بەرکار)، جێنای لکاوی کۆمەڵەی ســـێیەم (م یت، یت ن ، ات ێت ن) دەبنەی بکەر:

نموونە/ کاری سادە

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دە | م،مان | نێر | م،ین | دەم نێرێت. | دەمان نێرێت. | دەم شوات. | دەمان شوات. |
| | ت،تان | | یت،ن. | دەت نێرێت. | دەتان نێرێت. | دەت شوات. | دەتان شوات. |
| | ی، یان | | ات ێت ،ن | دەی نێرێت. | دەیان نێرێت. | دەی شوات. | دەیان شوات. |
| | بەرکار | | بکەر | | | | |

کاری ناسادە/ کاری (داڕێژراو) کاری (لێکدراو)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵ | م،مان | دەبژێر | م،ین | هەڵم دەبژێرێت. | هەڵمان دەبژێرێت. | سەرم دەشوات. | سەرمان دەشوات. |
| | ت،تان | | یت،ن. | هەڵت دەبژێرێت. | هەڵتان دەبژێرێت. | سەرت دەشوات. | سەرتان دەشوات. |
| | ی، یان | | ات ێت ،ن | هەڵی دەبژێرێت. | هەڵیان دەبژێرێت. | سەری دەشوات. | سەریان دەشوات. |
| | بەرکار | | بکەر | | | | |

سێیەم/ داخوازی تێپەڕ: جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم تەنیا (م مان، ی یان)، بێجگە لە جێناوی (ت،تان)، دەبنە بەرکار و دەکەونە دوای نیشانەی (ب)ی داخوازی ، جێنای لکاوی (ە، ن) بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆ، دەبنە بکەر و دەکەونە کۆتایی کار:

**کاری سادە:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ب | م - مان | نێر | ە | بم نێرە. | بـمان نێرن. |
| | ی - یان | | ن | بی نێرە. | بیان نێرن. |
| | بەرکار | | بکەر | | |

**کاری ناسادە/ کاری (دار ێژراو) کاری (لێکدراو)**

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵ | م - مان | بژێر | ە | هەڵم ببژێرە. | هەڵمان ببژێرن. | لەسەرم بکە-. | لەسەرمان بکەن. |
| | ی - یان | | ن | هەڵی ببژێرە. | هەڵیان ببژێرن. | لەسەری بکە-. | لەسەریان بکەن |
| | بەرکار | | بکەر | | | | |

تێبینی/ ئەگەر کار ناسادە بێت، دەتوانرێت (ب)ی نیشانەی کاری داخوازی نەنووسرێت و نەوترێت.

نموونە: لێکدراو: لەسەری بکە. لەسەری کە. داڕێژراو: هەڵم ببژێرە. هەڵم بژێرە.

## ئەرکی جێناوی لکاو وەکو ( بەرکار ) ( بەشێوەی پرسیا و وەڵام )

1- هێنامانیت بۆ خوێندنگە. جێناوی (یت) ئەرکی چییە؟

Aبکەر Bبەرکار

C دیارخەری ناو D تەواوکەری بەیاریدە

2- هێنایتی بۆ خوێندنگە. جێناوی (ی) ئەرکی چییە؟

Aبەرکار Bدیارخەری ناو

C بکەر D تەواوکەری بەیاریدە

3- گەر کار ڕابردووی تێپەڕ بێت و سادە بێت، جێناوە لکاوەکان لە ئەرکی بکەر و بەرکاردا دەچنە کوێی کارەکەوە؟

Aبەدوای یەکدا دەکەونە کۆتایی کار Bبەدوای یەکدا دەکەونە سەرەتای کار

C بەدوای یەکدا دەکەونە ناوڕاستی کار D بەدوای یەکدا دەکەونە بەشی یەکەمی کار

4- گەر کار ڕابردووی تێپەڕ بێت و ناسادە بێت، جێناوە لکاوەکان لە ئەرکی بەرکاردا دەچنە کوێی کارەکەوە؟

Aدەکەونە ناوڕاستی کار Bکۆتایی کار

C دەکەونە سەرەتای کا D بەشی یەکەمی کار

5- گەر کار ڕابردووی تێپەڕ بێت، چ کۆمەڵە جێناوێك دەبن بە بەرکار؟

Aم مان، ت تان، ی یان Bم ین، یت ن، ات ێت

C ە، ن D م ین، یت ن، – ن

6- گەر کار ڕانەبردووی تێپەڕ بێت، چ کۆمەڵە جێناوێك دەبن بە بەرکار؟

Aم ین، یت ن، – ن Bم مان، ت تان، ی یان

C م ین، یت ن، ات ێت ن D ە، ن

7- گەر کار داخوازی تێپەڕ بێت، چ کۆمەڵە جێناوێك دەبن بە بکەر؟

Aم ین، یت ن، ات ێت ن Bە، ن

C م مان، ت تان، ی یان D م ین، یت ن، – ن

8- هەڵمان بژێرن. (مان) ئەرکی چییە ؟

Aبەرکار Bبکەر

C تەواوکەری بەیاریدە D دیارخەری ناو

کتێبی هەولێر

## ئەرکی جێناوی کەسی لکاو وەکو ( تەواوکەری بەیاریدە )

### یەکەم/ ڕابردووی تێپەڕ:

A/ ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕ بێت، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم (م،مان، ت،تان، ی،یان)، لەیەك کاتدا، دەبنە بکەر و دەچنە سەر بەرکار، دەبنە تەواوکەری بەیایدە و ڕاستەوخۆ دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندیەوە، ئەگەر بەرکار لابەرین، دوو جێناوی دەستەی یەکەم بەدوای یەکدا دێن و دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

| کاری ڕابردووی تێپەڕ | |
|---|---|
| پرسیارەکانی بۆم چاپکرد.<br>بەرکار بکەر ت. بەیاریدە کار | بۆمـــی چاپکرد.<br>ت. بەیاریدە بکەر کار |
| چایەکەت پێ مان تێکرد. | پێ مانت تێکرد. |

B/ ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕ بێت، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم (م،ین، یت،ن، Ø،ن)، دەبنە تەواوکەری بەیایدە، ڕاستەوخۆ دەچنە کۆتایی کار، ئەگەر بەرکاری لابەرین، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم بکەرە و دەچێتە سەر ئامرازە پەیوەندی.

| کاری ڕابردووی تێپەڕ | |
|---|---|
| پرسیارەکانم بۆ چاپکرد ن.<br>بەرکار بکەر کار ت. بەیاریدە | بۆم چاپکرد ن.<br>بکەر کار ت. بەیاریدە |
| چایەکەت پێ تێکردین. | پێت تێ کردین. |

### دووەم/ ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنەپەڕ:

A/ ئەگەر کاری ڕستە ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنەپەڕ بێت، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم (م،مان، ت،تان، ی،یان)، دەبنە تەواوکەری بەیایدە و دەچنە سەر بکەری ڕستەکە، ئەگەر بکەر لابەرین، دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندیەوە.

| کاری ڕابردوو تێنەپەڕ | | کاری ڕانەبردوو تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|
| نامەکەم بۆ هات.<br>بکەر ت. بەیاریدە ئامرازی پەیوەندی کار | بۆم هات.<br>ئامرازی پەیوەندی ت. بەیاریدە کار | نامەکەم بۆ دێت. | بۆم دێت. |
| پارەکەت بۆ چوو. | بۆت چوو. | پارەکەت بۆ دەچێت. | بۆت دەچێت. |
| هەواڵەکە ی پێگەیشت. | پێی گەیشت. | هەواڵەکەی پێدەگات. | پێی دەگات. |

B/ ئەگەر کاری ڕستە ڕانەبردووی تێپەڕ بێت، جێناوی لکاو لە کۆمەڵەیەی یەکەم (م،مان، ت،تان، ی،یان)، دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە دوای بەرکار، ئەگەر بەرکار لابەرین، دەچنە سەر ئامرازی پەیوەندی.

| کاری ڕانەبردوو تێپەڕ | |
|---|---|
| کارەکە مان پێدەسپێرن.<br>بەرکار ت. بەیاریدە کار | پێمان دەسپێرن.<br>ت. بەیاریدە کار |
| وانەکەمان تێدەگەیەنێت. | تێمان دەگەیەنێت. |

**سێیەم/ بکەر نادیار:**

ئەگەر کاری ڕستە بکەرنادیار بێت، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم (م،مان، ت،تان، ی،یان)، دەبنە تەواوکەری بەیایەدە و دەچنە سەر جێگری بکەر ڕستەکە، ئەگەر جێگری بکەر لابەین، دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

| کاری بکەرنادیار | |
|---|---|
| کارەکە م بۆ تەواوکرا.<br>جێگری بکەر ت. بەیاریدە ئامراز کار | بۆ م تەواوکرا.<br>ئامراز ت. بەیاریدە کار |
| دەفتەرەکەم لێستێنرا. | لێم ستێنرا. |

**چوارەم/ کاری داخوازی:**

ا/ ئەگەر کاری ڕستە داخوازی تێپەڕ بێت، جێناوی لکاو کۆمەڵەی یەکەم، (م،مان، ی،یان)،بێجگە لە کەسی دووەمی تاک و کۆ، دەبنە تەواوکەری بەیاریدە، دەچنە سەر بەرکار، ئەگەر بەرکار لابەرین، دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

| کاری داخوازی تێپەڕ | |
|---|---|
| ڕۆمانەکە م بۆ بخوێنـــەرەوە.<br>بەرکار ت. بەیاریدە ئامراز کار بکەر | بۆ م بخوێنـــەرەوە.<br>ئامراز ت. بەیاریدە کار بکەر |
| هەواڵەکەیان پێبڵێ. | پێیان بڵێ. |

ب/ ئەگەر کاری ڕستە داخوازی تێنەپەڕ بێت، جێناوی لکاو کۆمەڵەی یەکەم، (م،مان، ی،یان)، بێجگە لە کەسی دووەمی تاک و کۆ، دەبنە تەواوکەری بەیاریدە، ڕاستەوخۆ دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

| کاری داخوازی تێپەڕ | |
|---|---|
| پێـیان بـــگە ن.<br>ت. بەیاریدە کار بکەر | تێـیان مـەگـــە ن.<br>ت. بەیاریدە کار بکەر |

تێبینی/ ئەگەر کاری ڕستە (ڕانەبردووی تێپەڕ یان داخوازی تێپەڕ) بێت، بەرکار گرێی ناوی بێت، بە (ناو، جێناو، هاوەڵناو) دیارخرابێت، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم (م مان - ت تان - ی یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە سەر دیارخەر، گەر بەرکار لابرێت، دەچنە دوای ئامرازە پەیوەندییەکە.

| ژ | دیارخەی ناو (بەرکار) | ڕانەبردووی تێپەڕ | داخوازی تێپەڕ |
|---|---|---|---|
| 1 | ناو | نامەکەی ئاراس مان بۆ دەهێنێت. | نامەکەی ئاراس مان بۆ بهێنە. |
| 2 | جێناو | نامەکە ت مان بۆ دەهێنێت. | نامەکە ت مان بۆ بهێنە. |
| 3 | هاوەڵناو | نامە جوانەکە مان بۆ دەهێنێت. | نامە جوانەکە مان بۆ بهێنە. |

هەواڵنامەی کتێب

## ئەرکی جێناوی لکاو وەکو ( تەواوکەری بەیاریدە ) ( بەشێوەی پرسیا و وەڵام )

1- ڕۆمانەکەم بۆ هات. جێناوی لکاوی (م) ئەرکی چییە؟

Aتەواوکەری بەیاریدە  Bبکەر

C بەرکار  D دیارخەری ناو

2- گەر کار ڕابردووی تێپەڕبێت، بەرکار هەبێت، جێناوەکانی (م مان، ت تان، ی یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کوێ؟

A کۆتایی کار  B دەچنە سەر ئامرازی پەیوەندی

C دەچێتە سەر بکەر  D سەربەشی یەکەمی کار

3- گەر کار ڕابردووی تێپەڕبێت، بەرکار باسنەکرابێت،جێناوەکانی (م مان، ت تان، ی یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کوێ؟

Aسەربەشی یەکەمی کار  Bدەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی

C کۆتایی کار  D دەچنە سەر بکەر

4- گەر کار ڕابردووی تێپەڕبێت، بەرکار نەبێت،جێناوەکانی (م ین، یت ن، Ø ن) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کوێ؟

A سەربەشی یەکەمی کار  Bدەچنە سەر بەرکار

C دەچێتە سەر بکەر  D کۆتایی کار

5- گەر کار بکەرنادیار بێت، جێناوەکانی (م مان، ت تان، ی یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کوێ؟

Aدەچنە سەر جێگری بکەر  Bکۆتایی کار

C دەچێتە سەر بکەر  D سەربەشی یەکەمی کار

6- گەر کار داخوازی تێپەڕ بێت، بەرکار لابرابێت، جێناوەکانی (م مان، ی یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کوێ؟

Aدەچێتە سەر بەرکار  Bسەربەشی یەکەمی کار

C کۆتایی کار  D دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی

هەولێرنامەی پێشێ

## هاوەڵناو لە ڕووی بنچینەی وشەکانییەوە ( ڕۆنان )ەوە

هاوەڵناو: وشەیەکە، دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو یان تەواوکەری کاری ناتەواو، سیفەتێك ئاشکرا دەکات و لە هاوچەشنەکانی جیای دەکاتەوە.

هاوەڵناو لە ڕووی پێکهاتنەوە، دوو جۆرە:

یەکەم/ هاوەڵناوی سادە

دووەم/ هاوەڵناوی ناسادە: (داڕێژاو و لێکدراو).

یەکەم/ هاوەڵناوی سادە: بریتییە لە وشەیەکی سادەی واتاداری سەربەخۆ.

نموونە: - بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپك لە نێرگز و گوڵی ناسك
ئەکەم بە دیارییەکی جوان بۆ گەلی کوردی قارەمان
- ئێوەی زیرەك لە وانەکان دەردەچن.
- بابێ سەردار دەوڵەمەندە.

دووەم/ هاوەڵناوی ناسادە:

هاوەڵناوی داڕێژراو: لە وشەیەکی سادەی واتادار و پێشگر یان پاشگر پێکدێت.

چۆنییەتی درووستکردنی هاوەڵناوی داڕێژاو لە هاوەڵناوی سادە:

1-هاوەڵناوی سادە + پاشگر = هاوەڵناوی داڕێژراو

| ژ | هاوەڵناوی سادە | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دوو |ەم | دووەم |
| 2 | ڕوون | اك | ڕووناك |
| 3 | نەرم | ان | نەرمان |
| 4 | ڕەق | ەن | ڕەقەن |
| 5 | دوو | ەمین | دووەمین (هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن) |

2- پێشگر + هاوەڵناوی سادە= هاوەڵناوی داڕێژراو

| ژ | پێشگر | هاوەڵناوی سادە | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | نە | خۆش | نەخۆش |
| 2 | نا | ڕاست | ناڕاست |
| 3 | نا | شیرین | ناشرین |
| 4 | نا | جوان | ناجوان |

هەواڵنامەی کتێب

## چۆنییەتی درووستکردنی هاوەڵناوی داڕێژراو لە ناوی سادە:

1-ناوی سادە+ پاشگر= هاوەڵناوی داڕێژراو

| ژ | ناوی سادە | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو | ژ | ناوی سادە | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پیاو | انە | پیاوانە | 6 | بەخت | یار | بەختیار |
| 2 | ژن | انی | ژنانی | 7 | بەخت | ەوەر | بەختەوەر |
| 3 | زێڕ | ین | زێڕین | 8 | برین | دار | بریندار، زامدار، ڕوودار |
| 4 | مەلە | وان، ڤان | مەلەوان، مەلەڤان | 9 | تەنەکە | چی | تەنەکە چی، ڕاوچی |
| 6 | خێڵ | ەکی | خێڵەکی، دەشتەکی | 10 | گۆشت | ن | گۆشتن |
| | ئاسن | گەر | ئاسنگەر | | | | |

2- پێشگر+ ناوی سادە = هاوەڵناوی داڕێژراو

| ژ | پێشگر | ناوی سادە | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| 1 | بە | ناز، تام | بەناز، بەتام |
| 2 | بە | جەرگ | بەجەرگ |
| 3 | ب | جەرگ | ب جەرگ |
| 4 | بێ | شەرم | بێ شەرم |

## چۆنییەتی درووستکردنی هاوەڵناوی داڕێژراو لە ڕەگی کار:

1- ڕەگی کار + پاشگر = هاوەڵناوی داڕێژراو

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نووسین | نووس | ەر | نووسەر | |
| 2 | گەڕان | گەڕێ | ۆك - یدە | گەڕۆك | گەڕیدە |
| 3 | ترسان | ترس | نۆك - ناك | ترسنۆك | ترسناك |
| 4 | فرۆشتن | فرۆش | یار | فرۆشیار | |
| 5 | زانین | زان | ا | زانا - نەزان | |

2-پێشگر + ڕەگی کار = هاوەڵناوی داڕێژراو

| ژ | چاوگ | پێشگر | ڕەگی کار | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گۆڕین | نە - ب | گۆڕ | نەگۆڕ - بگۆڕ |
| 2 | مردن | نە - ب | مر | نەمر - بمر |
| 3 | بەزین | نە | بەز | نەبەز |

3-پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر= هاوەڵناوی دارێژراو

| ژ | پێشگر | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی دارێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نا | بین | ا | نابینا |
| 2 | بە | توان | ا | بەتوانا |
| 3 | نە | زێ | ۆك | نەزۆك |
| 4 | ب | خۆ | ر | بخۆر |

چۆنییەتی درووستکردنی هاوەڵناوی دارێژراو لە قەدی چاوگ:

- قەدی چاوگ + پاشگر = هاوەڵناوی دارێژراو

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | پاشگر | هاوەڵناوی دارێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نووستن | نووست | وو | نووستوو ، کەوتوو |
| 2 | شکان | شکا | و | شکاو ، ڕزیو، سوتاو |
| 3 | بردن | برد | ە | بردە، کەوتە، خواردە، کوشتە |

- لە کرمانجی ژووروودا، پاشگری (ی) دەخرێتە سەر قەدی چاوگ و هاوەڵناوی دارێژراو درووستدەبێت:

| ژ | چاوگ | قەدی چاوگ | پاشگر | هاوەڵناوی دارێژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەفتن | کەفت | ی | کەفتی |
| 2 | سۆتن | سۆت | ی | سۆتی |

**هاوەڵناوی لێکدراو:** لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت.

چۆنییەتی درووستکردنی هاوەڵناوی لێکدراو لە ناو:

| یاسا | نموونە |
|---|---|
| ناو + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو | چاوباز بەژن چنار |
| ناو + ئامراز + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو | دەستبەسەر گوڵبەدەم |
| دووبارەکردنەوەی ناوێك = هاوەڵناوی لێکدراو | ڕێ ڕێ، چین چین ، پارچە پارچە |
| ناو + هاوەڵناوی کراو = هاوەڵناوی لێکدراو | دڵسووتاو جەرگبڕاو |
| ئاوەڵکار + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو | ژێردەست ژێرچەپۆك |

چۆنییەتی درووستکردنی هاوەڵناوی لێکدراو لە هاوەڵناو:

| یاسا | نموونە |
|---|---|
| هاوەڵناوی ژمارەیی + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو | دوودڵ حەوت ڕەنگ |
| ناو + هاوەڵناو = هاوەڵناوی لێکدراو | دڵ خۆش چاوشین |
| هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو = هاوەڵناوی لێکدراو | بۆرە دەوڵەمەند پاك و خاوێن |
| هاوەڵناو + ئامراو+ ناو = هاوەڵناوی لێکدراو | شۆڕەژن گێلەپیاو |
| هاوەڵناو + بێژەی بێواتا = هاوەڵناوی لێکدراو | نەرم و نۆڵ گورج و گۆڵ |
| دووبارەکردنەوەی هاوەڵناوێکی سادە = هاوەڵناوی لێکدراو | خۆش خۆش زەرد زەرد |
| هاوەڵناو+ هاوەڵناو= هاوەڵناوی لێکدراو | ڕەش ئەسمەر، تازە پێگەیشتوو |

چۆنییەتی درووستکردنی هاوەڵناوی لێکدراو لە ڕەگی کار:

| یاسا | نموونە |
|---|---|
| ناو + ڕەگی کار = هاوەڵناوی لێکدراو | خێرخواز، پیاوکوژ، ڕۆژنامەنووس، قورئان خوێن |
| هاوەڵناو + ڕەگی کار= هاوەڵناوی لێکدراو | ڕاست بێژ، گەش بین، ڕەشپۆش، خۆشنووس |
| ناو + ڕەگی کار+ پاشگر = هاوەڵناوی لێکدراو | خەباتکەر، ڕەنجدەر، جلشۆر، ڕاوکەر، فێرکەر، وازهێنەر، خەباتکەر |

تێبینی: خەبات + کە + ەر= خەباتکەر (لەبەر ئەوەی ڕەگی کار بە پیت بزوێن کۆتایی هاتووە، بزوێنی کورتی (ە) دەرنەکەوتووە).

هەولێرامەی کتێب

## هاوەڵناو لە ڕووی بنچینەی وشەکانییەوە (ڕۆنان)ەوە (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1-بریتییە لەو وشەیەی کە وەسفی ناو یان جێناو دەکات، یان دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو؟

Aهاوەڵکار Bهاوەڵناو

C ناو D چاوگ

2- هاوەڵناو لە ڕووی بنچینەی ڕۆنانەوە، چۆنیەتی دروستبوون و پێکهاتنەوە چەند جۆرەوە؟

Aیەك Bسێ

C دوو D چوار

3- ئەو هاوەڵناوەیە کە لە یەك وشەی سادەی واتاداری سەربەخۆی تەواو پێکدێت؟

Aهاوەڵناوی ناسادە Bهاوەڵناوی دارێژراو

C هاوەڵناوی لێکدراو D هاوەڵناوی سادە

4- ئەو هاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی سادە و پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکدێت؟

Aهاوەڵناوی دارێژراو Bهاوەڵناوی سادە

C هاوەڵناوی ناسادە D هاوەڵناوی لێکدراو

5- ئەو هاوەڵناوەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکدێت؟

Aهاوەڵناوی دارێژراو Bهاوەڵناوی لێکدراو

C هاوەڵناوی سادە D هاوەڵناوی ناسادە

6- هاوەڵناو + ئامراز + ناو ، لەیەکێك لەم هاوەڵناوانە پێکهاتووە؟

Aڕاستبێژ Bدووڕوو

C خرەپیاو D ڕووبەڕوو

7- لە ڕستەی (ڕاستی بە شەقامە ڕاستەکەدا ڕاست دەڕۆشت.) وشەی (ڕاست)ی دوای (شەقام) چییە؟

Aهاوەڵکاری سادە Bهاوەڵناوی دارێژراو

C هاوەڵناوی سادە D ناوی سادە

8- لە ڕستەی (دیواری چین چین درەنگ دەڕوخێت.) وشەی (چین چین) چۆن دروستبووە؟

Aهاوەڵناوی + هاوەڵناو Bهاوەڵکار + هاوەڵکار C هاوەڵناوی دارێژراو D دووبارە کردنەوەی ناو

9- (بریندار) چۆنیەتی دروستبوونی ئەم هاوەڵناوە دارێژراوە دیاریبکە؟

Aناو + ناو Bهاوەڵناو + ناو C ڕەگ + پاشگر D ناو + پاشگر

10- ناو + هاوەڵناو = لەیەکێك لەمانە پێکهاتووە؟

A چاوشین Bژێردەست C چاومار D دووڕوو

11- (جلشۆر) کام لەمانە چۆنییەتی دروستبوونی ئەم هاوەڵناوە لێکدراوە یە؟

Aناو + ڕەگی کار Bناو + ڕەگ + پاشگر (ەر) Cناو + هاوەڵناوی کراو D ناو + هاوەڵناو

## جۆرەکانی هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە ( ڕۆنان )ەوە

**هاوەڵکار لە ڕووی پێکهاتنەوە دوو جۆرە: هاوەڵکاری سادە، هاوەڵکاری نادە.**

**یەکەم/ هاوەڵکاری سادە:** ئەو هاوەڵکارەیە لە بنەڕەتدا، لە یەك وشەی سەربەخۆی واتادار پێکدێ، وەسفی کاری ڕستە دەکات.

**نموونە:** زۆر، باش، گورج، نزیك، گەلێك ... هتد.

**دووەم/ هاوەڵکاری نادە،** دوو جۆرە، داڕێژراو و لێکدراو.

- **هاوەڵکاری داڕێژراو:**ئەو هاوەڵکارەیە،کە لە وشەیەکی واتادار و پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان پێکدێت،لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات.

**هاوەڵکاری داڕێژراو، لە زمانی کوردیدا، بەم شێوانەی خوارەوە دروستدەکرێت:**

**چۆنیەتی دروستکردنی هاوەڵکاری داڕێژراو، لە ناو:**

| ژ | یاسا | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | پێشگر (بە) + ناو = هاوەڵکاری داڕێژراو | بەشەو، بەناز، بەدڵ، بەگیان، بەزستان، بەساڵ |
| 2 | پێشگر (بێ) + ناو = هاوەڵکاری داڕێژراو | بێناز، بێوچان، بێگومان |
| 3 | ناو + پاشگر (ێ) = هاوەڵکاری داڕێژراو | شەوێ، هاوینێ، ڕۆژێ |
| 4 | ناو + پاشگر (انە) = هاوەڵکاری داڕێژراو | ژنانە، پیاوانە، کورانە، ڕۆژانە، شێرانە، منداڵانە، ساڵانە |
| 5 | پێشگر + ناو + پاشگر = هاوەڵکاری داڕێژراو | بێشەرمانە، بێباکانە، بەسواری، بەکوردایەتی |

**چۆنیەتی دروستکردنی هاوەڵکاری داڕێژراو، لە هاوەڵناو:**

| ژ | یاسا | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | پێشگر (بە) + هاوەڵناو = هاوەڵکاری داڕێژراو | بەپەلە، بەتەنیا |
| 2 | هاوەڵناو + پاشگر (انە) = هاوەڵکاری داڕێژراو | دلێرانە، چالاکانە، مەردانە، هێمنانە، ئازایانە، ژیرانە |
| 3 | پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر = هاوەڵکاری داڕێژراو | بەگەرمی، بەجوانی، بەباشی، بەخۆشی، بەساردی، بەهێمنی |

**چۆنیەتی دروستکردنی هاوەڵکاری داڕێژراو، لە هاوەڵکار:**

| ژ | یاسا | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | پێشگر + هاوەڵکار = هاوەڵکاری داڕێژراو | بەزۆر، لەدوور، لەتەنیشت، لەنزیك |

- **هاوەڵکاری لێکدراو:** ئەو هاوەڵکارەیە، لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ یان زیاتر پێکدێ، لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات.

**چۆنیەتی دروستکردنی هاوەڵکاری لێکدراو، لە ناو:**

| ژ | یاسا | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | ناو + بە + ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | ساڵبەساڵ،گوندبەگوند،پێبەپێ،ڕووبەڕوو،ماڵبەماڵ،دێبەدێ،شاربەشار |
| 2 | هاوەڵناوی ژمارەیی + ە + ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | نیوەڕۆ |
| 3 | ناو + وە + ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | شاخەوشاخ، ماڵەوماڵ |
| 4 | ناو + او + ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | دۆڵاودۆڵ، سەراوسەر، پشتاوپشت، دەماودەم |
| 5 | دووبارەبوونەوەی ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | کۆمەڵ کۆمەڵ، پۆل پۆل، چین چین، دەستە دەستە، نم نم |

چۆنیەتی درووستکردنی هاوەڵکاری لێکدراو، لە هاوەڵناو:

| ژ | یاسا | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | هاوەڵناو + بە + ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | پڕبەدەم، پڕبەدڵ، پڕبەدەنگ |
| 2 | هاوەڵناوی نیشانە(ئەم، ئەو) + ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەوساڵ |
| 3 | پێشگر + هاوەڵناوی ژمارەیی + ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | بەیەکجار، بەچوارجار |
| 4 | دووبارەبوونەوەی هاوەڵناوی ژمارەیی = هاوەڵکاری لێکدراو | دوودوو، یەك یەك، سێ سێ |
| 5 | دووبارەبوونەوەی هاوەڵناو = هاوەڵکاری لێکدراو | هێدی هێدی، جوان جوان |
| 6 | هاوەڵناو + و + هاوەڵناو = هاوەڵکاری لێکدراو | تێروپڕ، چوستوچالاك، کزومات، پاکوخاوێن، کزومەلول |
| 7 | پێشگر + هاوەڵناوی لێکدراو + پاشگر = هاوەڵکاری لێکدراو | بەدڵخۆشی،بەدڵپاکی،بەڕووخۆشی،بەسەربەرزی،بەدڵشکاوی |

چۆنیەتی درووستکردنی هاوەڵکاری لێکدراو، لە هاوەڵکار:

| ژ | یاسا | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | هاوەڵکار + هاوەڵکار = هاوەڵکاری لێکدراو | زۆرزۆر، خێراخێرا، درەنگدرەنگ |
| 2 | هاوەڵکار + ان + هاوەڵکار = هاوەڵکاری لێکدراو | بەرانبەر، سەرانسەر |
| 3 | هاوەڵکار + هاوەڵناوی ژمارەیی + ناو = هاوەڵکاری لێکدراو | پاشنیوەشەو، پاشنیوەڕۆ،پێشنیوەڕۆ، دوای نیوەڕۆ |

جۆرەکانی هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە (ڕۆنان)ەوە (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1-بریتییە لەو وشەیەی کە وەسفی کار دەکات؟

Aهاوەڵناو Bهاوەڵکار C ناو D چاوگ

2- ئەو هاوەڵکارەیە کە لە بنەڕەتدا لە یەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە، وەسفی کار دەکات؟

Aهاوەڵکاری داڕێژراو Bهاوەڵکاری لێکدراو C هاوەڵکاری سادە D هاوەڵکاری ناسادە

3- ئەو هاوەڵکارەیە کە لە وشەیەکی واتادار ی سەربەخۆ لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکدێ؟

Aهاوەڵکاری داڕێژراو Bهاوەڵکاری سادە C هاوەڵکاری لێکدراو D هاوەڵکاری ناسادە

4- ئەو هاوەڵکارەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکدێ؟

Aهاوەڵکاری داڕێژراو Bهاوەڵکاری سادە C هاوەڵکاری ناسادە D هاوەڵکاری لێکدراو

5- هاوەڵکار لە ڕووی ڕۆنان و پێکهاتنەوە چەند جۆرە؟

Aیەك Bچوار C دوو D سێ

6- (بەشەو) چۆنیەتی دروستبوونی ئەم هاوەڵکارە دیاری بکە؟

Aپێشگر + هاوەڵناو Bناو + پاشگر C پێشگر + ناو D هاوەڵناو + پاشگر

7- (دۆڵاودۆڵ) چۆنیەت دروتسبوونی ئەم هاوەڵناوە دیاری بکە؟

Aناو + و + ناو Bناو + او + ناو C ناو + ناو D هاوەڵناو +و + هاوەڵناو

هەواڵ ئەمەد کەریم

# ڕادە

ڕادە: وشەیەکە ڕادەی هاوەڵناو یان هاوەڵکار دەردەخات.

**چۆنییەتی دەرخستنی هاوەڵکار بە هاوەڵکار:**

لە ڕستەیەکدا، دوو هاوەڵکار بەدوای یەکدا دێن، هاوەڵکاری یەکەم دیارخەرە، هاوەڵکاری دووەم دیارخراوە، هەردووکیان دەبنە گرێیەکی هاوەڵکاری، لە نێوان دوو هاوەڵکارەکەدا، ئامرازی خستنەسەر بەکارنایەت، هەمیشە هاوەڵکاری یەکەم چەندێتییە و دووەمیش چۆنییەتی و کاتی و شوێنییە.

ئەم هاوەڵکارانە ڕادەی هاوەڵکاری چۆنییەتی و کاتی و شوێنی دەردەخەن: (زۆر، هەندێك، گەلێك، برێك، کەمێك، تۆزێك، پچکێك و فرە)، پێیان ئەوترێ: هاوەڵکاری چەندێتی.

یاسا/ هاوەڵکار + هاوەڵکار = گرێی هاوەڵکاری

دیارخەر (چەندێتی) دیارخراو (چۆنێتی، کاتی، شوێنی)

نموونە/

| وانەکەمان زۆر خێرا تەواوکرد. | |
|---|---|
| دیارخەرە | دیارخراو |
| هاوەڵکار | هاوەڵکار |
| چەندێتییە | چۆنێتییە |
| ( زۆر خێرا ) گرێی هاوەڵکارییە تەواوکەری کاری ڕستەیە(تەواوکرد). | |

| ئاگرەکە زۆر زوو کوژاندەوە. | |
|---|---|
| دیارخەرە | دیارخراو |
| هاوەڵکار | هاوەڵکار |
| چەندێتییە | کاتییە |
| ( زۆر زوو ) گرێی هاوەڵکارییە تەواوکەری کاری ڕستەیە(کوژاندەوە). | |

| منداڵەکە زۆر دوور ڕۆشت. | |
|---|---|
| دیارخەرە | دیارخراو |
| هاوەڵکار | هاوەڵکار |
| چەندێتییە | شوێنییە |
| ( زۆر دوور ) گرێی هاوەڵکارییە تەواوکەری کاری ڕستەیە(ڕۆشت). | |

**چۆنییەتی دەرخستنی هاوەڵناو بە هاوەڵناو:**

لە ڕستەدا، دوو هاوەڵناو بەدوای یەکدادێن، هەمیشە هاوەڵناوی یەکەم هاوەڵناوی نادیارە و هاوەڵناوی دووەمیش چۆنێتییە، لە نێوان دوو هاوەڵناوەکەدا، ئامرازی خستنەسەر بەکار نایەت، هاوەڵناوی یەکەم دیارخەرە و دووەمیش دیارخراوە.

ئەم هاوەڵناوانە: (زۆر، هەندێك، گەلێك، برێك، کەمێك، تۆزێك، پچکێك و فرە)، هاوەڵناوی چۆنییەتی دەردەخەن، پێیان ئەوترێ: هاوەڵناوی نادیار.

یاسا/ هاوەڵناو دیارخەر (نادیار) + هاوەڵناو دیارخراو (چۆنیەتی) = گرێی هاوەڵناوی

| | |
|---|---|
| مندالێکی زۆر جوان م بینی. | |
| دیارخەرە | دیارخراو |
| هاوەڵناوە | هاوەڵناوە |
| نادیارە | چۆنیەتی |
| ( زۆر جوان) گرێی هاوەڵناوییە، دیارخەری ناوی (مندالّ)ە. | |

| | |
|---|---|
| قەلایەکی گەلێك سەختی بنیاتنرا. | |
| دیارخەرە | دیارخراو |
| هاوەڵناوە | هاوەڵناوە |
| نادیارە | چۆنیەتی |
| ( گەلێك سەخت) گرێی هاوەڵناوییە، دیارخەری ناوی (قەلا)ە. | |

| | |
|---|---|
| قەلای هەولێر زۆر کۆنە. | |
| دیارخەرە | دیارخراو |
| هاوەڵناوە | هاوەڵناوە |
| نادیارە | چۆنیەتی |
| ( زۆر کۆن) گرێی هاوەڵناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە. | |

تێبینی/ هاوەڵناو یان گرێی هاوەڵناوی دوو ئەرکی هەیە:

| ژ | ئەرکی هاوەڵناو | نموونەی ڕستە | |
|---|---|---|---|
| 1 | دیارخەری ناو | مندالێکی زۆر جوانم بینی. | قەلایەکی گەلێك سەختی بنیاتنرا. |
| 2 | تەواوکەری کاری ناتەواو | مندالەکە زۆر جوان بوو (ە، دەبێت). | قەلایەکی گەلێك سەختی بوو (ە، دەبێت). |

تێبینی/ جیاوازی ئەم دوو ڕستەیە چییە؟ - بایەکە زۆر بەگوڕ بوو. - بایەکە زۆر بەگوڕ هات.

گرێی هاوەڵناوی — گرێی هاوەڵکاری

لە ڕستەی یەکەمدا،کار ناتەواوە، بۆیە گرێکە دەبێتە (گرێی هاوەڵناوی)،بەلام لە ڕستەی دووەمدا، کار تەواوە، بۆیە گرێکە دەبێتە گرێی هاوەڵکاری.

## ڕادە (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1-گوڵێکی زۆر جوانم بینی. وشەی (زۆر) دیارخەری وشەی (جوان)ە، دەبێتە دیارخەری هاوەڵناوی؟

Aهاوەڵناوی چۆنیەتی　　Bهاوەڵناوی نادیار

C هاوەڵناوی پرس　　D هاوەڵناوی چەندێتی

2- خانی لەپ زێڕین هینێکی گەلێك سەختی درووستکرد. (گەلێك سەخت) گرێیەکی چۆنە؟

Aگرێی هاوەڵناوی　　Bگرێی هاوەڵکاری

C گرێی ناوی　　D هیچیان

3- لە ڕادەی هاوەڵناویدا، هەمیشە دیارخراو پێویستە هاوەڵناوێکی چۆن بێت؟

Aنادیار　　Bپلەی باڵا

C چۆنێتی　　D پلەی بەراورد

4- نەخۆشەکە زەردزەرد هەڵگەڕا. گەر وشەی (زەردزەرد) بکەین بە گرێی هاوەڵناوی، پێویستە کاری ڕستەکە چۆنبێت؟

Aکاری تەواوی تێپەربێت　　Bکاری بکەرنادیاربێت

C کاری تەواوی تێنەپەڕبێت　　D کاری ناتەواوبێت

5- لە ڕستەی (نانەکەمان زۆر خێرا خوارد.) وشەی (زۆر) دەبێت بە؟

Aهاوەڵکاری چەندێتی　　Bهاوەڵکاری چۆنێتی

C هاوەڵکاری کاتی　　D هاوەڵکاری شوێنی

6- لە ڕادەی هاوەڵکاریدا، پێویستە هەمیشە دیارخراو یەکێك بێت لەم هاوەڵکارانە؟

Aکاتی، شوێنی، چەندێتی　　Bکاتی، شوێنی، چۆنێتی

C کاتی، چۆنێتی　　D چەندێتی، کاتی

7- پیلاوەکەم زۆر خێرا لەپێکرد. (زۆر خێرا) گرێیەکی چۆنە؟

Aگرێی هاوەڵناوی　　Bگرێی ناوی

C گرێی هاوەڵکاری　　D هیچیان

## ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

**یەکەم/ لە کرما نجی خوارووداَ: ( ناو ) دیارخراو + ئامرازی خستنەسەر ( ی ) + ( ناو ) دیارخەر = گرێی ناوی**

- کاتێك ناوێك دەبێتە دیارخەری ناوێك، پێویستە لە ڕووی واتا و بیرەوە، لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێ، نا گونجێ بڵێین: مێشکەکانی مرۆڤ، دڵەکانی مرۆڤ. ئەم گرێ ناوییانە لەڕووی ڕێزمانییەوە ڕاستە، بەڵام لەڕووی واتا و بیرەوە هەڵەن.

- دەگونجێ ناوێکی تاکی نەناسراو، ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| ئاو ی کانی پاکە. | نیهاد |
| دیارخراو دیارخەر | |

- دەگونجێ ناوێکی تایبەتی ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدانکرانەوە. | جێگری بکەر |
| دیارخراو دیارخەر | |

- دەگونجێ ناوێکی گشتی ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| مەموزین داستانێکی فۆلکلۆرییە. | ت. کاری ناتەواو |
| دیارخراو دیارخەر | |

- دەگونجێ ناوێکی دەستنیشانکراو ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی نەناسراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| منداڵانی ئەم گەڕەکە خاوێنن. | نیهاد |
| دیارخراو دیارخەر | |

- دەگونجێ ناوێکی تایبەتی، ببێتە دیارخەری ناوێکی دەستنیشانکراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| ئەم دیوانەی نالی بکرە. | بەرکار |
| دیارخراو دیارخەر | |

- دەگونجێ دوو ناوی یەك لە دوای یەك، ببێنە دیارخەری ناوێکی کۆی نەناسراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| کرێکارانی کارگەی مافور دڵسۆزانە کاردەکەن. | بکەر |
| دیارخراو دیارخەر | |

- دەگونجێ ناوێکی تاکی ناسراو، ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| تابلۆکانی ژوورەکەم هەڵواسیوە. | بەرکار |
| دیارخراو دیارخەر | |

- دەگونجێ ناوێکی تایبەتی، ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| گوێزی هەورامان بەدەست دەشکێ. | بکەر |
| دیارخراو دیارخەر | |

- دەگونجێ کۆی ناسراو، ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| گوڵەکانی باخچەکان ئاوبدە. | بەرکار |
| دیارخراو دیارخەر | |

-دەگونجێ ناوێکی تاکی ناسراو دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو بێت.

| ڕســـتە | ئەرکی گرێ |
|---|---|
| نەمامەکان بۆ باخچەی خوێندنگەکە دەبەین. | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو |
| نەمامەکان بۆ باخچەی خوێندنگەکە بوون. | تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو |

تێبینی/ وشەی (دیارخراو یان دیارخەر) لە ڕێزمانی کوردیدا، بە ئەم دەستەواژەیەش بەکاردێت: (دەرخراو= دەرخەر)

**دووەم/ لە کرمانجی ژووروودا:**

**لە کرمانجی ژووروودا، تەواوکرنی ناو بە ناو، بە پێی ئەم یاسایەیە:**

(ناو) دیارخراو + ئامرازی خستنەسەر (ا ، ێ) + (ناو) دیارخەر = گرێی ناوی

(ێد، ێن، ێت)

کتێبی هەواڵنامە

1-لە کرمانجی ژووروود، ئامرازی خستنەسەر، بۆ مێی تاك (ا)، هەروەها بۆ نێری تاك (ێ)یە.

| |
|---|
| ئەو ژنەکا میهرەبان بوو. |
| دیارخراو دیارخەر |
| کوڕێ پاشایێ بچووك هات. |

2-لە کرمانجی ژووروودا، ئامرازی خستنەسەر بۆ نێر و مێی کۆ، ئەمانەن: (ێد، ێن، ێت).

| |
|---|
| شارێد کوردستانی خۆشن. |
| زارۆکێن گوندێن مە زرنگن. |
| دارێت چیایان بڵندن. |
| دیارخراو دیارخەر |

## هەندێك زانیاری گشتی لە ناو:

ناو/ وشەیەکە بۆ ناونانی کەس، شت، شوێن، ئاژەڵ یان بیِّگیان. ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

**یەکەم/ ناو لە ڕووی دارشتنەوە:**

| ناوی سادە | ناوی ناسادە | |
|---|---|---|
| | ناوی داڕێژراو | ناوی لێکدراو |
| کورد، تەور | کوردستان، ئاسنگەر | کوردزمان، تەورداس |

**دووەم/ ناو لە ڕووی ناوەرۆکەوە:**

| تایبەتی | گشتی | کۆمەڵ |
|---|---|---|
| سلێمانی، سارا | شار، کچ | میللەت، سوپا |

**سێیەم/ ناو لە ڕووی هەبوونەوە:**

| بەرجەستە | واتایی |
|---|---|
| کتێب، خوێندنگە | هێز، باوەڕ |

**چوارەم/ ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە:**

| نێر | مێ | دوولایەن | بێلایەن |
|---|---|---|---|
| کوڕ، کەڵەشێر | کچ، مریشك | مامۆستا، خوێندکار | بەرد، دەرگا |

**پێنجەم/ تایبە تمەندییەکانی ناو:**

| نەناسراوی | ناسراوی | ناوی تاك | ناوی کۆ |
|---|---|---|---|
| کوڕ | کوڕەکە | کوڕ | کوڕان |

هەواڵنامەی کتێب

## ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

1-ناو بەچی دەردەخرێت؟

Aناو، جێناو، هاوەڵکار
Bناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار
C ناو، جێناو، هاوەڵناو
D تەنیا بە ناو

2- ناوێکی کۆی ناسراو دیارخەر ناوێکی کۆی ناسراو بێت؟

Aتابلۆکەی ژوورەکە
Bتابلۆکانی ژوورەکە
C تابلۆی ژوورەکان
D تابلۆکانی ژوورەکان

3- پەنجەرەکانی ئەم پۆلە داخەن. دیارخەری ناو چییە؟

Aناوێکی کۆی ناسراو
B ناوی دەستنیشانکراو
C ناوێکی کۆی نەناسراو
D ناوێکی گشتی

4- - کام لەمانە ناوێکی تاکی ناسراوە، بووە بە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو؟

Aدێهاتەکانی کوردستان
Bدێهاتەکانی وولآت
Cبازاڕی شارەکان
D پێڵاوەکانی منداڵەکان

هەواڵنامەی کتێب

# ئەركی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەكو دیارخەری ناو

یەكەم/ **ناوی نەناسراو:** ئەگەر هاوەڵناو بوو بە دیارخەری ناوی **نەناسراو یان ناوی گشتی**، ئەوا هاوەڵناوەكە دەچێتە دوای ناوەكە و ئامرازی خستنەسەر دەكەوێتە نێوانیان. بە پێی یەكێك لەم یاسایانە:

**A- ناوی تاكی نەناسراو:** ( **ناوی نەناسراو** ) **دیارخراو** + ( ی ) **خستنەسەر** + ( **هاوەڵناو** ) **دیارخەر = گرێی ناوی**

| ژ | (ناوی نەناسراو) دیارخراو | خستنەسەر | (هاوەڵناو) دیارخەر | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چیرۆكێك | ی | چۆن (پرس) | چیرۆكێكی چۆن دەنووسێت؟ |
| 2 | چیرۆكێك | ی | دیكە (نادیار) | چیرۆكێكی دیكە دەنووسێت. |
| 3 | چیرۆكێك | ی | دووەم (ژمارەیی) | چیرۆكی دووەم دەنووسێت. |
| 4 | چیرۆكێك | ی | جوانتر (پلەی بەراورد) | چیرۆكێكی جوانتر دەنووسێت. |

تێبینی/ هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێكخستن، ئەگەر بە پاشگری (ەم) دروستكرابێت، دەتوانێت وەك دیارخەر بچێتە دوای ناوە دیارخراوەكەوە ئامرازی (ی) خستنەسەری پێویستە وەك: نامەی یەكەم دەنووسێت. هەروەها دەتوانێت وەك دیارخەر بچێتە پێش ناوە دیارخراوەكەوە، ئامرازی (ی) خستنەسەری پێویست نییە: وەك یەكەم نامە دەنووسێت.
بەڵام ئەگەر هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێكخستن بە پاشگری (ەمین) دروستكرابێت، وەك دیارخەر تەنیا دەتوانێت بچێتە پێش ناوە دیارخراوەكەوە، پێویستی بە (ی) خستنەسەر نابێت: وەك یەكەمین نامەی نووسی.

**B - ناوی گشتی:** ( **ناوی گشتی** ) **دیارخراو** + ( ی ) **خستنەسەر** + ( **هاوەڵناو** ) **دیارخەر = گرێی ناوی**

| ژ | (ناوی گشتی) دیارخراو | خستنەسەر | (هاوەڵناو) دیارخەر | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زێڕ | ی | پاك (چۆنێتی) | زێڕی پاك بەخۆڵ پیس نابێت. |

**ئەم هاوەڵناوانە گەر بچنە پێش ناو، پێویستیان بە ئامرازی خستنەسەر ( ی ) نییە، دەبنە دیارخەری ناوەكە:**

| ژ | جۆری هاوەڵناو | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | هاوەڵناوی پرس (كام، چ) | چ، كام یاریزان باشترین یاریزانە. |
| 2 | هاوەڵناوی نیشانە ئەم...ە، ئەو...ە | ئەم خوێندنگەیە پێشكەوتووە. |
| 3 | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی | یەك خوێندكار نمرەی بەرزی هێنا. |
| 4 | هاوەڵناوی نادیار | هەموو مرۆڤێك بە كردار هەڵبسەنگێنە. |
| 5 | هاوەڵناوی پلەی باڵا (ترین) | جوانترین دیاری پێشكەش دەكەم. |

دووەم/ **ناوی ناسراو:** ئەگەر هاوەڵناوێك بووە دیارخەری ناوێکی ناسراو، ناوەکە و هاوەڵناوەکە دەچنە سەر شێوەی (ناوی لێکدراو)، ئامرازی خستنەسەر دەبێتە (ە)، هەروەها نیشانەی ناسراوی یان کۆ، دەچێتە سەر هاوەڵناوەکە. بە پێی یەکێك لەم یاسایانە:

**A -ئەگەر ناوەکە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ئامرازی خستنەسەر دەبێتە (ە):**

(ناوی ناسراو) دیارخراو + (ە) ئامرازی خستنەسەر + (هاوەڵناو) دیارخەر (ەکە ، ان) = گرێی ناوی

| ژ | (ناوی ناسراو) دیارخراو | خستنەسەر | هاوەڵناو دیارخەر (ەکە، ان) | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندکار | ە | زیرەکەکان | خوێندکارە زیرەکەکان خۆشەویستن. |

**B-ئەگەر ناوە ناسراوەکە کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ا، ە، ۆ، ێ) هاتبوو، تاك بێت یان کۆ، هاوەڵناوەکە دەبێتە دیارخەری ناوەکە، بەم جۆرە:**

**1-ئەگەر ناوە دیارخراوەکە لە یەك برگە زیاتر پێکهاتبوو، ئامرازی خستنەسەر (ە) دەرناکەوێ:**

| ژ | ناو دیارخراو | هاوەڵناو دیارخەر +ەکە + ان | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | گەڵا | سەوزەکان | گەڵا سەوزەکان هەڵوەرین. |
| 2 | گەزۆ | نایابەکان | گەزۆ نایابەکان بکڕە. |
| 3 | هەرمێ | ڕزیوەکان | هەرمێ ڕزیوەکان فڕێبدە. |
| 4 | پەنجەرە | بەرزەکان | پەنجەرە بەرزەکان داخەن. |

**2- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە لە یەك برگە پێکهاتبوو خستنەسەر دەردەکەوێت بە زیادکردنی (ی) ناوبەند:**

| ژ | ناو دیارخراو | خستنەسەر | هاوەڵناو دیارخەر +ەکە + ان | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | با | ە | سادەکە | بایە ساردەکە هەڵیکرد. |
| 2 | شە | ە | بچووکەکە | شەیە بچووکەکە بکڕە. |
| 3 | دۆ | ە | ترشەکە | دۆیە ترشەکە مەخۆ. |
| 4 | دێ | ە | جوانەکە | دێیە جوانەکە ئاوەدانە. |

- ئەگەر ناوێکی ناسراو بە (وو) کۆتایی هاتبوو، هاوەڵناوێك بووە دیارخەری، ئامرازی خستنەسەری (ە) دەردەکەوێ، بەزیادکردنی (و)ی ناوبەند، لە نێوانیاندا. هەر چەندە لە زمانی کوردیدا، سێ (و) بەدوای یەکتردا نایەن، بۆیە دوو (و)ی درێژی وشەکە، دەگۆڕین بۆ یەك (و)ی کورت.

| |
|---|
| نموونە: کەیبانووە باشەکە خواردنەکەی ئامادەکرد. |

- ئەگەر ناوێکی ناسراو کۆتایی بە (ی) بزوێن هات، هاوەڵناو بووە دیارخەری، ئامرازی خستنەسەر (ە) دەردەکەوێ، بەزیادکردنی (ی) ناوبەند لە نێوانیاندا.

| |
|---|
| نموونە: بییە سەوزەکە جوانە. |

پرسیار: - لە زمانی کوردیدا، دەگونجێ چەند هاوەڵناوێك بە دوای یەکتردا ببنە دیارخەری ناو؟

دەگونجێ چەند هاوەڵناوێك، یەك بەدوای یەکدا، ببنە دیارخەری ناوێك، ناو و هاوەڵناوەکان دەچنە سەر شێوەی ناوێکی لێکدراو، هەروەها ئامرازی خستنەسەر، لە (ی)یەوە، بۆ (ە) دەگۆڕدرێ، نیشانەی کۆ یان ناسراویی دەچێتە کۆتایی دوا هاوەڵناو.

| |
|---|
| نموونە: درەختە سەوزە بەرزە جوانەکان مەبڕن. |

تێبینی/ هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی دەکەوێتە پێش ناو و پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر دەبێت.

نموونە: نیوەی کرێکارەکان ئامادەبوون. سێ یەکی کتێبەکەم خوێندەوە.

هەولێر دیتر

## ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

1-دەرگا گەورەکەی کردەوە.  چی دەرنەکەوتووە؟

A بکەر　　B بەرکار　　C ئامرازی خستنەسەر　　D دیارخەری ناو

2- دۆیە ساردەکە بخۆ.  پیتی (ی) دوای دۆ چییە؟

A ئامرازی خستنەسەر　　B ئامرازی پەیوەندی　　C ناوبەند　　D جێناوی لکاو

3- درەختە سەوزە بەرزە جوانەکان مەبڕن.  (درەخت) ناوێکی چۆنە؟

A ناوێکی ناسراوە　　B ناوێکی نەناسراو　　C ناوێکی  تایبەتی　　D ناوێکی ناسراو و کۆیە

4- (ناو) دیارخراو + (ی) خستنەسەر +(هاوەڵناو) دیارخەر=گرێی ناوی، بە پێی ئەم یاسایە، پێویستە (ناوە دیارخراوەکە) ناوێکی چۆن بێت؟

A ناوی نەناسراو　　B ناوی ناسران　　C ناوی دەستنیشانکراو　　D ناوی تایبەتی

5- (ناو) دیارخراو + (ە) ئامرازی خستنەسەر + (هاوەڵناو) دیارخەر (ەکە ، ان) = گرێی ناوی، بە پێی ئەم یاسایە، پێویستە (ناوە دیارخراوەکە) ناوێکی چۆن بێت؟

A ناوی ناسراو　　B ناوی نەناسراو　　C ناوی دەستنیشانکراو　　D ناوی تایبەتی

6- ئەگەر هاوەڵناوێك ببێت بە دیارخەری ناوێکی نەناسراو، هاوەڵناوەکە بکەوێتە دوای ناوەکە، پێویستمان بە چی دەبێت؟

A خستنەسەر پێویست نییە　　B ئامرازی پەیوەندی پێویستە　　C خستنەسەر پێویستە　　D ناوبەند پێویستە

7- گەر هاوەڵناوێك ببێتە دیارخەری ناوێکی ناسراو، ئامرازی خستنەسەر چۆن دەبێت؟

A خستنەسەری (ە)　　B خستنەسەری (ی)　　C خستنەسەر پێویست نییە　　D ئامرازی ناساندن پێویستە

8- ئەگەر ناوێکی ناسراو کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ا، ە، ۆ، ێ) هاتبوو، تاك بێت یان کۆ، هاوەڵناوێك ببێتە دیارخەری ناو، ئەگەر ناوەکە لە یەك برگە زیاتر پێکهاتبوو، ئامرازی خستنەسەر دەردەکەوێت یان نا؟

A خستنەسەری (ە) دەرناکەوێ　　B خستنەسەری (ە) دەردەکەوێ

C خستنەسەری (ی) دەردەکەوێ　　D خستنەسەری (ی) دەرناکەوێ

9- گەر هاوەڵناوێك ببێتە دیارخەری ناوێکی ناسراو، کەی پێویستمان بە ناوبەندی (ی) هەیە؟

A ناوەکە یەك برگەبێ و کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێ　　B ناوەکە دوو برگەبێ و کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێ

C ناوەکە دوو برگە زیاتر بێت و کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێ　　D گەر هاوەڵناوەکە پێشکەوێ

10- هاوەڵناوی (پلەی بەراورد) گەر ببێتە دیارخەری ناو، دەکەوێتە کوێی ناوەکەوە؟

A دەکەوێتە پێش ناو　　B نابێت بە دیارخەری ناو　　C هیچیان　　D دەکەوێتە دوای ناو

11- هاوەڵناوی (پلەی باڵا) گەر ببێتە دیارخەری ناو، پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر هەیە یان نا؟

A پێویستی بە خستنەسەری (ە) هەیە　　B پێویستی بە خستنەسەر نییە

C پێویستی بە خستنەسەری (ی) هەیە　　D هیچیان

## ئەرکی جێناوی سەربەخۆ، لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

( ناو ) دیارخراو + ( ی ) ئامرازی خستنەسەر + ( جێناوی سەربەخۆ ) دیارخەر = گرێی ناوی

**یەکەم/ جێناوی کەسی سەربەخۆ دەبێتە دیارخەری ناو:**

جێناوی کەسی سەربەخۆ: (من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو ، ئەوان).

| ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | جێناوی کەسی سەربەخۆ (دیارخەر) | ڕستە |
|---|---|---|---|
| کتێبەکە | ی | من | کتێبەکە ی من بەنرخە. |

**دووەم/ جێناوی نادیار دەبێتە دیارخەری ناو:**

جێناوی نادیار: (فلان، فیسار، هین، کەس، کابرا، هتد.... ).

| ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | جێناوی نادیار (دیارخەر) | ڕستە |
|---|---|---|---|
| پەرداخ | ی | کەس | کەس بە پەرداخی کەس ئاو نەخواتەوە. |

**سێیەم/ جێناوی نیشانە دەبێتە دیارخەری ناو:**

جێناوی نیشانە: (ئەمە، ئەمانە، ئەوە ، ئەوانە).

| ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | جێناوی نیشانە (دیارخەر) | ڕستە |
|---|---|---|---|
| تاقیگە | ی | ئەمانە | تاقیکردنەوەکەم لە تاقیگە ی ئەمانە بوو. |

**چوارەم/ جێناوی پرس دەبێتە دیارخەری ناو:**

جێناوی پرس: (کێ، کام).

| ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | جێناوی پرس (دیارخەر) | ڕستە |
|---|---|---|---|
| ژوور | ی | کێ | لە ژوور ی کێ دانیشتن. |

**پێنجەم/ جێناوی خۆیی دەبێتە دیارخەری ناو:**

جێناوی خۆیی: ( خۆم، خۆمان، خۆت، خۆتان).

| ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | جێناوی خۆیی (دیارخەر) | ڕستە |
|---|---|---|---|
| گەردن | ی | خۆت | دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە. |

تێبینی/ جێناوی هەیی، نابێتە دیارخەری ناو، هەمیشە دەبێتە دیارخراو.

- کۆمەڵێك جێناوی سەربەخۆ هەیە، وەك دیارخەر بەکاردێن: وەك: (من مە، تە وە، وی وێ وان).

| ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | جێناوی دیارخەر | ڕستە |
|---|---|---|---|
| شار | ێد، ێن، ێت، ا، ێ | (من مە، تە وە، وی وێ وان) | شار ێد وی خۆشە. |

کتێبی هەوالنامە

## ئەرکی جێناوی سەربەخۆ، لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1-چ جێناوێکی سەربەخۆ ناتوانێ ببێت بە دیارخەری ناو؟

Aجێناوی خۆیی Bجێناوی پرس

C جێناوی هەیی D جێناوی نادیار

2- شارێد وی خۆشە. دیارخەری ناو چییە؟

Aجێناوی کەسی سەربەخۆ Bجێناوی کەسی لکاو

C جێناوی نیشانە D جێناوی خۆیی

3- کتێبەکەم لە کتێبخانەی ئەمە بوو. وشەی (ئەمە) چ جۆرە جێناوێکە بووە بە دیارخەری وشەی (کتێبخانە)؟

Aجێناوی نادیار Bجێناوی نیشانە

C جێناوی پرس D جێناوی خۆیی

هەواڵنامەی کتێب

## ئەرکی جێناوی کەسی لکاو، لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

**ناو (دیارخراو) + جێناوی کەسی لکاو = گرێی ناوی**

یەکەم/ ئەگەر کاری ڕستە تێنەپەڕ بوو، (ڕابردوو یان ڕانەبردوو)، جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم، دەبنە دیارخەری ناو، دەچنە دوای ئەو ناوەی دەوری بکەر دەبینێ.

| | |
|---|---|
| ڕابردووی تێنەپەڕ | هاوڕێکە (م، مان، ت، تان، ی، یان) چوو بۆ سەیری پێشەنگە. |
| ڕانەبردوو تێنەپەڕ | هاوڕێکە (م، مان، ت، تان، ی، یان) دەچێت بۆ سەیری پێشەنگە. |
| | (دیارخراو + دیارخەر ) |

دووەم/ ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ بێت، جێناوی کەسی لکاو، لە کۆمەڵەی یەکەم، دەبێتە دیارخەری ناو، دەچێتە دوای ئەو ناوەی کە دەبێتە بەرکار.

| | |
|---|---|
| ڕانەبردووی تێپەڕ | قوتابخانەکە (م، مان، ت، تان، ی، یان) نۆژەن دەکەنەوە. |
| | (دیارخراو + دیارخەر ) |

-ئەگەر ناوێك، بە ناوێك یان هاوەڵناوێك دیارخرابوو، ئەوا جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەبنە دیارخەر پاشان دەچنە دوای ناوەکە یان هاوەڵناوەکە.

| |
|---|
| خوێندنگە ی شارەکە (م، مان، ت، تان، ی، یان) نۆژەندەکەنەوە. |
| دیارخراو + دیارخەر + دیارخەر |
| دەرگا ی ژوور ە گەورەکە (م، مان، ت، تان، ی، یان) یان بۆیە کرد. |
| دیارخراو + (ژووری گەورەکە) گرێی ناوییە دیارخەرە+ دیارخەر |

سێیەم/ ئەگەر کاری ڕستە داخوازی بێت، جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم، دەبن بە دیارخەری ناو و دەچنە دوای بەرکار.

| | |
|---|---|
| داخوازی | پەیامەکە (م، مان، ت، تان، ی، یان) بگەیەنن. |
| | دیارخراو دیارخەر |

چوارەم/ ئەگەر کاری ڕستە بکەرنادیار بوو، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم، دەبە دیارخەر و دەچنە دوای ناوەکە.

| | |
|---|---|
| بکەرنادیار | زیندانییەکان (م، مان، ت، تان، ی، یان) ئازادکرا. |
| | دیارخراو دیارخەر |

پێنجەم/ ئەگەر كاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕ بوو، جێناوە لكاوەكان بە دوو شێوە دەبنە دیارخەر:
1-ئەگەر جێناوەلكاوەكانی كۆمەڵەی یەكەم، بوون بە دیارخەری ناو، دەچنە دوای ناوە دیارخراوەكە، هەروەها هەمان كۆمەڵە دەبنە بكەر و دەچنە دوای دیارخەر.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕابردووی تێپەڕ | پەیامەكە | ت | م | گەیاند. |
| | دیارخراو | دیارخەر | بكەر | |

2-ئەگەر كۆمەڵەی دووەم لە جێناوە لكاوەكان بوون بە دیارخەر دەچنە سەر كۆتایی كار.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕابردووی تێپەڕ | پەیامەكە | م | گەیاند | یت. |
| | دیارخراو | بكەر | | دیارخەر |

شەشەم/ لەگەڵ كاری ناتەواو:

| ژ | دەمی كاری ناتەواو | | ناو (دیارخراو) | جێناوی لكاو (دیارخەر) | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕابردوو | بوو | خوێندكارەكە | مان | خوێندكارەكەمان زیرەك بوو. |
| 2 | ڕانەبردوو (ئێستا) | ە | خوێندكارەكە | تان | خوێندكارەكەتان زیرەكە. |
| 3 | ڕانەبردوو (داهاتوو) | دەبێت | خوێندكارەكە | یان | خوێندكارەكەیان زیرەك دەبێت. |

هەولنامەی كیژ

تێبینی/
یەكەم/ ئەو ناوەی دەبێت بە (دیارخراو) پێویستە (ناوێكی گشتی) بێت.
دووەم/ ناوە دیارخراوەكە و جێناوە لكاوەكە، گرێیەكی ناوی دروستدەكەن، پێویستیان بە ئامرازی خستنەسەر نییە.

| جێناوی لكاو وەكو دیارخەری ناو دەتوانێ هەموو ئەركەكانی ناو ببینێ: | |
|---|---|
| نیهاد | باوكم دڵسۆزە. |
| بكەر | باوكمان دێت بۆ ئاهەنگ. |
| ت.بەیاریدەی كاری تەواو | دیاریكەت بە باوكم بەخشی. |
| ت.بەیاریدەی كاری ناتەواو | دیارییەكە بۆ باوكم بوو. |
| تەواوكەری ڕاستەخۆی كاری ناتەواو | ئەوە باوكیان بوو. |
| جێگری بكەر | باوكیان خەڵاتكرا. |
| بەركار | باوكت خەڵاتدەكەن. |
| دیارخەری ناو | فەرشەكەی باوكم نەخشینە. |

ئەرکی جێناوی کەسی لکاو، لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو (بەشێوەی پرسیا و وەڵام)

1-لە ڕستەی (پەیامەکەتم گەیاند.)  جێناوی لکاوی (ت) ئەرکی چییە؟

Aدیارخەری ناو　　Bبکەر

C بەرکار　　D تەواوکەری بەیاریدە

2- گەر کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕبێت، جێناوی لکاوی دەستەی دووەم ببێت بە دیارخەری ناو دەچێتە کوێی ڕستەکەوە؟

Aبەشی یەکەمی کار　　Bدەچێتە سەر بەرکار

C کۆتایی کار　　D دەچێتە سەر بکەر

3- گەر کاری ڕستە داخوازی بێت، جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم دەبنە دیارخەری ناو و دەچنە سەر چ بەشێکی ڕستە؟

Aکۆتایی کار　　Bبەشی یەکەمی کار

C بەرکار　　D پێش بکەر

4- جێناوی لکاوی دەستەی (م ین)، دەبنە دیارخەری ناو، گەر کارەکە؟

Aڕانەبردووی تێپەڕ　　Bڕابردووی تێپەڕ

C ڕانەبردووی تێنەپەڕ　　D ڕابردووی تێنەپەڕ

5- گەر کار بکەر نادیار بێت، جێناوی لکاوی (م مان) دەبنە دیارخەر و دەچنە سەر چ بەشێکی ڕستەکە؟

Aسەرەتای کار　　Bجێگری بکەر

C کۆتایی کار　　D بەشی یەکەمی کار

کتێبخانەی هەولێر

## چەند سەرنجێك لەسەر ئەرکی جێناوە لکاوەکان

یەکەم/ هەر چوار کۆمەڵە جێناوە لکاوەکان، دەتوانن ئەرکی (بکەر) ببینن. هەروەها کۆمەڵەی (م مان، ت تان، ی یان) و (م ین، یت ن، Ø ن) دەتوانن ئەرکی (بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو) ببینن.

دووەم/ لـــــەگـــــەڵ کـــاری (ڕابردووی تێپەڕ)دا، هەردوو کۆمـەڵەی (م مان، ت تان، ی یان) و (م ین، یت ن، Ø ن)، دەتوانن ئەرکی (بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو) ببینن.

| ژ | کۆمەڵەی (م مان، ت تان، ی یان) | | کۆمەڵەی (م ین، یت ن، Ø ن) | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرکار | دامانیان مەزراند. | بەرکار | دایان مەزراندین. |
| 2 | تەواوکەری بەیاریدە | پرسیارەکانی بۆمان چاپکرد. | تەواوکەری بەیاریدە | پرسیارەکانی بۆ چاپکردین. |
| 3 | دیارخەری ناو | نامەکەمانتان گەیاند. | دیارخەری ناو | نامەکەتان گەیاندین. |

سێیەم/ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (م ین، یت ن، Ø ن)، کەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێت لەم بارانەدا:

| ژ | ڕابردووی تێپەڕ | | ڕابردووی تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرکار | دایان مەزراندØ. | بکەر | هاتØ. |
| 2 | تەواوکەری بەیاریدە | پرسیارەکانیان بۆ چاپکردØ. | ــــــــ | ــــــــ |
| 3 | دیارخەری ناو | نامەکەیان گەیاندØ. | ــــــــ | ــــــــ |

هەواڵنامەی کتێب

## وەڵامی پرسیارەکانی ڕێزمان

شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن:

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 22 | B | 19 | A | 16 | A | 13 | B | 10 | B | 7 | C | 4 | A | 1 |
| D | 23 | A | 20 | D | 17 | B | 14 | C | 11 | C | 8 | A | 5 | C | 2 |
| A | 24 | B | 21 | A | 18 | C | 15 | A | 12 | D | 9 | C | 6 | A | 3 |

شێوازی ڕێژەی دانانی:

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C | 11 | B | 9 | A | 7 | A | 5 | B | 3 | B | 1 |
| | | C | 10 | D | 8 | C | 6 | D | 4 | C | 2 |

شێوازی ڕێژەی داخوازی:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D | 7 | B | 5 | D | 3 | C | 1 |
| B | 8 | C | 6 | A | 4 | A | 2 |

شێوازی ڕێژەی مەرجی:

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C | 6 | B | 5 | D | 4 | A | 3 | B | 2 | C | 1 |

کاری چاوگی بوون:

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | D | 19 | A | 16 | A | 13 | B | 10 | C | 7 | B | 4 | C | 1 |
| | | C | 20 | C | 17 | B | 14 | C | 11 | D | 8 | C | 5 | A | 2 |
| | | C | 21 | B | 18 | D | 15 | D | 12 | A | 9 | A | 6 | C | 3 |

ئەرکی (ە)، لە ڕێزمانی کوردیدا

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C | 7 | C | 5 | C | 3 | A | 1 |
| B | 8 | D | 6 | A | 4 | A | 2 |

ئەرکی جێناوی لکاو وەکو بکەر:

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B | 11 | A | 9 | A | 7 | C | 5 | A | 3 | C | 1 |
| | | B | 10 | B | 8 | B | 6 | D | 4 | B | 2 |

ئەرکی جێناوی لکاو وەکو بەرکار:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B | 7 | D | 5 | A | 3 | B | 1 |
| A | 8 | B | 6 | D | 4 | C | 2 |

ئەرکی جێناوی لکاو وەکو (تەواوکەری بەیاریدە):

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D | 6 | A | 5 | D | 4 | B | 3 | B | 2 | A | 1 |

هاوەڵناو لە ڕووی بنچینەی وشەکانییەوە (ڕۆنان)ەوە:

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 11 | D | 9 | C | 7 | B | 5 | D | 3 | B | 1 |
| | | A | 10 | D | 8 | C | 6 | A | 4 | C | 2 |

جۆرەکانی هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە (ڕۆنان)ەوە:

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B | 7 | C | 6 | C | 5 | D | 4 | A | 3 | C | 2 | B | 1 |

ڕادە:

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C | 7 | B | 6 | A | 5 | D | 4 | C | 3 | A | 2 | B | 1 |

ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | A | 4 | B | 3 | D | 2 | C | 1 |

ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B | 11 | A | 9 | A | 7 | A | 5 | D | 3 | C | 1 |
| | | D | 10 | A | 8 | C | 6 | A | 4 | C | 2 |

ئەرکی جێناوی سەربەخۆ، لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | B | 3 | A | 2 | C | 1 |

ئەرکی جێناوی کەسی لکاو، لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B | 5 | B | 4 | C | 3 | C | 2 | A | 1 |

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەرۆکی بابەتەکانی بەشی ئەدەب

**یەکەم/** ڕێڕەوی شیعری کوردی
A - ڕێڕەوی شیعری کوردی (قۆناغی یەکەم)، ساڵی 1939 – 1958 .................. 62
B- ڕێڕەوی شیعری کوردی (قۆناغی دووەم)، ساڵی 1958 – 1970 .................... 64
C- ڕێڕەوی شیعری کوردی (قۆناغی سێیەم) ساڵی 1970 – 1991 ................. 66
**دووەم/** ڕەخنەی ئەدەبی ............................................................... 73
**سێیەم/** پەخشان ................................................................................ 77
**چوارەم/** چیرۆك ................................................................................. 79
**پێنجەم/** ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا ................................................. 82
**شەشەم/** ڕەوانبێژی/ ........................................................................... 86

هەواڵنامەی کتێب

# ڕێڕەوی شـــــیعری کوردیی

## ڕێڕەوی شیعری کوردیی (قۆناغی یەکەم) لە 1939-1958 :

1-ڕێڕەوی شیعری کوردیی لە 1939 – 1991 بەپێی چ ڕووداوێك دابەشدەکرێ؟

Aڕامیاریی و کەلتووری    Bڕامیاری و ڕووناکبیریی    C ڕامیاریی و ئابووری    D ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی

2- ئەو شیعرەیە کە گوزارشت لە کاتی لەدایکبوونی و هەڵگری سیماو تایبەتمەندێتی قۆناغی نووسینی دەقەکە بکات؟

Aچیرۆك    Bشیعری زیندوو    C وتار    D شیعری نیشتمان پەروەریی

3- لە ڕێڕەوی شیعری 1939-1958 دا، هەستی نەتەوایەتی لای گەلی کورد ئاراستەیەکی تری وەرگرت، چونکە خەباتی ڕامیاری ئەو سەردەمە چووە ناو چییەوە؟

Aدەقی وتار    Bدەقی چیرۆك    Cدەقی ڕۆمان    D دەقی شیعری

لە ڕووی ناوەرۆکەوە/

1- ناوەرۆکی شیعری کوردیی لە 1939-1958دا، زیاتر ڕووی لە چ جۆرە شیعرێك کرد؟

Aنەتەوایەتی و سیاسی    Bنەتەوایەتی کۆمەڵایەتی

C نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری و ڕامیاریی    D نەتەوایەتی و فۆلکلۆریی

2- لە ساڵی 1939 – 1958 لەگەڵ پەیدابوونی هەندێ دەنگی نوێدا، دەنگی چی دەبیسترێ؟

Aدەنگی هەمان ئەو شاعیرانە دەبیسترێ کە قۆناغی پێشوو دەنگی ڕەسەن بوون    Bئەو شاعیرانەی کە دەنگی ڕەسەن نەبوون

C دەنگی شاعیرانی کۆن کە ئایینی بوون    D دەنگی ئەو شاعیرانەی کە نەتەوەیی بوون

3- لە قۆناغی 1939 -1958دا، گۆڕانی گرنگ لە بواری شیعردا ڕوویدا بە تایبەت؟

Aلە ڕووی ڕووخسارەوە    Bلە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە    C لە ڕووی ناوەرۆکەوە    D هیچیان

4- (گەرچی توشی ڕەنجەڕۆیی و ..... ) هەست و نەستی کوردایەتی و شیعری کوردی قۆناغەکەی داگیرکردووە، هۆنراوەی کێیەوە؟

Aهێمن    Bقەدریجان    C دیلان    D جەمال غەمبار

5- چ شاعیرێك هەستی کوردانەی خۆی بۆ سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەبڕێ؟

Aهێمن    Bجگەرخوێن    C دیلان    D قەدریجان

6- هۆنراوەی (ئاڵای من) بەرهەمی کێیە؟

Aهێمن    Bقەدریجان    Cهەژار    D جگەرخوێن

7- شاعیرانی کورد شیعریان بۆ خەبات تێکۆشانی گەلانی تر لە پێناوی سەربەخۆیدا نووسیوە، بۆیە شیعری کوردیی چ جۆرە پەیامێکی هەڵگرتووە؟

Aپەیامی خەباتی سیاسی    B پەیامی خەباتی کۆمەڵایەتی    Cپەیامی خەباتی هاوبەش    D پەیامی خەباتی مرۆڤایەتی

8- چ شتێك جێگە و شوێنەواریان بەسەر گۆڕانکارییەکانی شیعری کوردی لە قۆناغی 1939 – 1958 بەجێهێشت؟

Aساتەوەختی پەژارە و ژەنگی سیاسی کاتی جەنگی دووەمی جیهان و خەباتی سیاسی خۆپیشاندانەکانی ئێراق و کوردستان بە تایبەتی.

Bباری خراپی کۆمەڵایەتی    C باری خراپی ئابووری    D نەمانی چاپ و ڕۆژنامەگەری

9- باسکردنی سرووشت لە 1939 -1958دا بەوە هۆی چی؟

Aپەیامێکی مرۆڤایەتی بوو    B شیعری لەوەسفە ڕووتەکەی کلاسیك دەربازکرد    C هەست و نەستی کوردایەتی    D دەرکەوتنی دەنگی نوێ

هەوڵنامەی دێنیز

10- باسکردنی سروشت شیعری لەوەسفە ڕووتەکەی کلاسیك ڕزگارکرد، هەستی ڕۆڵەکانی کورد جوولاند لە پێناوی؟
Aنیشتیمانپەروەریی Bپەیامی مرۆڤایەتی Cهەستی کوردایەتی D هەستی خۆشەویستی کوردستان

11- هۆنراوەی (بەهار) چ شاعیرێك نوسیویەتی؟
Aئەحمەد هەردی Bقەردیجان Cهێمن D دیلان

12- شاعیر دیلان کاتێك هۆنراوەی (بەهار)ی نووسی چی کاریتێکرد؟
Aدیمەنی سروشتی کوردستان Bدلڕەقی داگیرکەر C بەرەنگاربوونەوە D جوانی ئافرەت

13- هۆنراوەی (وا بەهار دیسان تارا دەپۆشێ)، هی کێیە؟
Aهەژار Bدیلان C هێمن D ئەحمەد هەردی

14- لە 1939 -1958دا، باسکردن لە ژن تەنیا لە چوارچێوەی ڕووخساردا نەمایەوە بەڵکو؟
Aلا لە کێشەکانی کرایەوە Bجوانی ئافرەت C ڕووخساری ئافرەت D هیچیان

15- شاعیران وا باسیان لە ژن کردووە کە ژنیش وەك پیاو مرۆڤە پێویستە لە چیدا بەشداربێت؟
Aخەباتی چینایەتی Bکۆڕی سیاسی و تێکۆشان Cنووسینی هۆنراوە D پەیامی مرۆڤایەتی

16- چ شاعیرێك، (ژن) وەك دیمەنێکی دواکەتووی ناو کۆمەڵگە بەرجەستە دەکات؟
Aدیلان Bهەژار C هێمن D بێکەس

17- (مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی)، هۆنراوەی کێیە؟
Aبێکەس Bئەحمەد هەردی C قەردیجان D ئیبراهیم ئەحمەد

18- چ شاعیرێك ئاوێتەکردنی ژن لەگەڵ کێشە ڕامیارییەکان ڕێکدەخا و شیعر بۆ خۆشەویستی ژن دەنووسێت؟
Aدیلان Bئەحمەد هەردی C هەژار D هێمن

19- (گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە)، هۆنراوەی کێیە؟
Aقەدریجان Bهەژار C ئیبراهیم ئەحمەد D ئەحمەد هەردی

20- دیارترین کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوان ساڵانی 1939-1958، بریتی بوو لە؟
Aکێشەی چینایەتی Bکێشەی کۆمەڵایەتی C کێشەی سیاسی D کێشەی کەلتوریی

21- لە 1939-1958 دەقی شیعری پاڵپشتی چینی چەوساوەبووە دژی کێبووە؟
Aدژی دەوڵەت وەستاونەتەوە Bدژی سەرمایەداران وەستاونەتەوە C زۆرداران وەستاونەتەوە D دژی ئاغا و دەرەبەگ

22- (قەلاچۆی دوژمن) ناونیشانی هۆنراوەی کێیە؟
Aقانع Bهەژار C هێمن D کامەران موکری

23- (با هەموو جوتیار و پاڵە و ڕەنجدەران)، هۆنراوەی چ شاعیرێکە؟
Aئەحمەد هەردی Bقانع C بێکەس D دیلان

24- لە قۆناغی 1939 -1958دا شاعیران لەگەڵ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ڕوویان لە کێشە ڕامیاریی و نەتەوایەتی و چینایەتیی کردووە، بایەخیان بە چی داوە؟
Aئاشتی و هاوخەباتی و مرۆ دۆستی B سیاسەت C بیری نەتەوەیی D چیرۆکی هونەری

**ڕووخسار و تەکنیکی شیعریی ئەم قۆناغە:**

1- لە قۆناغی 1939-1958دا ئەو هەوڵانەی دران بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی ڕووخسار و تەکنیکی شیعریی زیاتر هەوڵی؟

Aهەوڵی تاکە کەسی بوو    Bهەوڵی گشتی بوو    C هەوڵی بەشێکی زۆر لە شاعیران بوو    D هیچ هەوڵێك نەبوو

2- دیلان لە ( ڕێگای خەبات)دا، بنیاتی دەقی شیعری کوردی دەگۆڕێت و بەرەو چی دەبات؟

Aفۆلکلۆری کوردیی    Bڕەخنەی ئەدەبی    C قاڵبێکی ئازاد    D وەرگێڕان

3- کامەران موکری ڕوو لە شیعری سەربەست دەکات و چۆن مامەڵە لەگەڵ کێش و سەروادا دەکات؟

Aبە شێوازی کلاسیکی    Bبە شێوازی ڕۆمانتیکی    C بە شێوازی ڕەخنەئامێز    D بە شێوازێکی نوێ

4- کامەران موکری پارچە شیعری (کچە شوانی) ساڵی چەند بڵاوکردەوە؟

1975 A    1957 B    1956 C    1985 D

5- لە ڕووی تەکنیك و ڕووخسارەوە، لە 1939 -1958دا، زمانی شیعری گرنگی پێدرا و بەرەوچی هەنگاوی نا؟

Aوەرگێڕان    Bڕەخنەی ئەدەبی    C کوردی پەتی    D قاڵبی ئازاد

6- لە ڕووی تەکنیك و ڕووخسارەوە، لە 1939 -1958دا، (فەرنگی شیعری) زیاتر بەچی دەوڵەمەندکرا؟

Aشیعری ئازاد    Bخەباتی ڕامیاریی و شیعری جوانی سروشت و کێشەکانی ژن

C کوردی پەتی    D وەرگێڕان

7- لە ڕووی تەکنیك و ڕووخسارەوە، لە 1939 -1958دا، قەدریجان بە سوود وەرگرتن لە چی توانی زمانی شیعری دەوڵەمەندبکات؟

Aکەلەپوری کوردیی    Bوەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیی    C کوردیی پەتی    D فۆلکلۆری کوردیی

8- (ئەم هیچ نەوەستاوین و ناوەستین) ناونیشانی ئەم هۆنراوەیە چییە؟

Aکاروانی مە    Bئەی کچە شوان    C قەلاچۆی دوژمن    D ئاڵا من

9- لە قۆناغی یەکەمی ڕێرەوی شیعری کوردیدا، لەگەڵ فراوانبوونی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد، چی بەرەو پێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی؟

Aکوردیی پەتی    Bسروود    C وەرگێڕان    D ڕەخنە

10- سروودی (نەورۆز) بەرهەمی شیعری چ شاعیرێکە؟

Aپیرەمێرد    B ئەحمەد هەردی    C هەژار    D هێمن

**ڕێڕەوی شیعری کوردیی ( قۆناغی دووەم ) 1958 – 1970 :**

**لە ڕووی ناوەرۆکەوە/**

1-مێژووی ڕێڕەوی شیعری کوردیی، لە قۆناغی دووەمدا، پەیوەستە بە دوو ڕووداوی سیاسی گرنگ، لە ئێراق؟

Aشۆڕشی ئەیلول و گوڵان    Bهەردوو شۆڕشی 1958 و 1961    C شۆڕی شێخ محمود و ئەیلول    D هیچیان

2- لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ شیعری کوردی دەنگی خۆی خستە پاڵ چی؟

Aئامانجەکانی شۆڕش    B هیوا ئاواتەکانی شۆڕش

C چووە ناو سەنگەری پێشمەرگەوە    D شیعر دەنگی نەخستە پاڵ شۆڕش

3- لەگەڵ سەرهەڵدنی شۆڕشی ئەیلول 1961، شیعری کوردی ڕاستەوخۆ چووە ناو چییەوە؟

Aئامانجی شۆڕش    Bسەنگەری پێشمەرگە    C کێش و سەروا    D بیروهۆشی نەتەوەوە

4- ناوەرۆکی شیعریی لەم قۆناغەدا چ مەبەستێکی هەبوو؟

Aرامیاریی و کۆمەڵایەتی Bکۆمەڵایەتی و نەتەوەیی C رامیاری و نەتەوەیی D کۆمەڵایەتی و کلتوریی

5- (نیشتیمانی کورد گەلێك پیرۆزی سوێندت پێدەخۆم) هۆنراوەی کێیە؟

Aهەژار موکریانی Bهێمن C ئیبراهیم ئەحمەد D هەردی

6- لەم قۆناغەدا، لەپاڵ ئاوڕدانەوە لە خەباتی نەتەوەکەیاندا، باوەشیان بۆ خەباتی گەلانی مافخوراو کردەوە، بۆیە چ شاعیرێك ڕوو لە گەلی جەزائیر دەکات؟

Aدیلان Bکامەران موکری C هەردی D ئیبراهیم ئەحمەد

7- لەپاڵ ئاوڕدانەوە لە خەباتی نەتەوەکەیاندا، باوەشیان بۆ خەباتی گەلانی مافخوراو کردەوە، بۆیە دیلانی شاعیر پشتگیری شۆڕشی چ نەتەوەیەك دەکات؟

Aلۆمۆمبای کۆنگۆ Bشۆڕشی جەزائیر C شۆڕشی مەغریب D شۆڕشی ئێران

فۆرم و تەکنیکی شیعر لە قۆناغی 1958 – 1970 :

1-زمانی شیعری لەم قۆناغەدا لە چوارچێوەی چ مەبەستێکدا دەسورایەوە؟

Aکۆمەڵایەتی Bکەلەپووریی C رامیاریی D نەتەوەیی

2- سۆزی شاعیر لە نێوان 1958 – 1961دا هەڵگری سیمای چی بوو؟

Aخۆشی و شادی Bنائومێدی C ڕەشبینی D ترس و بێبڕوایی

3- زمانی شیعر لە نێوان ساڵانی 1961 – 1970، بەرگی چی پۆشی؟

Aخۆشی و شادی Bغەم و پەژارە و نائومێدی C ترس و ڕەشبینی D هیچیان

4- لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە، ڕژێم بەوپەڕی توندوتیژی کوردی دەچەوسانەوە، بۆیە زمانی شیعریی بەرەو هەڵگرتنی شەقلی چی ڕۆشت؟

A ڕەشبینی Bنائومێدی C بەرەنگاربوونەوە چۆکدانەدان D غەم و پەژارە

5- لەم سەردەمەدا 1958 – 1970 دا، (کێش)ی شیعر چۆن بوو؟

Aبڕگەیی Bعەرووز C مەسنەوی D جوت سەروا

6- لەم سەردەمەدا 1958 – 1970 دا، (سەروا)ی شیعر چۆن بوو؟

Aبڕگەیی Bعەرووز C مەسنەوی جوتسەروا D ئازاد

7- لەم قۆناغەدا 1958 – 1970، سەروا لای دیلان و قەدریجان گۆڕانی بەسەرداهات، بۆیە دەقی شیعری بەرەو بنیاتی چ جۆرە شیعرێك ڕۆشت؟

Aشیعری سەربەست Bشیعری ئازاد C شیعری بەرەنگاری D شیعری دڵداری

8- لە هۆنراوی (بێشکەی منداڵ)دا، گۆرانی شاعیر دژی چی بووە و لەگەڵ چی بووە؟

Aدژی شەڕ و شەڕخوازان و لەگەڵ ئاشتی بووە Bدژی زوڵم بووە و لەگەڵ پێشمەرگەبووە

C دژی حکومەتبووە و لەگەڵ شۆڕش بووە D هیچیان

9- (بێشکەی منداڵ) هۆنراوە کێیە؟

Aگۆران Bهەژار C هێمن D سوارەی ئێلیخانی زادە

## ڕێڕەوی شیعری کوردیی ( قۆناغی سێیەم ) 1970 – 1991:

### ڕێڕەوی شیعری کوردیی لە نێوان 1970 – 1975/

1-دیارترین سیمای شیعریی، لەم قۆناغەدا کە سەری هەڵدا، بریتیبوو لە گروپی؟

Aیاخیبوونی کۆمەڵایەتی   Bیاخیبوونی سیاسی   C ڕوانگە   D شیعری بەرەنگاری

2- شاعیرانی گروپی ڕوانگە، دەیانویست هەڵگری تێڕوانینێکی جیاوازبن، دەیانویستی شیعر پەیامێکی چۆن بگەیەنێت؟

Aپەیامی مرۆڤایەتی   Bپەیامی یاخیبوون   C پەیامی ئازادی   D پەیامی کۆمەڵایەتی

### ناوەرۆکی شیعری کوردیی لە نێوان 1970 – 1975

1-ناوەرۆکی شیعریی لەم قۆناغەدا هەڵگری چ جۆرە گوتارێك بوو؟

Aگوتارێکی سیاسی   Bگوتارێکی نەتەوەیی قوڵ   C گوتارێکی مرۆڤایەتی   D گوتارێکی کۆمەڵایەتی

2- شیعری کوردیی لەم قۆناغەدا هەڵگری گوتارێکی قوڵی نەتەوەیی بوو، پەیامەکەی بەرگری لە چی دەکرد؟

Aپاراستن و مانەوەی نەتەوەی کورد   Bمرۆڤایەتی   C خەباتی نەتەوەکانی تر   D لە چەوساوەکان

3- شیعر لەم قۆناغەدا هەڵگری بیرێکی چۆن بوو؟

Aشارستانی   Bژیان و مردن   C فەلسەفی و مەعریفی   D ژن وەك خاوەن کێشە

4- شیعر لەم قۆناغەدا هەڵگری بیرێکی فەلسەفییە، لە بنەڕەتدا سەرچاوەی گرتووە لە بیری فەلسەفی کوێ؟

Aبیری فەلسەفی ڕۆژئاوایی هاوچەرخ   Bبیری فەلسەفی ڕۆژهەڵاتی   Cبیری فەلسەفی ئەورووپی   D بیری فەلسەفی بەریتانی

5- دیارترین خاسیەتی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا چییە؟

Aشارستانییەت   Bژیان و مردن   C یاخیبوون   D خۆشەویستی

6- چ جۆرە یاخیبوونێك، یاخیبوونە لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان؟

Aیاخیبوونی فولکلوری   Bیاخیبوونی کۆمەڵایەتی   C یاخیبوونی ڕامیاری   D یاخیبوونی کەلتووری

7- چ جۆرە یاخیبوونێك، یاخیبوونە لە پێناوی ئازادی و سەربەستی مرۆڤ؟

Aیاخیبوونی کۆمەڵایەتی   Bیاخیبوونی فولکلوری   C یاخیبوونی کەلتووری   D یاخیبوونی ڕامیاری

8- چ شاعیرێك بە سوود بینین لە ئەفسانە و هێما مێژوییەکانی ناو کەلتوریی نەتەوەی جیهان، وێنەی ئەم یاخیبوونە پیشاندەدات؟

Aگۆران   Bلەتیف هەڵمەت   C دیلان   D کامەران موکری

9- (پێتان ئەڵێم.... یاخیبن.....یاخیبن) هۆنراوەی کێیە؟

Aلەتیف هەڵمەت   Bهەژار   C هێمن   D دیلان

10- شێرکۆ بێکەس  لە شیعری (گینگڵ)دا، بە ڕوونی تێڕوانینی خۆی لە بارەی چییەوە دەخاتە ڕوو؟

Aیاخیبوون   Bشارستانییەت   C ژیان و مردن   D ژن وەکو خاوەن کێشە

11- (دەمامکەکان هەڵبەنەوە)، هۆنراوەی کێیە؟

Aکامەران موکری   Bلەتیف هەڵمەت   C شێرکۆ بێکەس   D دیلان

**تێبینی/ فەلسەفەی ژیان و مردن مەبەستێکی تری شیعری قۆناغەکەیە، شاعیرانی کورد تێڕوانی هزر و فەلسەفی خۆیان لەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو، هەندێ لە شاعیران ڕەشبین و هەندێکی تریان گەشبین بوون.**

## ڕووخسار و تەکنیکی شیعری کوردیی لە نێوان 1970 – 1975 :

1-یەکێك لە خاڵە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەو گۆڕانکاریەی کە بەسەر فۆرم و تەکنیکی شیعری کوردیدا چی بوو؟

Aزمانی شیعری　Bوێنەی شیعری　C ناوەڕۆکی شیعر　D ڕووخساری شیعر

2- وێنەی شیعری لەم قۆناغەدا، بە تەواوەتی خۆی دەرباز کرد لە چی؟

Aلاسایکردنەوە و جوینەوەی وێنە دووبارەبووەکان　Bیاخیبوون　C زمانی شیعر　D تەکنیکی هونەری

3- شیعر لەم قۆناغەدا گەلێك وێنەی شیعری جوانی بەکارهێناوە، لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

Aژن　Bجوانی سروشت　C سورشتی کوردستان　D ڕووداو و کارەساتە مێژوویی و نەتەوەییە جیهانییەکان

4- زمانی شیعری لەم قۆناغەدا، بە جۆرێك بووە کە شاعیر هەوڵیداوە وشەکان لە ناو دەقی شیعریدا چی لێبکات؟

Aلە ئاماژەی کۆن دایانبڕن و ئاماژەی نوێیان بدەنێ　Bوشەی پرواتا دەبڕن

C وشەی فۆلکلۆریی دەبڕن　D وشەی سیاسی دەربڕن

5- زمانی شیعریی لەم قۆناغەدا ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بەئاسانی لە واتای وشەکان ناگات، ئایا زمانە شیعرییەکە چۆنبووە؟

Aزمانێکی زبر بووە　Bچونکە زمانێکی خوازەیی دەقی شیعری داگیر دەکات

C زمانێکی فەلسەفی بووە　D زمایکی ئەدەبی بووە

6- لەم قۆناغەدا، زمانی شیعری لە چوارچێوەی کوردی پەتیدا دەسوڕایەوە، گەلێك وشە و زاراوەی نوێ هاتە ناوەوە وەك؟

Aژیان و مردن　Bشارستانییەت　C ئەهورامەزدا ئەهریمەن و ئاڤێستا　D سروشتی کوردستان

7- لە ڕووخسار و تەکنیکی شیعری 1970 -1975دا، لایەنێکی تر لەم بابەتە کە گرنگی هەیە، بریتییە لە بەکارهێنانی چی لە دەقی شیعریدا؟

Aهێما و نیشان　Bڕوخسار و ناوەڕۆك　C مردن و ژیان　D کێش و سەروا

8- لە ڕووخسار و تەکنیکی شیعری 1970-1975دا، سەبارەت بە کێش، شاعیرانی کورد زیاتر پەیڕەویان لە چ جۆرە شیعرێك کردووە؟

Aشیعری ڕۆمانتیکی　Bشیعری  کلاسیکی　C شیعری ئازاد　D شیعری سەربەست

9- لەگەڵ کرانەوەی ڕێچکەی شیعری سەربەست، دیاردەی مامەڵەکردنێکی جۆراوجۆر لەگەڵ چەمکی هۆنراوەی سەبەرستدا سەری هەڵدا، بووە هۆی ئەوەی کە سێ جۆر چەمکی چۆن تێکەڵ بکرێت؟

Aهۆنراوەی سەربەست و بێ سەرواو پەخشانەشیعر　Bهۆنراوەی سەربەست و سەروادار و پەخشانە شیعر

C شیعری بێسەروا و پەخشانە شیعر　D هۆنراوەی سەبەست و پەخشانەشیعر

10- شیعری سەربەستی کوردیی دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ڕوانگە، ڕوویان کردە بەکارهێنانی شیعری چەند برگەیی؟

Aپێنج برگەیی　Bچوار برگەیی و شەش برگەیی

C هەشت برگەیی و چوار برگەیی　D چوار برگەیی و پێنج برگەیی

11- لەم قۆناغەدا 1970 – 1975، سەروای شیعر چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرا؟

Aسەروای مەسنەوی　Bبە شێوەی ئازاد　C سەروای یەکگرتوو　D جووت سەروا

12- لەم قۆناغەدا 1970 – 1975، تەکنیکی شیعریی، سووودی لە چی بینی؟

Aئەفسانە　Bداستانی میللی و فۆلکلۆرییەکان ناو کەلتووری کوردی و جیهانی

C حیکایەت و چیرۆك　D پەند و داستان

13- لەم قۆناغەدا 1970 – 1975، تەکنیکێکی تری شیعری، بریتییە لەوەی کە وك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ چیدا کراوە؟

Aئاژەڵان Bمرۆڤ خۆی C شتە بێگیانەکان D هیچیان

14- لەم قۆناغەدا 1970 – 1975، تەکنیکێکی تری شیعری، بریتییە لە پەیدابوونی دەنگی ژن وەکو؟

Aدایکی سۆلاف و ئەرخەوان و دایە جوان Bکەژاڵ ئەحمەد C ڕۆژ هەڵبجەیی D هیچ کەسێك

شیعری کوردیی لە نێوان ساڵانی 1975 – 1991:

1-شۆڕشی کورد لە 1975دا، تووشی نسکۆیەکی گەورە هات، ڕاستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر باری ڕووناکبیری کورد هەبوو، ئەنجام گەلی کورد بۆ ماوەیەك چی بەسەر هات؟

Aبۆ ماوەیەك خۆشگوزەران بوو Bخۆشی و شادی C بۆ ماوەیەك تاسا D هیچیان

2- لە ساڵی 1975 دوای نسکۆ، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش شیعر چۆن دەرکەوت؟

Aهەست و سۆزی ناسك Bوەك چەکێکی کارتێکەر گڕی سەند C توندوتیژ D بەرەنگاری

3- شیعر بووە هۆکاری ڕەتکردنەوەی واقیع و زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و شان بەشانی تفەنگ دژی دوژمن چووە؟

Aسەنگەر Bژیانی کۆمەڵایەتی C ژیانی سیاسی D ژیانی خەڵك

4- ئەو جۆری شیعرەیە کە درێژە بە شەڕ دەدات، بەرەنگاردەبێتەوە، ڕەتدەکاتەوە، دەگۆڕێت و سەرلەنوێ بنیاتدەنێتەوە؟

Aیاخیبوونی کۆمەڵایەتی Bشیعری بەرەنگاری C یاخیبۆنی ڕامیاری D شیعری کلاسیکی

5- (خۆمن چەمە زستانە نیم)، هۆنراوەی چ شاعیرێکە؟

Aگۆران Bهێمن C ئەنوەر قادر محەمەد D دیلان

6- ئەم هۆنراوەیە (خۆمن چەمە زستانە نیم)، نموونەیە بۆ چ جۆری شیعرێك؟

Aشیعری بەرەنگاری Bشیعری یاخیبوون C وەسفی سروشت D ستایش

- موئەید تەیب بە چ شێوەزارێك هۆنراوەی وتووە؟

Aزاری کرمانجی خواروو Bزاری گۆران C زاری کرمانجی ژووروو D زاری لوڕ

8- چ شاعیرێك هیوایەکی گەورەی بە پاشەڕۆژێکی مەزن هەیە، زوڵم و زۆری دوژمن چۆکی پێدانادات؟

Aئەنوەر قادر محەمەد Bموئەید تەیب C ئیبراهیم ئەحمەد D دیلان

9- ناوەڕۆکی شیعری کوردیی لەم ماوەیەدا چی بوو؟

Aبەرەنگاری Bیاخیبوون C کۆمەڵایەتی D سیاسی

10- ناوەڕۆکی شیعری کوردیی لەم ماوەیەدا، پێشمەرگەی وەکو چی پیشاندەدا؟

Aهێمای قوربانی Bداینەمۆی شۆڕش C مەڵبەندی ژیان و خاکی پیرۆزی نەتەوە D شەهید

11- ناوەڕۆکی شیعری کوردیی لەم ماوەیەدا، شەهیدی وەکو چی پیشاندەدا؟

Aمەڵبەندی ژیان و خاکی پیرۆزی نەتەوە Bهێمای قوربانی C داینەمۆی شۆڕش D پێشمەرگە

12- ناوەڕۆکی شیعری کوردیی لەم ماوەیەدا، کورد و کوردستانی وەکو چی پیشاندەدا؟

Aمەڵبەندی ژیان و خاکی پیرۆزی نەتەوە Bهێمای قوربانی C داینەمۆی شۆڕش D شەهید

13- سێ توخمە سەرەکییەکەی شیعری بەرەنگاربوونەوە چییە؟

Aقوربانی، داینەمۆی شۆڕش، شەهید Bپێشمەرگە، شەهید، کورد و کوردستان C پێشمەرگە، شەهید، قوربانی D کورد و کوردستان و قوربانی

14- (مەلی هەزار لە فڕگەی ژان هەڵدەنیشێ)، بەرهەمی کێیە؟ Aموئەید تەیب Bجەمیل ڕەنجبەر C دایکی سۆلاف D گۆران

هەولنامەی پێشبڕ

15- سیاسەتی پاکتاوی نەژادی کورد بووە هەوێنی دەقی شیعری شاعیران، شاعیرانی کورد ویستیان لە ڕێگەی شیعرەوە، هاواری کورد بۆ کوێ بەرن، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان؟

Aڕای گشتی　　Bنەتەوەیەکگرتووەکان　　C نەتەوە سەردەستەکان　　D گەلی کورد

16- چ شاعیرێك نوکی خامەی بۆ هەڵەبجە شیوەندەکات، بۆ ئەم تاوانە کەم وێنەیە؟

Aجەمیل ڕەنجبەر　　Bموئەید تەیب　　C جەوهەر کرمانج　　D گۆران

17- شاعیرانی کورد لە نێوان ساڵانی 1975 – 1991دا، لەگەڵ ڕۆحی بەرەنگاری، جوانترین شیعریان بۆ چ مەبەستێکی تر نووسیوە؟

Aشیعر بۆ سرووشت　　Bشیعر بۆ یاخیبوون　　C شیعر بۆ بەرەنگاری　　D شیعر بۆ ژن

18- لە نێوان ساڵانی 1975-1991دا، لە ئەنجامی چوونی شاعیرانی کورد بۆ دەرەوەی وولات، زەمینە گونجا بۆ نزیکبوونەوە لە ڕۆشنبیری جیهانی، بۆیە شیعری کوردی کەوتە ژێر کاریگەری ئەدەبی کوێوە؟

Aئەدەبی عەرەبی　　Bئەدەبی ڕۆژئاوا　　C ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی　　D ئەدەبی فارسی

19- ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی کوردستان دەیاننووسی، یەکێك لە سیما دیارەکانی شیعریان، سەرهەڵدانی چ جۆرە هەستێکبوو، کە لە ڕێی شیعرەکانیانەوە دەیانگەیاندەوە کوردستان؟

Aهەستی نامۆبوون و غەریبی　　Bخۆشەویستی و غەریبی　　C خۆشەویستی و نامۆیی　　D هیچیان

20- چ شاعیرێك هەستی پڕ تاسەی بەرامبەر خاکی کوردستان و ژمارەی زۆری شەهیدانی کەردستان دەردەبڕێت؟

Aموئەید تەیب　　Bگۆران　　C عەبدوڵا پەشێو　　D جەمیل ڕەنجبەر

تێبینی/ ⋆ ئەو شاعیرانەی لەم قۆناغەدا، شیعری بەرەنگاریان دەنووسی، سێ کۆمەڵن:

A-ئەو شاعیرانەی ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بوون.

B-ئەو شاعیرانەی لە ناوەوەی کوردستان بوون، بەڵام ناڕازیبوون لە دوژمن.　C-ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژیان.

⋆ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەگەڵ ئەوەدا بەرەنگاری بوو، بووە هۆکارێکیش بۆ شکاندنی ترسی لە دوژمن و بەرزکردنەوەی وەرەی مرۆڤی کورد، بەرامبەر بەدوژمن، بەخشینی هیوا و ئومێدی سەرکەوتن بە خەڵك.

| ناوی نووسەر | بەرهەم و ساڵ |
| --- | --- |
| گۆران | بێشکەی منداڵ 1962/6/12 |
| لەتیف هەڵمەت | پێتان ئەڵێم ... یاخیبن |
| شێرکۆ بێکەس | (گینگڵ) دەمامکەکان هەڵدەنەوە |
| ئەنوەر قادر محەمەد | خۆمن چەمە زستانە نیم |
| موئەید تەیب | سبەی دایێ |
| جەمیل ڕەنجبەر | ڕووبارێکی خوێناوی 1979/12/29 |
| جەوهەر کرمانج | هەڵبجە دووەم هاتن |
| عەبدوڵا پەشێو | سەربازی ون 1978/11/5 |
| سوارەی ئێلیخانی زادە، ئەرخەوان ، دایکی سۆلاڤ، دایا جوان، شەونم بەرزنجی | |

| ناوی نووسەر | بەرهەم و ساڵ |
| --- | --- |
| هێمن | گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی |
| جگەرخوێن | ئالای من |
| دیلان | بەهار |
| بێکەس | مەڵێ من کچم، تۆش وەکو منی |
| ئەحمەد هەردی | گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا |
| قانع | قەڵاچۆی دوژمن |
| کامەران موکری | کچە شوان 1957 |
| قەدریجان | کاروانی مە |
| پیرەمێرد | نەورۆز |
| هەژار موکریانی | نیشتیمانی کورد |

هۆنراوەکانی قۆناغی 1939 – 1958:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردە ئەمن     قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە، نابەزم مەردە ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خـــالّی نـــیم     ئاشقی کێو و تــەلان و بــــــەندەن و بەردە ئەمن     **هێمن**

ئالّامن ڕەنگین و پیرۆز و خوەش     ئــــــــالا سپی ڕەنگی تو
تــە هەڵدگـــرم دچم بمەش     بنـــــــاڤ و دەنگی تـــــو
تو لـــسەر ملێن خورتێن جان     نیشـــــــانا جەنگی تـــــو
دناڤا تەدە یەك ڕۆژەك گەش     ئەی خورتێن کوردان سلاڤێ لێبکە     ( ئالّامن ) **جگەر خوێن**

وا بەهار دیســـان تارا ئە پۆشێ     گــــوڵاڵە پیاڵەی خوێنین ئەنۆشێ
نێرگز ئەندام شۆڕ ڕەنگی زێڕین     وەنەوشە و کورنووش پەڕەی چین چین     (بەهار) **دیلان**

مەڵێ من کچم تۆش وەکو منـــی     موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبوری ئیش و خزمەتکردنی     هەســـتە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە     **بێکەس**

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفســانەیە     هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تـــــەلار و عانەیە
گیانەکەم! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە     بێ ئەوەی هیچ شك بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیە     **ئەحمەد هەردی**

با هەموو جوتیار و پاڵە و ڕەنجدەران     یەکگرن تــا دەبنە هێز و پشتیوان
هەڵگرن یەکسەر دروشـــــمی هاوبەشی     بێ جیاوازی لەسەر ڕەمز و نیشان     ( قەڵاچۆی دوژمن )   **قانع**

ئەی کچە شـــوان، هەڵاڵەیی     بە لــەرەی لێوە ئاڵەکەت
ئەی کەنیزەی کەژی کوێستان     هەستی خۆشیم بێنە فڕین
بەشێنەیی، نـــــەرم و نیان     بۆ ناو گوڵزار
بە ئاوازی شــــمشـــاڵەکەت     چــەم ز نزار     ( کچەشوان )   **کامەران موکری**

ئەم هیچ نەوەستیاین و ناوەستین     بەر ب ئــــــارما نجا خۆ     کاروانێ مە دچە
لەسەر ڤێ ڕێیا دوور     ل بن باران ل سەر بەرفان     بەر ب ئارما نجا خوە
لەسەر ڤێ ڕێیا دژوار     باو باگەر ل شـــــکەفتان
ئەم دچن و ئەمێ بچن     دبن دلۆپان ب لنگی خاس     ( کاروانێ مە ) **قەدریجان**

هەواڵنامەی کتێب

ئەم ڕۆژی ســــــاڵی تازەیە نەورۆزە هـــــــــاتەوە　　جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشـــی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمەی پێ پەستبوو تا کو پار　　هەر خوێنی لاوەکان بوو بە گوڵی ئاڵی نەوبەهار
(نەورۆز) پیرەمێرد

**هۆنراوەکانی قۆناغی 1958 – 1970:**

نیشتیمانی کورد گەڵێك پیرۆزی سوێندت پێدەخۆم　　بۆ ســەربەخۆییت بە گیان و بەماڵ بە قوربانی تۆم
زۆر لاوی ئازات لە کۆڕی خەبات خوێنی خۆیان ڕشت　　زۆر شێخ و پیران لە زانا و ژیران خۆیان دا بە کوشت
هەژار موکریانی

ئای ئەو ماڵە چەن بێ باکە　　ئای چەن خۆشە ماڵێکی بێ وا
کە لـــە باڕووت و لە بۆمبا　　ڕووی دنیا ئەم پەڕ تا ئەو پەڕ
ژێر بێشـــکەی منالیا پاکە　　دڵنیابین بێشــــــــکەی ساوا
　　نابێ بە خۆڵە مێشـــــی شەڕ
(بێشکەی منالّ) گۆران

**هۆنراوەکانی قۆناغی 1970 –1991:**

پێتان ئەڵێم: یاخی بن یاخی بن　　لەم هەموو نەخشـــــــــە و باجە
یاخی بن لەم مەیدانە لەم گەراجە　　کەمرۆڤ وەك ئامراز تیایا هەڕاجە
یاخی بن یاخی بن لەو قەمانەی　　کە ســـــــووری خوێنی حەلاجە
لەتیف هەڵمەت

ویستم ئەوە لە زەریایەك بگەیەنم
گورجۆگەکان نەبن ........ ناژی
خنکاندمی
ویستم ئەوە لە بروسکە بگەیەنم
گەر هەورەکان نەبن ..... ناژی
سووتاندمی
تۆ کێی تۆکێی تاوێکم بەبێ ئاسۆ
(گینگڵ) شێرکۆ بێکەس

خۆمن چەمە زستانە نیم کە هاوین هات هەڵبپروکێم
ئەستێرەنیم ........ شەو نەبێ ...... نەتوانم بفرم
خۆریش نیم .. بە باڵەوە لە ڕۆژدا ئاسمان تەیکەم
چۆن کپ ئەبم
ئەوەر قادر محەمەد

سبەی دایێ
پێلاڤا من
ژ تاجا میر بلندترە
داوەتا من
ژ هەمی گۆڤەندا خۆشترە

بەژن و بالای من
ژ بۆ هاریێ ب خەملترە
ئەڤجا چاوا دێ كەی گری
سینگی خۆیێ تەمەت دەریا
دێ ڤە قوتی

پرچا خۆیا وەكی بەفر
دێ ڤە چری؟
نە دایێ نە!
نەكەی نەكەی
جل و بەرگێت خۆ رەش بكەی

دەرگەهێ كولكێ مەیێ حۆش
بۆ خەم و نیهارا ڤەكەی

**موئەیەد تەیب**

**مەلی هەژار**

لە فرگەی ژان هەڵدەنیشێ
هەرچی كانیاوی سەنگەرە

پێشمەرگە لێی دادەبەزێ
بۆ رووباری بەهـــــار دەڕێ

**( رووباری خوێناوی ئەو بڕیارەی دروێنەی خەوی كردم )** **جەمیل ڕەنجبەر**

هەڵە بجە بێشكە و جۆلانەی
ئەحمەد موختار و گۆران بوو
هەڵە بجە
جیگا نزرگەی ئاشقان بوو
هەڵە بجە تاجی سەروەری
شەهیدانی كوردستان بوو
هەڵە بجە
هەڵگری ئالای نەبەزینی
بیستوپێنج ملوێن ئینسان بوو
كە هەڵە بجە شەهیدكرا

كوردستانی گەورە گریا
كە هەڵە بجە    دە هەزار چاو
دە هەزار مەچەك و بازوو
بوو بە ئەڵقە و
داگیركەر كردییە پە نجە
ئەشكی چاوان بوون بە دەریا
ئاسمان گریا
زەوی گریا
دیوانی مەولەوی گریا

**( هەڵە بجە دووەم هاتن )** **جەوهەر كرمانج**

كە وەفدێ دەچێتە شوێنێ
بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون
تاجە گوڵینەیەك دێنێ
ئەگەر سبەی
وەفدێك بێتە وڵاتی من
لێم بپرسێ:
كوانێ گۆڕی سەربازی ون؟

دەڵێم: گەورەم
لەكەنای هەر جۆگەیێ
لەسەر سەكۆی هەر مزگەوتێ
لەبەر دەگای هەر ماڵێ
هەر كڵێسەیێ هەر ئەشكەوتێ
لەسەر گابەردی هەر شاخێ
لەسەر درەختی هەر باخێ

لەم وڵاتە:
لەسەر هەر بستە زەمینێ
لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ
مەترسە كەمێك سەرداخە و
تاجە گوڵینەكەت دانێ

**( سەربازی ون )** **عەبدوڵا پەشێو**

هەوڵنامەی كتێ

## ڕەخنەی ئەدەبی

1-شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی یان دیاریکردنی بەهای دەقی ئەدەبییە؟

Aڕەخنەگر Bڕەخنەی ئەدەبی C تیۆری ئەدەبی D ئەرکی ڕەخنە

2- لیکۆلەرێکی ئەدەبی و شارەزابێت و زانیاری تەواوی دەربارەی مێژوی ئەدەب تیۆری ئەدەبی میللەتەکەی و میللەتانی تر هەبێت؟

Aئەرکی ڕەخنە Bڕەخنەگر C ڕەخنەی ئەدەبی D تیۆری ئەدەبی

3- سەدەی پێنجی پ.ز شاعیرێك بەرهەمێکی کۆمیدی بە ناوی بۆقەکان بڵاوکردوەوە بە ناوی؟

Aئەرستۆفانیس Bئەرستۆ C ئەفلاتۆن D بوالۆ

4- ئەرستۆ ڤانیس بەرهەمە کۆمیدیاکەی ناوی؟

Aهونەری شیعری Bبۆقەکان C بیروڕاکان D لیریکی

5- ((شاعیران ناتوانن ڕاستییەکان بگەیەنن بە خەڵکی، لەبری ئەوەی چاکەیان فێرکەن هەڵیان دەخەڵەتێنن))، بۆچوونی کێیە؟

Aئەرستۆ Bئەفلاتۆن C بوالۆ D یۆربیدز

6- ((بەرهەمی شیعری بەسوودە، بەتایبەتی (تراجیدیا)، دەتوانێ دەروونی مرۆڤ لە هەست و سۆز پاك بکاتەوە))، بۆچوونی کێیە؟

Aئەفلاتۆن Bئەلفرێد مۆسێ C ئەرستۆ D سانتبێڤ

7- (هونەری شیعر) بەرهەمی کێیە؟

Aئەرستۆ Bئەفلاتۆن C بوالۆ D ئەسخیلۆس

8- ڕێڕەوی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی لای چ نەتەوەیەك دەستی پێکرد؟

Aڕۆمانییەکان Bفەڕەنسییەکان C یۆنانییەکان D بەریتانییەکان

9- دیارترین فەیلەسوف لە بواری ڕەخنەدا کە بیروڕاکان جێگەی بایەخبێت کێیە؟

Aئەرستۆ Bسانت بیف C مادام دیستایل D ئەفلاتۆن

10- کۆمەڵێك دەستوور و یاسای هونەرییە، بۆ تراژیدیا دارێژراوە، بۆتە بناغەی تیۆری ڕەخنەی ئەورووپی؟

Aهونەری شیعری Bبۆقەکان C کۆمیدیا D تراژیدیا

11- جڵەودانە دەست ئەقڵ و ژیری و دووورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و دەربرینی کەسی و بایەخدان بە چێژی درووست؟

Aڕەخنەی ئەدەبی Bبنەماو پێوانەی ڕەخنەیی کلاسیکی نوێ C مادام دیستال D ڕەخنەی ئەدەبی یۆنانی

12- بایەخدان بە هەست و سۆزی کەسی و دووورکەوتنەوە لە ئەقڵ و گرنگیدان بەو بەهایانەی کە کەسین و بە لای تاکەکەسەوە گرنگن؟

Aمادام دیستال Bسانتبیڤ C ڕەخنەی ئەدەبی D پێوانەی ڕەخنەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی

13- ((ئەوەی گرنگبێت بەلای منەوە، ئەوەیە کە گوێ نەدەمە ئەقڵ))، بۆچوونی کێیە؟

Aمادام دیستال Bئەلفرێد دیموسێ C سانتبیڤ D بوالۆ

14- ((هەمیشە بەدەم ئەقڵەوە بچۆ،لەوەوە یەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بهێنە))، بۆچوونی کێیە؟

Aئەلفرێد دیموسێ Bمادام دیستال C بوالۆ D سانتبیڤ

15- ((پێویستە دەقی ئەدەبی ڕەنگپێدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خورەوشتی و نەریتی کۆمەڵ بێت))، بۆچوونی کێیە؟

Aمادام دیستال Bسانتبیڤ C بوالۆ D ئەلفرێد دیموسێ

16- ((دەقی ئەدەبی ڕەنگپێدەرەوە هەست و سۆزی نووسەرە))، بۆچوونی کێیە؟

Aبوالۆ Bئەلفرێد دیموسێ C سانت بیڤ D مادام دیستال

17- شیعری (لیریکی و ویژدانی) بەرهەمی ڕۆمانتیکەکانن، پێچەوانەی چ بەرهەمێکی کلاسیکییە؟

Aڕیالیزمی و پڕناسی Bتراژیدی و کۆمیدی C فۆرمالیزمی و شێوەگەرایی D شیکاری دەروونی و بنیاتگەریی

18- قۆناغێکی گرنگی ڕێڕەوی ڕەخنەی عەرەبی بوو، بەهۆی تێکەڵاوبوونی ڕۆشنبیریی گەلە موسوڵمانەکان و ئاگاداربوون لە ڕەخنەی یۆنانی، لەسەردەمی کێ بوو؟

Aعەباسی Bئەمەوی C عوسمانی D ئێرانی

19- شاعیرانی عەرەب لە پێش ئیسلامدا، لە چ شوێنێك بەرهەمەکانیان پێشکەش دەکرد؟

Aمەدینە Bمەککە C تائیف D عکاز

20- ئەم پێوانە ڕەخنەییانە (نەزمی لەتیف، سقك، ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع)، هی چ شاعیرێکە؟

Aمەلای جزیریی Bنالی C خانی D سالم

21- ((باشترین شیعر ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و ڕەوان بن، واتاکانیشیان سوودبەخش بن))، وتەی چ شاعیرێکە؟

Aنالی Bخانی C مەلای جزیریی D سالم

22- ((داوا لە لەخنەگران دەکات کە لەکاتی ڕەخنەگرتندا، ڕەنج و ماندووبوونی شاعیریان لەبەرچاوبێت))، وتەی چ شاعیرێکە؟

Aنالی Bسالم C مەلای جزیریی D خانی

23- خانی و نالی لە چ بابەتێکی ڕەخنەییدا هاوبەشن؟

Aجوانکاریی Bکور تبڕی C وشە و واتا D ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی

24- بە پێوانەیی ڕەخنەیی (وشە و واتا) شیعری هەڵسەنگاندووە؟

Aنالی Bسالم C حاجی قادری کۆیی D مەلای جزیریی

25- ((شاعیرانی کورد توانیویانە ڕەوانبێژی عەرەبی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە))، لە بواری ڕەخنەیدا وتەی چ شاعیرێکە؟

Aسالم Bنالی C حاجی قادری کۆیی D مەلای جزیریی

26- ڕەخنەگر بە (سەرپافی زێڕ و زیوی قسە) ناودەبات، وتەی چ شاعیرێکە؟

Aحاجی قادری کۆیی Bنالی C سالم D خانی

27- لە پێوانەی ڕەخنەییدا پشتی بە پێوەری (ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی) بەستووە؟

Aنالی Bحاجی قادری کۆیی C سالم D خانی

28- (ئەنجومەنی ئەدیبان) بەرهەمی چ شاعیرێکە؟

Aشێخ نوری شێخ ساڵح Bڕەفیق حلمی C ئەمین فەیزی بەگ D عەلادین سەجادی

29- بەرهەمەکەی ئەمین فەیزی بەگ چییە؟

Aئەنجومەنی ئەدیبان Bگوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم

C شیعر و ئەدەبیاتی کوردی D مێژوو ئەدەبی کوردیی

30- بەرهەمی (ئەنجومەنی ئەدیبان)، دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەبییەوە؟

Aتیۆری ئەدەب Bڕەخنەی ئەدەب C یێکۆڵینەوەی ئەدەبی D مێژووی ئەدەب

31- (داهێنانەکانی نالی ئاکامی زانست و زانیاریی شیعرییە، زیاتر لەوەی کە هەڵقوڵاوی بەهرەی شیعری بێت)، ڕای چ نووسەرێکە لەسەر نالی؟

Aئەمین فەیزی بەگ Bڕەفیق حامی C عەلادین سەجادی D سیاپۆش

هەواڵنامەی کتێب

32- (مەولەوی لە ڕێکخستنی سەروادا داهێنانی کردووە، دێڕی یەکەم و سێیەم لەگەڵ دووەم و چوارەمی هاوسەروابوون)، ڕای چ نوسەرێکە؟

Aشێخ نوری شێخ ساڵح Bئەمین فەیزی بەگ C عەلادین سەجادی D سیاپۆش

33- زنجیرەیەك لێكۆڵینەوەی ئەدەبی شێخ نوری شێخ ساڵح دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەبییەوە؟

Aمێژووی ئەدەب Bڕەخنەی ئەدەب C لێكۆڵینەوەی ئەدەبی D تیۆری ئەدەب

34- شێخ نوری شێخ ساڵح لەو باسەدا کە کە جیاوازی نێوان شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانە و شێوازی زانستی و شێوازی ئەدەبی دیاری دەکات، لە چی نزیك دەبێتەوە؟

Aڕەخنەی ئەدەب Bتیۆری ڕەخنەی ئەدەب C مێژووی ئەدەب D لێكۆڵینەوەی ئەدەبی

35- وتارەکەی سیاپۆش دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەبییەوە؟

Aڕەخنەی ئەدەب Bتیۆری ئەدەب C مێژووی ئەدەب D لێكۆڵینەوەی ئەدەبی

36- ((لەمەودوا ئەو دەورە ڕۆشت کە بە زەرد بگوترێ زێڕ و بە سەدەف بوترێ مرواری))، وتەی چ نوسەرێکە لە بواری ڕەخنەدا؟

Aئەمین فەیزی بەگ Bشێخ نوری شێخ ساڵح C عەلادین سەجادی D سیاپۆش

37- عەلی کەمال باپیر بەرهەمەکەی ناوی چییە؟

Aئەنجومەنی ئەدیبان Bگوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم C شیعر و ئەدەبیاتی کوردی D مێژوو ئەدەبی کوردیی

38- (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم)، بەرهەمی چ نووسەرێکە؟

Aعەلی کەمال باپیر Bشێخ نوری شێخ ساڵح C عەلادین سەجادی D سیاپۆش

39- (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم)، دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەبییەوە؟

Aڕەخنەی ئەدەب Bتیۆری ئەدەب Cمێژووی ئەدەب D لێكۆڵینەوەی ئەدەبی

40- (مێژووی ئەدەبی کوردیی)، بەرهەمی چ نووسەرێکە؟

Aعەلادین سەجادی Bعەلی کەمال باپیر C سیاپۆش D ئەمین فەیزی بەگ

41- (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)، بەرهەمی چ نووسەرێکە؟

Aعەلی کەمال باپیر Bڕەفیق حلمی C سیاپۆش D ئەمین فەیزی بەگ

42- بەرگی یەکەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)، دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەبییەوە؟

Aڕەخنەی ئەدەب Bتیۆری ئەدەب C مێژووی ئەدەب D لێكۆڵینەوەی ئەدەبی

43- بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)، دەچێتە چ خانەیەکی ئەدەبییەوە؟

Aمێژووی ئەدەب Bتیۆری ئەدەب C ڕەخنەی ئەدەب D لێكۆڵینەوەی ئەدەبی

44- گۆڤاری شەفەق لە کوێ دەرچووە؟

Aسلێمانی Bکەرکوك C هەولێر D هەڵەبجە

45- (هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستە دوو پێوانەی بۆ بکرێت، پێوانەیەکی سیاسی و پێوانەیەکی هونەری، ئەمەش ڕەخنەی ئەدەبییە)، وتەی چ شاعیرێکە؟

Aشێرکۆ بێکەس Bد. ئیحسان فواد C د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ D ڕەفیق حلمی

هەواڵنامەی کێتر

| بەرهەم | ناوی نووسەر |
|---|---|
| کامەران و دیارییەکەی | مارف بەرزنجی |
| کورد و شیعر | هەستان |
| کورد و ئسلوبی شیعر | مارف خەزنەدار |
| کۆن و تازە لە شیعردا) | مارف بەرزنجی |
| شیعر و نووسینی کوردیی | ڕەفیق حیلمی |

| لێکۆڵینەوە | ناوی نووسەر |
|---|---|
| کامەران و هۆنراوەی نوێ | حسێن عارف بە ناوی (محەمەد حسێن عارف) |
| حاجی قادری کۆیی | محەمەدی مەلا کەریم |
| کامەران شاعر من کوردستان | کامیل حەسەن بصیر |
| ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی | د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ |
| کورتەی مێژووی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی | د. مارف خەزنەدار |
| حاجی قادری کۆیی – ژیان و بەرهەمی | د. ئیحسان فواد |

هۆنراوەکانی بەشی ڕەخنە:

ئەحسەن ژڤی نەزمی لـەتیف    چەندك سڤك هاتی خەفیف
مەحبوب بدەستێ خۆی شەریف    نەقدی مە مووهر و سکەکەدا    **مەلای جزیری**

لی هێڤی دکـــەم ژ موســـــتەعیدان    حەرفان نەگرن ل موســـــتەفیدان
ئەڤ نامە ئـــەگەر خراپ ئەگەر قنج    کێشایە مە دگەل وی دوو سەد ڕەنج    **( مەم و زین ) ئەحمەدی خانی**
ئەی خــــامە تەژی گەلەك درێژ کر    ئەڤ نامە بەســـــە تە پڕ قرێژ کر
هەر چەندە کـــەلام شوبهی دوور بەت    بێ قەدر دبت دەمـــــاکو پڕ بیت    **( مەم و زین ) ئەحمەدی خانی**

کەس بە ئەلفازم نــەڵێ خۆ کردییە خۆ کوردییە    هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا    **نالی**
نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئــــەدا دەکا    مەعنای زۆر گەورە بە لـــــەفزی کەم و بچووك    **نالی**

لە ڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر تالیب و مەعشوق    کەمەر بەســـــتەی هونەر هاتن لە تیپی عیشق بازانا
لەلایەك نالی و مەشوی لەلایی ســــالم و کوردی    لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکا جووبوون لە مەولانا    **سالم**

شەبیهی جۆلا کە ڕازی نــەبێ بەسەر دڕی خۆی    مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارســــی ناگا
بەلاغەتێکی هـــەیە هیچ زووبانێ نایگاتێ    لە بێ تەعەسووبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها    **حاجی قادری کۆیی**

هەواڵنامەی کتێب

## پەخشان

1-بریتییە لەو دەربڕین و نووسراوانەی کە هەست و سۆزی مرۆڤ نیشاندەدات، گرنگی بە کێش و سەروا نادات؟

Aوتار Bهۆنراوە C پەخشانی زانستی D پەخشان

2- ئەو پەخشانەیە کە باس لە بابەتێکی زانستی دەکات و بایەخ بە هەست و سۆز نادات؟

Aپەخشانی ئەدەبی Bپەخشنی زانستی C وتار D پەخشان

3- ئەو پەخشانەیە کە بایەخ بە هەست و سۆز دەدات، بۆ ئەوەی کار لەبەرامبەربکات و چێژی پێببەخشێ؟

Aپەخشانی زتنستی Bوتار C پەخشان D پەخشانی ئەدەبی

4- بابەتەکانی (وتاری ئەدەبی، چیرۆك، یاداشت، نامە، ژیاننامە و ....) سەربە چ جۆرێکی پەخشانن؟

Aپەخشانی زانستی Bپەخشانی ئەدەبی C وتاری زانستی D هیچیان

5- هونەرێکی ئەدەبییە نووسەر بە شێوەیەکی کورت و ورد و سەرنجڕاکێش، لایەنێکی ژیان باسدەکات، بیروڕاخۆی دەخاتە ڕوو؟

Aپەخشانی ئەدەبی Bپەخشانی زانستی C وتار D پەخشان

6- وتاری ئەدەبی ( شەونمی بەری بەیان) هی (محەمەد ئەحمەد تەها – کامەران موکری)یە، لە چ گۆڤارێکدا بڵاوکرایەوە؟

Aگەلاوێژ Bهەتاڵە C ژین D دەنگی گێتی تازە

7- وتار لە قۆناغی 1958-1970 دا، لە ڕووی ناوەرۆکەوە سەرەکی ترین بابەتەکانی چی بوو؟

Aبابەتی ئەدەبی Bبابەتی سیاسی C بابەتی کۆمەڵایەتی D بابەتی هونەری

8- (ڕەمزی قەزاز) وتارێکی لە گۆڤاری (برایەت)یدا بڵاوکردەوە لەساڵی؟

A 1967 B 1968 C 1969 D 1976

9- لەسەرەتای شەستەکاندا، بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولەوە، دۆخی وتار چۆنبوو؟

Aبەرەو بەهێزی ڕۆشت Bوەك قۆناغی پێشوومایەوە C هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات D بەرووەلاوازی و سستی ڕۆشت

10-لە ساڵانی حەفتاکاندا، زمانی وتار گەشەی زۆر بە خۆیەوە بینی، بەتایبەتی کە؟

Aبەرنامەی خوێندن لە ناوەندی و ئامادەیی بوو بە کوردی Bباری سیاسی ئارام بوو

C باری کۆمەڵایەتی جێگیر بوو D چاپەمەنی زیادی کرد

11- لەدوای نسکۆی 1975، دیاریدەیەك لە وتاردا هەستی پێدەکرێ ئەوویش؟

Aبەکارهێنانی وتاری سەروادار Bوتاری ئەدەبی C بەکارهێنانی ڕەمز و نیشانە D وتاری کورت

12- لە قۆناغی 1970 -1991دا، وتار بۆ پاراستنی چی بەکار دەهات؟

Aخاڵبەندی Bهەست و سۆز C زمانی کوردی D بارودۆخی سیاسی

خاسییەتەکانی وتار چۆنە؟

1-کورتی: دەبێت لە چەند پەڕەیەك تێنەپەڕێت. 2-جوانکاری لە دەربڕیندا.

3-تەکنیك لە نوسیندا: هەرنووسەرێك ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە.4- بابەتی وتار ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزی مرۆڤە.

خاسییەتەکانی وتار لە نێوان ساڵانی 1939-1958؟

1-وتار بەرەو کوردی پەتی دەڕوات. 2- نیشانەی خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدرا. 3- سەرهەڵدانی وتار نووسی ژن، هاندانی ژنان بۆ خوێندەواری. 4- زۆری وەرگێڕانی وتار، لە زمانی دیکەوە، ناوەڕۆکی وتاری کوردی پێدەوڵەمەندکرا.

هەولێر مەدیا

**خاسییەتەکانی وتار لە قۆناغی 1958 -1970؟**

**1-زمانی واتر پوخت تربوو، لە ڕووی وشە و زاراوەوە دەوڵەمەندتربوو. 2- هەوڵدراوە ڕێنوسێکی ڕاست و درووستپەیڕوبکرێت. 3-لە ڕووی ناوەرۆکەوە سەرەکی ترین بابەت بابەتی سیاسی بوو. 4- لەپاڵ گەشەی وتاری سیاسیدا، وتاری کۆمەلایەتی و مێژوویش گەشەی کرد. 5- زۆر وتار لە زمانی بیانییەوە وەرگێڕان بۆسەر زمانی کوردیی.**

## ناوی گۆڤار و ساڵی دەرچوون

| قوناغی 1939 -1958 | | قۆناغی 1958-1970 | | قۆناغی 1970 - 1991 | |
|---|---|---|---|---|---|
| گەلاوێژ | 1939 – 1949 | شەفەق | 1958 | زانیاری | 1970 |
| ڕووناهی | 1941 | ڕای گەل | 1959 | نووسەری کورد | 1971 |
| ڕۆژنامەی کوردستان | 1946 | بلێسە | 1959 | گۆڤاری ڕۆژی کوردستان | 1971 |
| هەلالە | 1946 | ڕۆژی نوێ | 1960 | گۆڤا ری کۆڕی زانیاری کورد | 1973 |
| گروگاڵی مندالانی کورد | 1946 | برایەتی | 1967 | نوسەری کوردستان | 1981 |
| نزار | 1948 | برایی | 1967 | گزنگ | 1983 |
| هیوا | 1957 | گۆڤاری سلێمانی | 1968 | هەڵمەت | 1985 |
| تێبینی/ ئەم سێ گۆڤارە، لە کتێبەکەدا، ئاماژە بە ساڵی چاپکردنیان نەکراوە هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیریی نوێ | | | | قەندیل | 1987 |
| | | | | هەڵوێستی ئەدەب | 1988 |
| | | | | بانگ | 1989 |

## (چیرۆکی کوردیی لە جەنگی جیهانی دووەمەوە)

### چیرۆکی هونەری 1939 – 1958

1-(چیرۆکی ئەم مانگە) گۆشەیەکی تایبەت بوو لە گۆڤاری؟

Aهاوار Bگەلاوێژ Cشەفەق D ژین

2- گۆڤاری (گەلاوێژ) گۆشەیەکی بۆ چیرۆك تەرخانکرد بە ناوی (چیرۆکی ئەم مانگە)، لە کۆی ژمارەکانیا بلاوی کردەوە، پێکهاتبوولە؟

A 116 B 166 C 611 D 126

3- بایەخی چیرۆکنووسانی کورد بە کێشە و دیاردە کۆمەلایەتیەکان وایکرد کە چیرۆکی کوردی بەرەو چ رێبازێك بەرن؟

Aرێبازی رۆمانسی Bرێبازی کلاسیك C رێبازی ریالیزم D رێبازی کلاسیکی نوێ

4- بابەتێکی دیاری ناوەرۆکی چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ چی بوون؟

Aنەتەوایەتی Bململانێی نێوان دوو چینی گۆمەلگە C سیاسی D ئابووری

5- لە چ گۆڤارێکدا بەشێك لە چیرۆکەکان ئافرەتی تیا کراوە بە پالەوان؟

Aهاوار Bکوردستان C هەلالە D گەلاوێژ

6- گۆڤاری (هاوار) لە کوێ دەرچوو؟

Aبەغدا Bشام C تاران D هەولێر

7- چیرۆکەکەکانی گۆڤاری هاوار بە چ شێوەزارێك نووسراون؟

Aکرمانجی ژووروو Bکرمانجی خواروو C گۆران D لور

8- چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، لە رووی ناوەرۆکەوە، زیاتر چ بابەتێك بوون؟

Aسیاسی Bکەلتوری C نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی Dچەوسانەوەی ئافرەت

9- گۆڤاری (شەفەق) لە کوێ دەرچوو؟

Aهەولێر Bبەغدا C سلێمانی D کەرکوك

10- لە چ گۆڤارێکدا پێشبرکێ بۆ چیرۆك سازکرا؟

Aشەفەق Bژین C هاوار D گەلاوێژ

11- چیرۆکی (چای شیرین) بەرهەمی کێیە؟

Aمستەفا سالح کەریم Bمحەمەد سالح دیلان C حسێن عارف D ئیبراهیم ئەحمەد

12 ناونیشانی چیرۆکەکەی (مستەفا سالح کەریم) چییە؟

Aشەوێکی درێژ Bچەندم لێدەستێنی C چای شیرین D خانزاد

13- چیرۆکی (شەوێکی درێژ) لە پێشبرکێی گۆڤاری شەفەقدا، پلەی چەندەمی بەدەستهێنا؟

Aیەکەم Bدووەم C سێیەم D هیچیان

14- چیرۆکی (خانزاد و پەلە هەورێکی چلکن)، بەرهەمی کێیە؟

Aمحەمەد سالح سەعید Bمحەمەد سالح دیلان C جەمال بابان D شێخ مارف بەرزنجی

15- چیرۆکی (لالو کەریم)، بەرهەمی کێیە؟

Aجەمال نەبەز Bجەمال بابان C حسێن عارف D مستەفا سالح کەریم

16- چیرۆکی (کاروانی) محەمەد سالح سەعید، چیرۆکێکی چۆنە؟

هەولێرنامەی کتێب

Aچیرۆکی مامناوەند    Bچیرۆکی کورت    C چیرۆکی درێژ    D هیچیان

17- چیرۆکی (لە خەوما)، بەرهەمی کێیە؟

Aجەمیل سائیب    Bئەحمەد موختار جاف    C برایم ئەحمەد    D جەمال بابان

18- ئەحمەد موختارجاف لە ساڵی 1929 چ چیرۆکێکی نووسی و لە ساڵی 1970دا چاپکرا؟

Aلەخەوما    Bلالۆکەریم    C کاروانی    D مەسەلەی وێژدان

19- لە چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا، نووسەرەکانی لایەنگری چ چینێك بوون؟

Aدەرەبەگ    Bئاغا    C جووتیار    D بێلایەن بوون

20- دیارترین نووسەری گۆڤاری گەلاوێژ کێ بوو؟

Aئیبراهیم ئەحمەد    Bکامەران بەدرخان    C حسێن عارف    D عەبدولا سەراج

21- دیارترین نووسەری گۆڤاری هاوار کێ بوو؟

Aمحەمەد سالح دیلان    Bمارف بەرزنجی    C کامەران بەدرخان    D جەمال نەبەز

-چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ لە ڕووی تەکنیکی هونەرییەوە، لە چاو قۆناغی پێش خۆیاندا چۆنبوون؟

ڕستە و وەسفەکان بەسۆز و کاریگەرتر بوون، زنجیرەی باسەکان لەسەرەتا تا کۆتایی باش بەیەکەوە بەندن، چێژبەخشن.

-پێکهاتەی چیرۆکی مامناوەند چییە؟

ماوەی ڕوداوەکان زیاترە لە چیرۆکی کورت، ژمارەی کەسەکانیش زیاترن.

- چیرۆکی (لەخەوما و مەسەلەوی وێژدان) بۆچی لە کاتی خۆیدا جێگیر نەبوون؟

چونکە لە کاتی خۆیدا بلاونەکرانەوە.

## چیرۆکی هونەری کوردی ساڵی 1958 – 1970

1-لە چ قۆناغێکدا چیرۆك کپی و سستی بەخۆیەوە بینی؟

A 1958 – 1970    B 1939 -1958    C 1970 – 1991    D هیچیان

2- بۆچی ئەدەبی کوردی بە شەوەزەنگ و تاریکیدا تێپەڕی؟

Aنەبوونی چاپخانە    Bباسکردنی بابەتی سیاسی    C نەبوونی نوسەری باش    D بەربەرەکانێی چاپخانەی کوردی کرا

چیرۆکی هونەری لە 1958 – 1970 دوو جۆرن؟

-هەندێکیان زۆر سادەن، بابەتەکانیان دوور لە ڕووخساری هونەری خراونەتەڕوو، لە جوغزێکی نائومێدیدا دەخولێنەوە.

-هەندێکیان گەشەو پێشکەوتنیان پێوەدیارە، لە ڕووی ناوەرۆك و ڕواڵەت و زمانەوە مۆرکی کوردییان پێوەدیارە.

## چیرۆکی هونەری کوردی ساڵی 1970 – 1991

1-ئەدەبی ( ڕوانگە) توانی چیرۆکی کوردیی لە چی ڕزگاربکات؟

Aڕێنووسی هەڵە    Bسستی و جوینەوە    C خاڵبەند نادرووست    D لاسایی کردنەوە

2- لە دوای ساڵی 1970وە، بابەتەکانی چیروك گۆڕانیان بەسەرداهات، لە پاڵ کێشەی کرێکار و خاوەنکاردا کێشەی چی زیاد بوو؟

Aشار    Bکۆمەلایەتی    C ئابووری    D فەرهەنگی

3- لە دوای ساڵی 1975ەوە، جۆرێك چیرۆك پەیدابوو بە ناوی؟

A چیرۆکی ئەم مانگە  B چیرۆکی مامناوەند  C چیرۆکی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد  D چیرۆکی درێژ

4- چیرۆکی (لاوکی سوارە)، بەرهەمی کێیە؟

A محەمەد فەریق حەسەن  B ئیبراهیم ئەحمەد  C عەبدوڵا سەراج  D ڕەوف بێگەرد

5- چیرۆکی (بەیتی سمۆر)، بەرهەمی کێیە؟

A محەمەد فەریق حەسەن  B ڕەوف بێگەرد  C ئیبراهیم ئەحمەد  D عەبدوڵا سەراج

6- چیرۆکی (هێلەگ)، بەرهەمی کێیە؟

A عەبدوڵا سەراج  B حسێن عارف  C محەمەد سالح دیلان  D ئیبراهیم ئەحمەد

7- لەم قۆناغەدا (جەفەنگ) ڕەمز بەکارهاتووە، بۆیە ڕەوەبەراز بە چ واتایەك بەکارهاتووە؟

A شۆڕش  B خۆڕاگری  C داگیرکەر  D بەهێزی

8- چیرۆك لەم قۆناغەدا سوودی لە چ هونەرێك وەرگرت؟

A سینەما  B شێوەکاری  C میوزیك  D شانۆ

9- کاریگەری ئەدەبی بیانی لەم قۆناغەدا زۆر دیارە، بەتایبەتی چیرۆکی؟

A فەرەنسا  B بەریتانیا  C عەرەبی  D ئەمریکای لاتین و ئەڵمانیا و ڕووسیا

10- چیرۆکی (تەنیایی و گوڵی ڕەش)، بەرهەمی کێیە؟

A شێرزاد حەسەن  B حسێن عارف  C ئیبراهیم ئەحمەد  D عەبدوڵا سەراج

11- چیرۆکی (تێشووی سەفەرێکی سەخت و گەلەگورگ)، بەرهەمی کێیە؟

A شێرزد حەسەن  B ڕەوف بێگەرد  C حسێن عارف  D محەمەد فەریق حەسەن

12- کام بەرهەمەی (حسێن عارف) لە چاوبەرهەمەکانی تریا، لە ڕووی زمانەوە دەوڵەمەندتر و شیرینتر و سەرنجڕاکێشترە؟

A تێشووی سەفەرێکی سەخت  B گەلەگورگ  C چای شیرین  D هیچیان

-لەم قۆناغەدا، دوو ڕووداو کاریگەرییان لەسەر چیرۆك جێهێشت؟ شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق ئێران 1980 - 1981، شکستی 1975.

| ناوی چیرۆك | ناوی نووسەر | ناوی چیرۆك | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| چای شیرین | حسێن عارف | لە خەوما | جەمیل سائیب |
| چەندم لێدەستێنی | مستەفا سالح کەریم | مەسەلەی ویژدان | ئەحمەد موختارجاف |
| شەوێکی درێژ | محەمەد سالح دیلان | لاوکی سوارە | محەمەد فەریق حەسەن |
| خانزاد و پەلە هەورێکی چلکن | جەمال بابان | بەیتی سمۆر | ڕەوف بێگەرد |
| لالو کەریم | جەمال نەبەز | هێلەگ | عەبدوڵا سەراج |
| کاروانی | محەمەد سالح سەعید | تەنیایی و گوڵی ڕەش | شێرزاد حەسەن |
| تێشووی سەفەرێکی سەخت و گەلەگورگ | حسێن عارف | | |

## ( ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا )

1-چیرۆکێکی دێژە و ڕووداوەکانی زۆر چڕ پڕن و ماوەی ڕووداوەکان زۆر دوور و درێژن، ژمارەی کەسەکان زیاترن؟

A چیرۆکی کورت　B ڕۆمان　C چیرۆکی مامناوەند　D وتار

2- هونەری نووسینی ڕۆمان لە ئەورووپا لە چ سەدەیەکدا سەریهەڵدا؟

A سەدەی حەڤدە　B سەدەی نۆزدە　C سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیست　D سەدەی هەژدە

3- چەرخی زێڕینی ڕۆمان لە ئەورووپا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

A سەدەی حەڤدە　B سەدەی هەژدە　C سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیست　D سەدەی نۆزدە

4- زۆربەی ڕەخنەگران ڕۆمان بە چی ناودەبەن؟

A بەرهەمی نوێ　B چیرۆکی مامناوەند　C چیرۆکی درێژ　D داستانی سەدەی تازە

5- بۆ یەکەمجار نووسینی ڕۆمان لەلای کورد لە کوێوە دەستیپێکرد؟

A کوردانی سۆڤیەتی پێشوو　B کوردانی باشوور　C کوردانی باکوور　D کوردانی ڕۆژئاوا

6- یەکەم هەوڵی نووسینی ڕۆمان لای کورد کێ بوو؟

A حاجی جوندی　B عەرەبی شەمۆ　C ئیبراهیم ئەحمەد　D ڕەحیمی قازی

7- کام بەرهەمەی (عەرەبی شەمۆ) بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو پیتی لاتینی نووسراوە؟

A شڤانی کورد　B کوردی ئەلەگەز　C بەربانگ　D قەڵای دمدم

8- ئەم بەرهەمانە (شڤانی کورد، کوردی ئەلەگەز، بەربانگ، قەڵای دمدم)، هی چ نووسەرێکن؟

A حاجی جوندی　B عەلی عبدولرەحمان　C عەرەبی شەمۆ　D شوکر مستەفا

9- ڕۆمانی (هەواری و بەهار هات)، بەرهەمی کێیە؟

A عەرەبی شەمۆ　B عەلی عبدولرەحمان　C شوکر مستەفا　D حاجی جوندی

10- ڕۆمانی (خاتێ خانم و گوندی میرخاسان)، بەرهەمی کێیە؟

A عەلی عبدولرەحمان　B حاجی جوندی　C عەرەبی شەمۆ　D شوکر مستەفا

تێبینی/ -بۆچی نووسینی ڕۆمان لای کورد زۆر دواکەوت؟

چونکە ئەو باروودۆخەی بۆ نووسەرێکی تورک، فارس و عەرەب هەڵکەوتووە، بۆ نووسرێکی کورد هەڵنەکەوتووە، هەروەها دەرفەتی چاپکردنیش نەبووە.

- بۆچی ڕۆمانەکانی کوردانی سۆڤیەتی کۆن، کاریەریان لەسەر ڕەوتی گەشەی ڕۆمان لە کوردستان نەبوو؟

-بەشێوەزاری کرمانجی ژوور و پیتی لاتینی نووسراون. – بیروباوەڕی سۆشیالیستی بەسەریا زاڵە. – گێڕانەوەکان وەك داستانە فۆلکلۆرییەکانە و دوورە لە تەکنیکی تازە.

**قۆناغی چەسپاندن**

1-ڕۆمانی (پێشمەرگە) بەرهەمی کێیە؟

A ئیبراهیم ئەحمەد　B شوکر مستەفا　C عەبدوڵا سەراج　D ڕەحیمی قازی

2- ڕۆمانی (پێشمەرگە) لە ساڵی 1960 لە کوێ چاپکرا؟

A بەغدا　B مهاباد　C شام　D تاران

3- چ ڕۆمانێك ناوەرۆکەکەی باسی ڕووداوەکانی کۆماری مهاباد دەکات؟

Aژانی گەل　Bخاتێ خانم　C پێشمەرگە　D بەربانگ

4- ڕۆمانی (ژانی گەل) بەرهەمی کێیە؟

Aئیبراهیم ئەحمەد　Bڕەحیمی قازی　C حسێن عارف　D عەزیزی مەلا ڕەش

5- ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆمانی (ژانی گەل)ی لە ساڵی 1956دا نووسیوە، بەڵام لە بەغدا ساڵی چەند چاپیکردووە؟

A 1972　B 1971　C 1970　D 1975

6- ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی عەرەبی شەمۆ، لەلایەن کێوە کرا بە شێوەزاری کرمانجی خواروو؟

Aخەسرەو جاف　Bشوکر مستەفا　C حسێن عارف　D عەزیزی مەلا ڕەش

-زمانی نووسینی ڕۆمان لەم قۆناغەدا چۆن بووە؟　زمانێکی تۆکمەیە و خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت.

-ڕۆمان لەم قۆناغەدا لە ڕووی ناوەرۆکەوە چۆنبووە؟　کێشەی نەتەوایەتی و خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی هەستپێدەکرێت.

## قۆناغی گەشەسەندن

1-قۆناغی گەشەی ڕۆمانی کوردی کەی دەستپێدەکات؟

Aهەشتاکانی سەدەی بیست　Bحەفتاکانی سەدەی بیست　C سەرەتای سەدەی بیست　D نەوەتەکانی سەدەی بیست

2- ڕۆمانی (شار و ئەندێشەی مرۆڤێك)، بەرهەمی کێیە؟

Aعەبدوڵا سەراج　Bحسێن عارف　C خەسرەو جاف　D ئیبراهیم ئەحمەد

3- ڕۆمانی (کوێخا سێوێ و غەوارە)، بەرهەمی چ نووسەرێکە؟

Aحسێن عارف　Bیەشار کەمال　C د. نافع ئاکرەیی　D عەزیزی مەلا ڕەش

4- ڕۆمانی (کۆدەرە و هیچ)، بەرهەمی چ ڕۆماننووسێکە؟

Aخەسرە و جاف　Bعەزیزی مەلا ڕەش　C حسێن عارف　D محەمەد موکری

5- ڕۆمانەکەی ( عەبدوڵا سەراج)، ناوی چییە؟

Aحەمەدۆك　Bهەڵکشان بەرەولوتکە　C شار　D کۆچی سوور

6- ڕۆمانەکەی (د. نافع ئاکرەیی)، ناوی چییە؟

Aسەگوەڕ　Bغەوارە　C بوهژین　D پەڕ

7- ڕۆمانی ( سەگوەڕ، تۆڵە و هەرەس) بەرهەمی کێن؟ کە لە شاخ بەبێ سانسۆڕ نووسیونی؟

Aمحەمەد موکری　Bحەمە کەریم عارف　C خەسرەو جاف　D یەشار کەمال

8- چ بەرهەمێکی (محەمەد موکری) بە دوو بەرگ چاپبووە؟

Aسەگوەڕ　Bتۆڵە　C هەرەس　D پەڕ

9- ڕۆمانەکەی (حەمە کەریم عارف)، ناوی چییە؟

Aدڵشاد　Bکوێخا سێوێ　C شار　D کۆچی سوور

10- ڕۆمانی ( مرنا کاڵەکی ڕەند و هاوارا دیجلە) لە وڵاتی سوید نووسران کێ نووسەری بوو؟

Aد. نافع ئاکرەیی　Bمحەمەد ئۆزۆن　C عەبدولەجید لوتفی　D ئیبراهیم یونسی

هەواڵنامەی کتێب

11- یەشار کەمال بە چ زمانێك دەنووسێت؟

A کوردی B فارسی C تورکی D عەرەبی

12- ڕۆمانی ( حەمەدۆك، ئەفسانەی چیای ئاگر و کاریتە)، بەرهەمی کێیە؟

A یەشار کەمال B سەلیم بەرەکات C ئیبراهیم یونسی D عەبدولەجید لوتفی

13- ( حەمەدۆك) بە چوار بەرگ نووسراوە، بەرهەمی چ ڕۆماننووسێکە؟

A حسێن عارف B عەزیزی مەلا ڕەش C یەشار کەمال D محەمەد موکری

14- ڕۆماننووس (سەلیم بەرەکات) کوردە و بە زمانی عەرەبی دەنووسێت، بە رهەمەکانی چین؟

A پەڕ و دڵشاد B کۆدەرە و هیچ C شار و ئەندێشەی مرۆڤێك D هەڵکشان بەرەولوتکە

15- ڕۆمانی (ئیبراهیم یونسی)، ناوی چییە؟

A پێشبینی لێزانە فەرەجەکان B دڵشاد C دایکم دووجار گریا D ئەفسانەی چیای ئاگر

16- کام ڕۆمانەی کورد، باسی ئەنفالی گەلی کورد لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەکات؟

A دایکم دووجار گریا B پەڕ C هیچ D غەوارە

هەواڵنامەی کتێب

-ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلا ڕەش) باسی چی دەکەن؟

باسی کێشەی گوند نشینەکان دەکات، بایەخ بە شێوەزاری ناوچەیی جوتیاران دەدات، زمانی ڕۆمانیش پاراوتر و چڕتر کراوەتەوە.

**سەرەتای ڕۆمان/**

| ناوی ڕۆمان | ناوی نووسەر |
|---|---|
| شڤانی کورد، کوردی ئەلەگەز، بەربانگ، قەڵای دمدم | عەرەبی شەمۆ |
| هەواری و بەهارهات | حاجی جوندی |
| خاتێ خانم و گوندی میرخاسان | عەلی عەبدولڕەحمان |

**چەسپاندنی ڕۆمان/**

| ناوی ڕۆمان | ناوی نووسەر |
|---|---|
| پێشمەرگە | ڕەحیمی قازی |
| ژانی گەل | ئیبراهیم ئەحمەد |
| قەڵای دمدم | وەرگێڕانی بۆ کرمانجی خواروو شوکر مستەفا |

### قۆناغی گەشەسەندن/

**یەکەم/ ئەو بەرهەمانەی لە شار نووسراون:**

| ناوی ڕۆمان | ناوی نووسەر | ناوی ڕۆمان | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| شار و ئەندێشەی **مرۆڤێك** | حسێن عارف | کۆدەرە و هیچ | خەسرە و جاف |
| کوێخا سێوێ و غەوارە | عەزیزی مەلا ڕەش | هەڵکشان بەرەولوتکە | عەبدوڵا سەراج |
| بوهژین | د. نافع ئاکرەیی | | |

**دووەم/ ئەو بەرهەمانەی لە شاخ نووسران:**

| ناوی ڕۆمان | ناوی نووسەر |
|---|---|
| سەگوەڕ، تۆڵە و هەرەس | محەمەد موکری |
| کۆچی سوور | حەمە کەریم عارف |
| مرنا کاڵەکی ڕەند و هاوارا دیجلە | محەمەد ئۆزۆن (ئەم بەرهەمەی لە وڵاتی سوید نووسراوە) |

**سێیەم/ ئەو نووسەرە کوردانەی کە بە زمانی (تورکی، عەرەبی و فارسی) دەنووسن:**

| ناوی ڕۆمان | ناوی نووسەر | ناوی ڕۆمان | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| پێشبینی لێزانە قەرەجەکان | عەبدول مەجید لوتفی | دایکم دووجار گریا | ئیبراهیم یونسی |
| حەمەدۆك، ئەفسانەی چیای ئاگر و کاریتە | یەشار کەمال | پەڕ و دڵشاد | سەلیم بەرەکات |

## ڕەوانبێژی

1-ئەو قسە و هۆنراوە ڕەوان و جوان و کاریگەریە، لەگەڵ بارودۆخی گوێگر و هەڵوێستی قسەکردنەکە بگونجێ بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بەڕوونی لە خوێنەر بگەیەنێت و چێژی پێببەخشێ؟

Aڕوونبێژی Bجوانکاری C ڕەوانبێژی D ڕەگەزدۆزی

2- لەو هونەر و دەستوور و بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە مایەی ڕەوانی، جوانی و کاریگەری قسە و پاراستنی لە لێڵی و شلوشێواوی؟

Aزانستی ڕوونبێژی Bزانستی ڕەوانبێژی C هونەری ڕەوانبێژی D زانستی جوانکاری

### لێکچواندن/

1- ئەو هونەرەی ڕەوانبێژییە کە لەسەر بنەمای بەراورد هاتووە، بۆ ڕوونکردنەوە و چەسپاندنی سیفەتی شتێك، ئەو شتە لەگەڵ شتێکی تر وبەراورد دەکرێت، کەسیفەتە مەبەستەکەی تێدا زاڵە؟

Aخواستن Bدژیەك C لێکچواندن D ڕەگەزدۆزی

2- لە لێکچواندندا بابەتی باس پێیدەوترێت؟

Aلێچوو Bلەوچوو C ئەوزار D ڕووی لێکچواندن

3- لە هونەری لێکچواندندا، ئەوەی بۆ بەراورد و ڕوونکردنەوە ناوبراوە، پێیدەوترێت؟

Aلەوچوو B لێچوو C ئەوزار D ڕووی لێکچواندن

4- لە هونەری لێکچواندندا، سیفەتی هاوبەش لە نێوان دوو بنەڕەتەکەدا پێیدەوترێت؟

Aلەوچوو B لێچوو C ئەوزار D ڕووی لێکچواندن

5- لە هونەری لێکچواندندا، ئەو ئامرازەی کە دووبنەڕەتەکە بەیەکەوە دەبەستێ پێیدەوترێت؟

Aڕووی لێکچواندن Bئەوزاری لێکچواندن C لەوچوو D لێچوو

6- کام بنەڕەتەی لێکچواندن لەم هۆنراوەیەدا نییە؟ ئەم کێوم سەرم شاخە هەناسەم نەسیم چاوەکانم مێزەرم تەم

Aئەوزار و لێچوو Bڕووی لێکچواندن و لەوچوو C ئەوزار و ڕووی لێکچواندن D لێچوو و لەوچووی

7- چەند بنەڕەتی لێکچواندن لەم هۆنراوەیەدا هاتووە؟ دڵم هەروەك سەماوەر پڕ لە جۆشە خەریکی سۆز و گریان و خرۆشە

Aدوو بنەڕەت Bسێ بنەڕەت C یەك بنەڕەت D چوار بنەڕەت

**تێبینی**/٭ لێکچوندن چوار بنەڕەتە، وەك (لێچوو و لەوچوو) دووبنەڕەتی سەرەکییە پێویستە هەمیشە هەبێت، هەروەها (ڕووی لێکچواندن و ئەوزار) دووبنەڕەتەکەی ترە.

٭ ئەوزاری لێکچواندن ئەمانەن: (وەك، وەکو، هەروەك، لەودەکا، لەودەچێ، ئاسا، چون، وێنەی، چەشنی و عەینی)

نموونە لەسەر هونەری لێکچواندن/

- دڵم زنجیر ئەکەم ئەمما لە یاری دڵڕوبا چ بکەم ڕەگم ڕیشە وەکو پوشە، لە قوەی کارەبا چ بکەم

-قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت شەرابم عەینی زەهری مارە بێ تۆ

- کوڕ ئاێینەیێ جەماڵێ زاتن کەچ مەزهەرێ پورتەوا صیفاتن

- دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدەبێ باری سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەرەتۆپەڵمە بۆ یاری

- قەلبێ مە شوبهێ زێر ژ فەیزاتە جەلاگرت    ما ڕووسیە ھ و سیفەت ڕەنگی سەدا گرت
- دێ بە تاو ئەشکی دوو چاوم ھەروەکو دیجلە و فوورات    مەزرەعەی غەم سەوزە، تێراوە لەبەر ئەم دوو شتە
- تاکەی چوون مەجنون وێڵی ھەردان بم    تاکەی خەمزەدەی باری ھیجران بم
- لارولەنجەت بەستەیە موسیقایە گۆرانی یە    بەژن و باڵاکەت نموونەی ھەیکەلی یۆنانی یە
- نەیلۆفەر دڵ، تو دل ئافتابی    تەن شبهی کەتان تو ماھتابی

نموونەی تاقیکردنەوە گشتییەکان/

-پێش ئەوەی بگەری بە ئاواتی دێ    ئەکشێتە ناو باخ توولە ماری ڕێ
- کیژۆڵە لە ژێر چیلکە و بارە زەلدا    وەکو نەنکی لێھاتبوو
- وەرە تا عالەمی قەلبت نیشاندەم    کەوا فەقری غینایە مردنی ژین    (لێکچواندن و دژیەکی ئەرێ)
- بووکی ژێر تارای ڕەنگ ئەرخەوانی    شۆخ و شەنك وەك گوڵی بەھاری
- پۆل پۆل نازداران گەردن پڕ خاڵان    ڕوومەت پەڕەی گوڵ باڵا شمشاڵان
- لە ڕووی عەکسی خەیاڵی لەعلی لێوت    دوڕی ئەشکم وەکو مەرجانە ئیمشەو
- قۆڵ و مەچەك ساف و سپی ھەوەك شوشە    سەرپەنجەکان یاقوتێکبوون بە ورشە

ھەواڵنامەی کتێب

## خواستن/

1- ئەو لێکچواندنەیە کە تەنیا یەکێ لە دوو بنەڕەتە بنچینەییەکە هاتبێت، ئەوی تر نەهاتبێت؟

Aلێکچواندن　Bخواستن　C تێهەڵکێش　D جوانی بایس

2- ئەو خواستنەیە کە لە دووبنەڕەتە بنچینەییەکەی لێکچواندن تەنیا (لەوچوو) هاتبێت، (لێچوو) نەهاتبێت.

Aخواستنی درکاو　Bڕەگەزدۆزی تەواو　C خواستنی ئاشکرا　D ڕەگەزدۆزی ناتەواو

3- ئەو خواستنەیە کە لە دووبنەڕەتە بنچینەییەکەی لێکچواندن تەنیا (لێچوو) هاتبێت، (لەوچوو) نەهاتبێت.

Aخواستنی ئاشکرا　Bڕەگەزدۆزی تەواو　C ڕەگەزدۆزی ناتەواو　D خواستنی درکاو

### نموونە لەسەر هونەری خواستن/

-ئیلاهی! نەرگزا مەی مەست و نازك　ژ دەستی خوار و بەدخواهان بپارێز
- وانەزانی دەستی غەم یادت لە دڵدا دەردەکا　ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕنەکا
- لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ　مانگێك هاتەدەر پڕ لە خەت و خاڵ
- شێر لە بێشە دەرپەڕی دەست بە خەنجەر　ڕوو بە ڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنانی
- ئەو هەردوو نیهالی عەرعەرا شەنگ　روو نیشتنی میسالی غەنچە دڵتەنگ
- ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لەبنی بەفری گران　کانی پێی سڕ بوو، چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی
- ئەڵێن ساڵ دوانزە مانگە　من مانگم دی، چواردە ساڵە
- چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند　نەك نەمەك گیربك بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدوان

### نموونەی تاقیکردنەوە گشتییەکان/

-لە دووگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان　بەیانی دا سپێدەی باغی سێوان　(خواستنی ئاشکرا و ڕەگەزدۆزی ناتەواو )
- گوتم ئەی ماهی دڵ خۆت بە دڵی من بگرە　گوتی من بەردی بەقیمەت بە کەبابێ نادەم　(لێکچواندن و خواستنی ئاشکرا)

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەگەزدۆزی/

1-ئەو هونەرەی ڕەوانبێژییە کە دوو وشە یان زیاتر لە شێوەدا، واتە: لە دەنگەکان وەکو یەك وابن، یان لەیەکەوە نزیك بن، بەڵام مانایان جیابێت؟

Aدژیەك    B لێکچواندن    C ڕەگەزدۆزی    D خواستن

2- ئەو وشانەی لە (ژمارەی دەنگ، جۆری دەنگ و ڕیزی دەنگ) و شکڵدا کت و مت بێ جیاوازی وەك یەك وابن، دەبنە چی؟

Aڕەگەزدۆزی ناتەواو    B ڕەگەزدۆزی تەواو    C ڕەگەزدۆزی    D هیچیان

3- ئەو وشانەیە کە لە شکڵدا کت و مت بێ جیاوازی وەك یەك نەبن، جیاوازیان هەبێ بەڵام لەیەکەوە نزیك بن، جیاوازی دەبێت لەیەکێك لەم شتانەدا بێت، لە ژمارەی دەنگ و جۆری دەنگ و ڕیزی دەنگ؟

Aڕەگەزدۆزی تەواو    Bڕەگەزدۆزی    C هیچیان    D ڕەگەزدۆزی ناتەواو

### نموونە لەسەر هونەری ڕەگەزدۆزی/

-ئەگەر خاڵت بلێم مشکی خەتای    عەزیزی من ئەمەم عەینی خەتایە
- بە ئاه و گریان دیسان هاتەوە هەوری نیسان    جگەر پڕ ئاو و ئاور وەك عاشقی بێقەرار
- ئەوەی ڕێی لە کوردان گۆڕی    لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆڕی
- مەعشوق تویی ب فەخر و نازی    عاشق تویی لێك بێ نیازی
- پیری بە تەنیا ڕەحمەتە    پیر و هەژاری زەحمەتە
- یەك زێدە شیرین زیادە مەحبوب    یەك ڕووحی قلوب حووری مەقلوب
- ئەی خامە تەژی گەلەك درێژ کر    ئەڤ نامە بەسە تەپر قرێژ کر
- بانەچێتە لای ڕەقیبان، یان ئەنیسی خانە بێ    لازمە ئەو ئاسکە لەلانەبێ لەولا نەبێ
- شکانیان کەمانچەی دەستم    بەڵام زوو فریاکەوت هەستم
- گوڵ لەناو باخا پێکەنی تا ڕۆژهەڵات    گوڵ لە ناو ماڵی منا پێ ی پێکەنی تا ڕۆژهەڵات
- قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیکا کاڵ    ئەی گوڵە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ
- ئێمە هەرچەندە کە قەومێکی زۆرین    بەڵام چونکە قەومێکی خۆخۆرین    بۆیە دائیما وا لە ژێر دەستی زۆری

### نموونەی تاقیکردنەوە گشتییەکان/

-ملی ڕێ بگرە و برۆ بۆ بەرزی    یاسەرداریە یاسەرداریە
- هەندێك یارانی زۆر ژیر و دانا    ڕێی کارسازییان بەم ڕەنگە دانا
- هەریەم بە ڕەنگێ مەرامی پێتە    گیانیان بەدیاری خاکی بەرپێتە
- نیگار شین پۆشە بۆیە ئاسمانیش    هەمیشە ڕەنگی شینە وا دەکا شین    (ڕەگەزدۆزی و جوانی بایس)
- گەر مەی تێکەڵێ لە گەرما گەر ما    بۆ سەرما بکێشێ بە سەرما    (ڕەگەزدۆزی تەواو و دژیەکی ئەرێ)
- جا چلۆن دڵ بە خەم نەبێت نەگرین    جا چلۆن کۆڕی شیعری بۆ نەگرین
- لە لاپاڵی کێو قاسپەی کەو ئەهات    بەبێ کەوش کەوتمەڕێی هات و نەهات    (ڕەگەزدۆزی ناتەواو و دژیەکی نەرێ)
- بە زستان دڵشکستەی بەرد و سەرمام    بە هاوین جەستە خەستەی دەرد و گەرمام    (ڕەگەزدۆزی ناتەواو و دژیەکی نەرێ)
- داخی حەسرەت نەخشی گرت لە تەختی سینەما    بۆ ئەوانەی ڕا ئەکەن سەربەست ئەچن بۆ سینەما

هەواڵنامەی کتێب

## دژیەك/

1-دوو وشە دژ و پێچەوانەی یەك بن لە واتادا؟

Aخواستن　　Bدژیەك　　C جوانی بایس　　D ڕەگەزدۆزی

2- وشەكان هەریەكەیان لەڕەگەزێكی سەربەخۆبن، بەڵام لە ماناکدا دژ و پێچەوانەی یەك بن؟

Aدژیەكی نەرێ　　Bڕەگەزدۆزی　　C دژیەكی ئەرێ　　D هیچیان

3- دوو وشە بە نەفی یان نەهی بووبن بە دژیەك؟

Aدژیەكی نەرێ　　Bدژیەكی ئەرێ　　C لێكچواندن　　D هیچیان

### نموونە لەسەر هونەری دژیەك/

| | |
|---|---|
| -مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان | چۆن قازانج ئەكەی تا نەكەی زیان |
| - چ ڕووناكی بێ، چ تاریكی، چ نزمی بێ یان بەرزی | بەخۆشی بێ وەیا تاڵی، هەمووی ئەڕوا لەسەر ئەرزی |
| - ئەی كوردی جەفادیدە، بەسە قەیدی ئەسارەت | نادان بە كوتەك حاڵی دەبێ، دانا بە ئیشارەت |
| - گەلێك ڕۆژگاری تاڵ و شیرینم ڕابوارد ئاخۆ | مەرگ مەودا دەدا، ببینم سەردەمێكی تر |
| - ئەوەی ڕزقی موقەڕەرە بۆ خۆی دێ | سەد دەفعەبخوازێ یا نەخوازێ |
| - یارم لە ئەندەروون هات، دەستی ڕەقیب لە دەستا | غەمناك و شادمانم، ڕەحمەت عەزابی هێنا |
| - نێرگزێن شەنگ و مەستن چەپ و ڕاست | ساقیا جام و دەستن چەپ و ڕاست |
| - دژمن ل مەشانە دۆست غەمگین | فەرزە مرنا چەكۆ و تاجدین |
| - ئەگەر دۆستم ئەگەر دوژمن بزانم | ئەوەندەم تێگەیەنە كامیانم |

### نموونەی تاقیكردنەوە گشتییەكان/

| | | |
|---|---|---|
| -مەشرق توی ئاگری تە زاهیر | مەغرب ئەز و باتنی من ئاگر | (دژیەكی ئەرێ) |
| - دەستی دۆستان لە خەنە بگرە | دەستی دوژمنان ماری پێ بگرە | (دژیەكی ئەرێ) |
| - هەتاوی نەورۆز مانگی جۆ دڕەو | زۆر هاتوون و چوون بە ڕۆژ و بەشەو | (دژیەكی ئەرێ) |
| - ئەڤ هیجر و ویساڵ و شاهی غەم | ئەڤ مەوت و حەیات و سوور ماتەم | (دژیەكی ئەرێ) |
| - من مەحكومی چەرخ، تۆ مەحكومی من | ژیان گیرۆدەی دۆستی دڵ دوژمن | (دژیەكی ئەرێ) |
| - لە گریەی زۆری من خەندەی كەمی تۆ | هەموو دنیا بۆتە شین و ڕۆڕۆ | (دژیەكی ئەرێ) |

## جوانی بایس/

1-دیاریدەیەك هۆی دروست و ڕاستەقینەی خۆی هەبێت، ئەو هۆیە بخرێتە لاوە، بۆ جوانكردن و ڕازاندنەوەی شیعرەكە، هۆیەكی هونەرمەندانەی بۆ درووستبكرێت، كە زۆر دووربێت لە هۆیە درووست و ڕاستەقینەكەی خۆی؟

Aدژیەك Bتێهەڵكێش C جوانی بایس D لێكچواندن

### نموونە لەسەر هونەری جوانی بایس/

-مانگی نەو بۆیە هەموو شەو زیاد ئەكا و ئەشنێتەوە
تا جوانی خری وەكو تۆ بڕازێنێتەوە

كاتێ گەییە چواردەمین شەو تێ ئەگا ناگا بە تۆ
جا لە داخا وردە وردە كز ئەبێ و ئەتوێتەوە

-لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەر وەكو شێت
بە ڕوو زەردی هەڵهات و كەوتە كێوان

- شەماڵ لە ترسی شنەی نسێی سەخت
پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە

- نارنج و تورنج شوبهی زینێ
زەربوێ ل عیللەتا ئەڤینێ

- لە لێواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون
ساوان ئەلەرزن لە تاو نوقمبوون

- پەڵەی گوڵاڵە لە ترسی چنوور
ناوجەرك سووتا و ڕەش هەڵگەڕاوە

- خوێنی پاكی لاوی كوردانە ڕژاوە كێو و كەژ
بۆیە وا ئێستا كە سوورە، ڕەنگی گوڵناری هەیە

### نموونەی تاقیكردنەوە گشتییەكان/

-لە باخ و چڕ ئەوەی دار و درەختە
هەموو زەردن لەترسی هێرشی شەختە

- وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

هەواڵنامەی كتێب

## تێهەڵكێش/

1-شاعیر یان نوسەر، نیو دێڕ، یان دێڕێك یان سەراپای هۆنراوەیەك، یان پەندێك، یان ئایەتێك، یان فەرمودەیەك، یان قسەیەكی نەستەق بێ دەستكاری و وەربگرێت و لەناو دووكەوانەدا بیخاتە ناو بەرهەمەكەی خۆیەوە؟

A جوانی بایس B تێهەڵكێش C لێكچواندن D ڕەگەزدۆزی

نموونە لەسەر هونەری تێهەڵكێش/

-بۆ فەلەك ناكەم تەنەزوول هەروەكو نوری دەڵێ (من بە چەرخی ئاسمان سپڵە ئیستیهزا ئەكەم)

- دەمێ كۆچبارەكەت ناچێ لە یادم دەبێ وەك كوشتمت بشپرسم دادم

(كە بارگەت تێكنا عەزیزم شكا ئەستوندەگی تاوڵی مرادم)

-بۆچی فەرمویەتی نەبی ئەمین (اگلبوا العلم ولو بالصین)

- گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە (بەردیش لەجێی خۆیا سەنگینە)

- ڕۆژێ فەرمووت (لیس للانسان الا ما سعی) هیچ كەسیش هێزی فەلاح ئیش كێڵانی نییە

- لە دوو ئاوان كە یەكدەگری دوو میسرەعی بەیتی مەولەوی

(سیروانم ئەم چەم تانجەرۆ ئەو چەم بدەن بەیەكدا ئەم چەم بۆ ئەو چەم)

-سەیركە ئەڵێی خوێنی ڕژاوی گەشی تۆیە (سیروانی سروشكم كە ئەكا هاژە لەسەردا)

- تا نەتناسی ئایەت و سەعاتی ئەوقاتی دوعا فائیدەچی (ربنا انزل علینا مائدە)

- قەدری میللەتان بەجارێ شكان نەحەیاتان ما نە ناونیشان

باری تەعنەتان واهاتە سەرشان

(وەفدی كوردستان میللەت فرۆشان هەرزە وەكیلی شاری خامۆشان)

نموونەی تاقیكردنەوە گشتییەكان/-لە ڕووی ئەو ماهەدا وەستام بە نائومێدی و غەمباری (شكاندی پەنجەكەم تا من نەنووسم وەسفی ڕووخساری)

- لاوی كورد مەردە لە مردن قەتعییەن باكی نییە پەندی پێشینان ڕاستە (بەرخی نێر بۆ سەرِبرینە)

هەوراز مەدی كتێب